

# سەرۆک مسعود بارزانی سیمبۆڵی پێشمەرگایەتی و بەرخودانی نەتەوەیی





غەفوور مەخمووری*

*تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بۆ لە گۆڕنانی پیلانی گڵاوی پیلانگێڕان هەر زوو سەرۆك مسعود بارزانی وەکو پێشمەرگەیەك چووە سەنگەری بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی کوردستان و لە بەرەکانی شـــەڕدا مایەوە، بێگومان ئامادەبوون و مانەوەو شەونخوونی بەردەوامی سەرۆك بارزانی بە خۆی و کوڕ و برا و خزم و کەسوکارەکانیەوە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی کوردستان، مۆراڵی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی بەزرکردۆتەوەو جیهانیشی سەرسام کردووە، ئەوە پەیامێکە بۆ هەموو جیهان کەوا گەلی کوردستان بە سەرۆك و خەڵکەوە پێشـــمەرگەن و چیدیکە زوڵم و ژێر دەســـتەیی قبووڵ ناکەن، ســـەیرکردنی هەموو بەرەکانی شـــەڕ بەیەك چاو لەلایەن سەرۆك بارزانی ئەوە وەدەردەخات کە جەنابیان پێشمەرگەی نەتەوەیە و ئامادەیە بەرەڤانی لە هەر بستە خاکێکی ئەم کوردستانە بکات.

ســـەرۆك بارزانی لە دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدوای چارەسەری پرسی ڕەوای گەلی کوردستانەوەیەو هەوڵی بۆ دەدات، ئەو هەوڵانەی سەرۆك بارزانی بووە پەیامێك بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە تاکە چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد دیاریکردنی مافی چارەنووسە لەلایەن گەلی کوردستانەوە، هەر کاتێکیش کورد ئازادانە بڕیار لە چارەنووســـی خۆی بدات، بڕیار لەســـەر سەربەخۆیی کوردستان دەدات.

**ئامادەبوون و مانەوەو شەونخوونی بەردەوامی سەرۆک بارزانی بە خۆی و کوڕ و برا و خزم و کەسوکارەکانیەوە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی کوردستان، مۆراڵی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی بەرزکردۆتەوەو جیهانیشی سەرسام کردووە**

**ئەو هێرشەی تیرۆریستان بۆسەر کوردستان بۆ هەموو لایەکی دەسەلمێنێت کەوا تا ئێستاش گەلی کوردستان مەترسی جینۆساید و قڕکردنی لەسەرە، بۆیە ئەم واقیعە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەکات کەوا جددیانەتر بیر لە چارەسەری ریشەیی پرسی گەلی کوردستان بکەنەوە**

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو بە خاك و خەڵکەوە لە ژێر هەڕەشەی جینۆسایدو قڕکردندا بووە، ئەمەش وایکردووە کەوا رۆڵەکانی بەردەوام لە پێناو مانەوە لە تێکۆشان و بەرخودانداا بن، مێژووی کورد کارەسات و بەرخودان و کەوتن و هەڵسانەوەیە، دوای هەر کەوتنێك کورد بە گوڕ و تینێکی نوێوە هەڵساوەتەوەو، درێژەی بە بەرخودانی خۆی داوەتەوە، لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، گەلی کوردستان بە گوڕوتینێکی نوێوە هاتەوە کۆڕی خەبات و درێژەی بە بەرخودانی نەتەوەیی خۆیدا. لە دوای کارەساتی ئەنفالەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ گەلی کوردستان جارێکی دیکە کەوتەوە بەرخودان و سەرهەڵدانی بەهاری ١٩٩١ ی لە مێژوودا تۆمارکرد، ئەمەش بووە هۆی لەدایکبوونی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، ئەو ئەزموونەش لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا بۆ هەموو جیهانی سەلماند کەوا ئەگەر بوار بە گەلی کوردستان بدرێت، دەتوانێت خۆی بەڕێوە ببات و دەوڵەتداری بکات، لەبەر ئەوەی کورد لە رابردوودا خاوەن دەسەڵات و شارستانییەت و کەلتووری خۆی بووەو بەشدارییەکی کارای هەبووە لە بیناکردنی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و ناوچەکەدا، ئەگەر بواری ئەوەی پێبدرێت ببێتە خاوەن کیانی نەتەوەیی خۆی بە دڵنیاییەوە لە داهاتووشدا رۆڵێکی کاراتر دەگێڕێ لە پاراستن و پێشڤەبردنی شارستانییەتی ناوچەکە و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا، بە حوکمی ئەوەی کورد نەتەوەیەکی لێبوردەیە، باوەڕی تەواوی بە بەیەکەوەژیانی ئەو نەتەوانە هەیە کە لەگەڵیدا دەژین، ئەمەش وایکردووە هەموو کات ئەو شوێنانەی کەوا لەژێر دەسەڵاتی کورددا بوون، ببنە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەوانەی هەڕەشەیان لەسەرە، ئەوە لە قۆناخی خەباتی شاخ، لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ یشدا، کە بووینە خاوەن پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، وەك هەمیشە کوردستان بە پەناگەی ئارامی ئازادیخوازان مایەوە، ئەو لێبوردەیی و گیانی بەیەکەوە ژیانە وایکردووە کوردستان رۆژ بە رۆژ بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت و گەشە بکات.

پێشڤەچوونەکانی گەلی کوردستان بەردەوامن و بەهیچ هەڕەشەیەك ناوەستن، دوژمنان و ناحەزانی گەلی کوردستان بۆ وەستاندنی پێشڤەچوونەکانی پرسی کورد بەردەوام لە پیلانگێڕیدان، لەگەڵ هەر پێشڤەچوونێکی گەلی کوردستان هەوڵیانداوە پیلانێکی بۆگەن دابڕێژن، هێرشەکانی ئەم دواییەی رێکخراوی تیرۆریستی بەناو (دەوڵەتی ئیسلامی) ناسراو بە (داعش) لە چوارچێوەی ئەو پیلانانەدان کە لە دژی کورد دادەڕێژرێن، ئەوەش لەو کاتەوە هات کەوا سەیریان کرد گەلی کوردستان خەریکە بە خەونی نەتەوەیی خۆی دەگات، کە ئەویش راگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، ئەم پرسەش لەلایەن کەسایەتییەك باسدەکرێ کە خاوەن ئیرادە و بڕیاری خۆیەتی، سەرۆك مسعود بارزانی وەك کاریگەرترین کەسایەتی ناوچەکە کە باس لەم پرسە دەکات، بە باوەڕو ئیرادەوە باسی دەکات و کاریش بۆ سەرخستنی دەکات، سەرۆك بارزانی لە دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدوای چارەسەری پرسی رەوای گەلی کوردستانەوەیەو هەوڵی بۆ دەدات، ئەو هەوڵانەی سەرۆك بارزانی بووە پەیامێك بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە تاکە چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد دیاریکردنی مافی چارەنووسە لەلایەن گەلی کوردستانەوە، هەر کاتێکیش کورد ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، بڕیار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەدات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش باش هەستی بەمە کردووە کە بەبێ چارەسەری بنەڕەتیی پرسی کورد زۆر زەحمەتە رۆژهەڵاتی ناڤین هێمنی و ئارامی بە خۆیەوە ببینێت، بۆیە ماوەیەکە چارەسەری ریشەیی پرسی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەلایەن زۆر کەسایەتی گرنگ و ناوەندی نێودەوڵەتی باسی لێوەدەکرێت و بە شێوەیەکی ئاساییش وەردەگیرێت، بڕیاری دیاریکردنی مافی چارەنووس لەلایەن کوردەوە واتە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش واتە سەقامگیربوونی هێمنی و ئارامی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا، لەو روانگەوەی کە کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی رەوای خۆیەتی سەربەخۆ بێت و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبیت، زۆر ناوەندو کەسایەتی جیهانیش بەبایەخەوە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەیان کرد و، پشتیوانی خۆیان بۆ هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی راگەیاند.

عەقلییەتی (شۆڤێنی عەرەبی و پەڕگیری ئایینی) توانای هەرسکردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستانیان نییە، بۆیە کەوتنە پیلانگێڕان و هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی گەلی کوردستان و، لەرێگەی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بەرەیەکی فراوانی شەڕیان لە دژی گەلی کوردستان کردەوە، بێگومان رێکخراوی تیرۆریستی داعش کە ئەمڕۆ شەڕی کوردستان دەکات، هەمان عەقڵییەتە کە لە مێژووی کۆن و نوێدا کوردستانیان ئەنفال و تاڵان کرد، ئێستاش بەهەمان عەقڵییەتەوە هێرشیان هێناوەتەوە سەر کوردستان، بەڵام دەبێ ئەوە باش بزانن کە ئەمجارەیان بەرخودانی گەلی کوردستان بە رێبەرایەتی پێشمەرگەی نەتەوە سەرۆك مسعود بارزانی خەونی دوژمن و ناحەزان لە گۆڕ دەنێ و خەونی نەتەوەییمان دێنێتەدی. ئەو هێرشەی تیرۆریستان بۆسەر کوردستان بۆ هەموو لایەکی دەسەلمێنێت کەوا تا ئێستاش گەلی کوردستان مەترسی جینۆساید و قڕکردنی لەسەرە، بۆیە ئەم واقیعە کۆمەڵگای

نێودەوڵەتی ناچار دەكات كەوا جددیانەتر بیر لە چارەسەری ریشەیی پرسی گەلی كوردستان بكەنەوە، چارەسەری ریشەییش بۆ ئەم پرسە واتە راگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم شەڕە شەڕی سەربەخۆیی كوردستانە.

بۆ لە گۆڕنانی پیلانی گڵاوی پیلانگێڕان هەر زوو سەرۆك مسعود بارزانی وەكو پێشمەرگەیەك چووە سەنگەری بەرگریكردن لە خاك و خەڵكی كوردستان و لە بەرەكانی شەڕدا مایەوە، بێگومان ئامادەبوون و مانەوەو شەونخوونی بەردەوامی سەرۆك بارزانی بە خۆی و كوڕ و برا و خزم و كەسوكارەكانیەوە لە سەنگەرەكانی پێشەوەی بەرگریكردن لە خاك و خەڵكی كوردستان، مۆراڵی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستانی بەرزكردۆتەوەو جیهانیشی سەرسام كردووە، ئەوە پەیامێكە بۆ هەموو جیهان كەوا گەلی كوردستان بە سەرۆك و خەڵكەوە پێشمەرگەن و چیدیكە زوڵم و ژێر دەستەیی قبووڵ ناكەن، سەیركردنی هەموو بەرەكانی شەڕ بەیەك چاو لەلایەن سەرۆك بارزانی ئەوە وەدەردەخات كە جەنابیان پێشمەرگەی نەتەوەیە و ئامادەیە بەرەڤانی لە هەر بستە خاكێكی ئەم كوردستانە بكات، سەرۆك بارزانی بەردەوام لە خەمی خاك و خەڵكدایە، بۆیە كاتێ كە تیرۆریستان هێرش دەكەنە سەر كوردستان، بۆ پاراستنی خاك و خەڵكی كوردستان دەبێتەوە پێشمەرگەكەی جاران و، لەهەمان كاتدا بۆ بەهاناهاتن و پاراستنی گەلی كوردستان دەكەوێتە پەیوەندكردن بە وڵاتە بڕیار بەدەستەكانی جیهان، ئەم پەیوەندییانەش وایانكرد بەپەلە گەورەترین زلهێزی جیهان كە ئەمریكایە بە پیر داخوازییەكەی (سەرۆك بارزانی)یەوە بێت و دواتر هاوپەیمانێتییەك بۆ شەڕی تیرۆریستان پێكبهێندرێت، بێگومان ئەوەش هەروا سانا نییە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حەكیمانەو پەیوەندی راستگۆیانەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە بایەخ وەرگرتنی داخوازی سەرۆك بارزانی لەلایەن ئەمریكا و وڵاتانی هاوپەیمانی، دۆستانی دڵخۆش و دوژمن و ناحەزانیشی بێئومێد كرد، لێرەوە دەبێ هەموو لایەك ئەو راستییە بزانن كەوا بارزانی چ وەك كەسایەتییەكی شۆڕشگێڕ و چ وەكو رێبەری گەلی كوردستان، كەسایەتییەكی گوێ لێگیراو و حیساب بۆكراوە لەلایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، ئەوەش شانازییەكی گەورەیە بۆ گەلی كوردستان، كەوا كەسایەتییەكی وەكو بارزانی رێبەرایەتی دەكات.

سەرەڕای وەدەستهێنانی پشتیوانی نیودەوڵەتی بۆ پاراستنی كوردستان لە هێرشی تیرۆریستان، خۆیشی لە جیاتی كۆشكی سەرۆكایەتی سەنگەری پێشمەرگایەتی هەڵبژارد و، چووە بەرەكانی شەڕەوە، مانەوەی سەرۆك بارزانی بۆ ماوەیەكی زۆر لە بەرەكانی شەڕ لە زوممار و شنگال و رەبیعە و ئامادەبوون و سەردانە بەردەوامەكانی بۆ بەرەكانی شەڕ لە كەركووك و مەخموور و گوێڕ و خازر و خانەقین و شوێنەكانی دیكە و ناردنی هاوكاری سەربازی و مرۆیی و هێزی پێشمەرگە بۆ رۆژئاوای كوردستان بۆ بەرگریكردن لە كۆبانێ، لە كاتی خۆیدا بارزانی نەمر بۆ پاراستنی كۆماری دیموكراتی كوردستان چووە مەهاباد، ئەوا لە ئێستاشدا سەرۆك مسعود بارزانی بۆ پاراستنی كۆبانێ پێشمەرگە دەنێرێتە رۆژئاوای كوردستان، ئەو راستییانە سەلمێنەری ئەوەن كەوا سەرۆك بارزانی سەرۆك و پێشمەرگەی نەتەوەیە و لەسەر هەمان رێبازی نەتەوەیی بارزانی نەمر دەڕوات، لەهەمان كاتدا لە زۆربەی لێدوانەكانیدا كە ئاماژە بەوە دەكات «ئێمە سنوورێكی فراوان و بەرەیەكی فراوانی شەڕمان لەگەڵ تیرۆریستان هەیە « لە كۆبانێوە تا خانەقین و جەلەولا»، بەكارهێنانی دەستەواژەی «لە كۆبانێوە تا خانەقین» بەیەك چاو سەیركردنی هەموو كوردستانە، نەناسینی سنوورە دەستكردەكانە، بە نەتەوەییكردنی بەرخودانی گەلی كوردستانە، كاتێ سەرۆك بارزانی لە مەخموور لەیەك كاتدا هەم سەردانی پێشمەرگە و هەم سەردانی گەریلاكانی هێزی پاراستنی گەل HPG دەكات، لەهەمان كاتدا دەستپێشخەری و كاركردنی بەڕێزیان بۆ لەهەڤهاتنی لایەنە سیاسییەكانی رۆژئاوای كوردستان و بەدەستهێنانی (رێككەوتننامەی دهۆك) بۆ رێكخستنەوەی ناو ماڵی رۆژئاوای كوردستان كە بووە دەستكەوتێكی گەورە بۆ گەلی كوردستان، ئەو راستییانە نیشانی هەموو لایەكی دەدەن كە بەڕێزیان نەتەوەییانە بیردەكاتەوە و هەڵسوكەوت دەكات، بۆیە پێویستە ئەم هەنگاوانە بە بناخەیەكی پتەوی یەكێتی نەتەوەیی دابنێین و پشتیوانی سەرۆك بارزانی بین بۆ پێشڤەبردنیان، بێگومان ئەو هەڵوێست و سیاسەتە حەكیمانەی سەرۆك بارزانی و بەرخودانی پێشمەرگە قارەمانەكان وایانكردووە كە كوردستان ببێتە ژمارەیەكی بەهێزی نێو هاوكێشە سیاسی و سەربازییەكانی رۆژهەڵاتی ناڤین و لە زۆر لاوەش بەبایەخەوە سەیر بكرێ و حیسابی تایبەتی بۆ بكرێت.

سەرۆك بارزانی بە كردەوە سەلماندی كەوا هەر پێشمەرگەكەی جارانە و سەرۆكایەتی لای جەنابیان پێشمەرگایەتییە و پێشمەرگایەتیش سەرۆكایەتییە، ئەمەش وادەكات كەوا بڵێین: سەرۆك بارزانی واتە پێشمەرگەی نەتەوە و سیمبۆڵی بەرخودانی نەتەوەیی.

***

*** سكرتێری گشتیی یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان YNDK**

**سەرۆک بارزانی لە دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدوای چارەسەری پرسی رەوای گەلی کوردستانەوەیەو هەوڵی بۆ دەدات، ئەو هەوڵانەی سەرۆک بارزانی بووە پەیامێک بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە تاکە چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد دیاریکردنی مافی چارەنووسە لەلایەن گەلی کوردستانەوە**

**ماوەیەکە چارەسەری ریشەیی پرسی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەلایەن زۆر کەسایەتی گرنگ و ناوەندی نێودەوڵەتی باسی لێوەدەکرێت و بە شێوەیەکی ئاساییش وەردەگیرێت**



**مایکل نایت**
**بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی عێراق لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:**

# دیمەنێکی مەزن بوو کاتێک بینیمان سەرۆک بارزانی پێشوازی لە پاڵەوانەکانی کۆبانێ کرد

پرۆفیسۆر مایکل نایت بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی عێراق و کوردستانە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك و زۆر بە وردی و چڕی لەسەر بارودۆخی کورد و کوردستان و عێراق و تورکیا کاردەکات، لەمەش زیاتر پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی کوردستان و عێراق و هەروەها بەرپرسانی ئەمریکا لە کوردستان و عێراق هەیە، زۆر جاریش لەکاتی سەردانی شاندەکانی کوردستان بۆ ئەمریکا پرۆفیسۆر نایت و پرۆفیسۆر دیڤید پۆلۆك لە ئامۆژگای واشنتۆن میوانداری شاندەکانی کوردستان دەکەن و لەسەر پرسی کوردستان سیمیناریان بۆ گرێدەن، هەر لەماوەی چەند مانگی رابردوو، دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە ئەم ئامۆژگایە میوانداری هەردوو بەڕێزان د.فوئاد حوسین سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و فەلاح مستەفا سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد و سیمنارێکی فراوانیان لەسەر پرسی کوردستان دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە بۆ گرێدان، بایەخدانی پرۆفیسۆر نایت بە پرسی عێراق و کوردستان بۆ پێدانی راوێژە بە ئیدارەی ئەمریکی بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق، هەر بۆیە گوڵان بە گرنگی زانی لەسەر رێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان بەغدا و هەولێر و پرسی پڕچەککردنی پێشمەرگە ئەم وتوێژە فراوانە لەگەڵ پرۆفیسۆر مایکل نایت ئەنجامبدات، ئەمەش دەقەکەیەتی.

## کوردستان هەر ئەمساڵ نەوت دەداتە عێراق و لە ٢٠١٦ خۆی نەوت هەناردە دەکات و دەیفرۆشێت

## ئەڵمانیا و ئەمریکا کەلوپەل و مەشق بۆ پێنج فیرقەی پێشمەرگە دابین دەکەن

## بنکەیەکی دیکەی سەربازی ئەمریکا لە نزیک حەریر دەکرێتەوە

*** دەمانەوێت لەبارەی ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە پرسیار بکەین کە هەردوولا لەسەر هەناردەکردنی نەوت و دابەشکردنی داهاتەکەی گەیشتنە ڕێککەوتن، چۆن سەیری ئەم بەرەوپێشچوونە دەکەن؟**

- پێموایە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان بەغدا و هەولێر شتێکی زۆر ئیجابییە و زۆر لە چاوەڕوانیدا بووین بۆ ئەم ڕێککەوتنە کە ماوەیەکی دوور و درێژی خایەند، بەڵام ئەمە تەنها سەرەتایە، ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنە لە چوارچێوەی بودجەی ٢٠١٥دا دەبێت، بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوی یەکەمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا.

**ئەمریکا وردە وردە هاوکارییە سەربازییەکانی خۆی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان زیاد دەکات**

*** ئایا تا چەند ئومێدی ئەوە هەیە ئەم ڕێککەوتنە لە بودجەی ٢٠١٥دا جێگیر بکرێت؟**

- بڕیاردەرە سەرەکییەکانی حکومەتی عێراقی، حەیدەر ئەلعەبادی سەرۆك وەزیران و عادل عەبدولمەهدی وەزیری نەوت، کۆششێکی زۆریان کردووە بۆ گەیشتن بەم ڕێککەوتنە، باوەڕم وانییە ئەم کارەیان کردبێت و بیانەوێت شکست بهێنێت. یان بەوەی لە بودجەی-٢٠١٥دا-جێگیر نەکرێت، لەبەر ئەوە پێموایە دەرفەتی باش هەیە بۆ ئەوەی لە بودجەی ٢٠١٥دا بنووسرێتەوە بە شێوەیەك کە مرونەتی تێدابێت، بە تێڕوانینی من دەرفەتی باش هەیە بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٥دا جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٥ـەوە و لە ساڵی ٢٠١٦ و لە ٢٠١٧دا کەیسێکی جیاواز دەبێت، ئایا حکومەتی فیدراڵی و کوردەکان ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی ئەمە لە بەرژەوەندی هەردوولادایە، یاخود کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوت هەناردە دەکەن لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا.

**هێزی بەدر کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییەکی بەهێزی دەکرێت، مایەی نیگەرانی دەبێت بۆ کورد ئەگەر هاتوو لە دەوروبەری کەرکووک جێگیر بکرێن**

*** بەم دواییە بەرەوپێشچوونی تواناکانی پێشمەرگەمان بینی لە شەڕکردنیدا لە دژی داعش، ئایا تا چەند ئەمە داینامیکیەتی شەڕەکەی گۆڕیوە؟**

- من هەمیشە و لە سەرەتاوە وتوومە کە هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر داعش کوردە، ئەویش لەبەر هۆکاری جوگرافی، کورد نزیکن لە پایتەختی داعشەوە، واتە موسڵ، هەروەها سنوورێکی دوور و درێژیان هەیە لەگەڵ داعشدا، لە هەمان کاتدا لە پێگەیەکی زۆر باشدان بۆ هێرشکردنەسەر داعش هەم لە عێراق و هەم لە سووریا. دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەمان بیرکردنەوەی هەیە، کە کوردستان بۆتە بژاردەی زۆرێك لە شەریکەکانی نێو هاوپەیمانێتییەکە لە ڕووی بەکارهێنانی بنکەکانەوە، ئەم کارە لە ڕێی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دەکەن، یان دەیانەوێت لە ڕێی بنکەی ئاسمانی باسترمە نزیك هەریرەوە ئەنجامی بدەن، لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی ئەم کارە لە کوردستان مەترسی نییە، هەروەها پێشوازییان لێدەکرێت و نزیکن لە دوژمنەوە. لەبەر ئەوە پێموایە کورد ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە هەم لە کۆبانێ و هەروەها لە عێراقیش، چونکە ئەگەر هەوڵی بڕینی سنوورەکە بدرێت لەگەڵ سووریا، ئەوا تەنها کورد دەتوانێت ئەو کارە بکات، لە سەرەتادا لە ڕەبیعەوە بۆ شنگال. بە هەمان شێوە لە دەوروبەری موسڵیشدا کوردەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە ئۆپەراسیۆنەکەی سەر موسڵدا لە ڕووی تەنگ پێهەڵچنینی داعشەوە لە موسڵ و لە ڕووی دابینکردنی بنکەوە بۆ چەند میلیشیایەکی عەرەبی دیاریکراو کە گرێدرابێتن بە (نوجەیفی) یەوە، وەك هێزی ڕزگارکردنی موسڵ، کە ئەو هێزانە لە ئێستادا لە سایەی پارێزگاری کورددا مەشقیان پێدەکرێت. شتێکی دیکە بڵێم لەبارەی پێشمەرگەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم شەڕە قازانجی زۆری پێشمەرگەی تێدا بوو، ڕاستە تا ئێستاش شەڕێك بووە باجێکی زۆری بۆ دراوە، زیاتر لە چەند سەد پێشمەرگە شەهید بوون، کە دەبێت قوربانییەکانی ئەوانمان لە یاد بێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەمە ئەزموونێك دەبێت کە ئاڵ و گۆڕ بەسەر پێشمەرگەدا دەهێنێت، چونکە ڕەنگە لە کۆتاییدا و لە دوای ئەم شەڕەوە یەکەکانی پێشمەرگە لە سایەی وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکبخرێن، ئەوەش شتێکی باش دەبێت، بە مانای ئەوە دێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانێت هاوکاری بنێرێت بۆ پێشمەرگە، تا ئێستا چەکەکان لە ڕێی بەغداوە ڕەوانە دەکرێت کە لەوێ دەپشکێندرێن و دواتر بەرەو هەولێر ڕەوانە دەکرێن و ڕێگری لە هاتنی هیچ چەکێکیش نەکراوە. کە دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگەدا دەکات، لە ماوەی سێ مانگی داهاتووش ٣٠ هەزار پێشمەرگە تەواوی چەك و تفاقیان بۆ دابین دەکرێت لەلایەن هەردوو حکومەتی ئەڵمانیا و ئەمریکاوە، ئەوەش دەکاتە چوار بۆ پێنج فیرقە کە تەواوی قەڵغان و جیهاز و ئۆتۆمبێلی تاکتیکی و لە هەندێ حاڵەتیشدا چەکی قورسیان بۆ دابین دەکرێت، کە بۆ پێشمەرگە ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە.

*** ئایا تا چەند بەرەوپێشچوونی تواناکانی کورد بۆ هەناردەکردنی نەوت و دابینکردنی داهات کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی هاوکیشەی هێز لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا؟**

- دوایین شت دەربارەی پێشمەرگە دەڵێم، پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە. ئێستا مانگانە ١٠٠ ملیۆن دۆلار لە مووچەی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە

دەدرێت، کە ئەمــەش بەرەوپێشــچوونێکی گەورەیە و لە یادمکرد ئاماژەی پێ بکــەم. کە ئومێدەکە ئەوەیە ئەمە هەنگاوێکی ئیجابی بێت. بە گەڕانەوە بۆ پرسی هەناردەکردنی نەوت و دابەشکردنی داهات، پێموایە ئەم پایزە کوردەکان مانۆڕیکی سیاسی کارایان ئەنجامدا و ســەرکەوتووش بوون، چونکە ئەو مشــت و مڕە لە نێو کوردەکانــدا هەبوو کە دوای گەمارۆی ئابووری بەغدا هەنگاوی داهاتوومان چی دەبێت و چۆن بە بێ داهاتی بەغدا رزگارمان دەبێت، بەڵام لە ئێستادا یەکگرتوویەکی زۆر هەیە لەو پرسەدا. پێموایە نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی و ئاشــتی هەورامی و وەزیری دارایی ڕێباز حەمــلان هەموویان پێکەوە کاریان کرد بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن متمانە بە حکومەتی هەرێمی کوردســتان دروست بکەن، بۆ ئەوەی ئەوە بخەنەڕوو کە هەرێمی کوردستان پلانی ئابووری بۆ ساڵی ٢٠١٥ هەیە، ئەگەر حکومەتی فیدراڵــی عێــراق ڕێککەوتن نەکات، ئەوا ئاســاییە، چونکە کوردســتان دەتوانێت لە ساڵی ٢٠١٥دا داهاتی خۆی دابین بکات. هەناردەکردنی نەوت بە شــێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن کوردستانەوە ڕێگەیەکی ئاسان نەبوو، بە مانای ئەوە هات کە کوردســتان لە رووی داهاتەوە کەموکوڕی دەبێــت، بەلای کەمەوە لە نیوەی یەکەمی ســاڵی ٢٠١٤دا و ساڵێکی دارایی ســەخت دەبێت لە هەرێمی کوردســتاندا، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا هەرێمی کوردستان دەتوانێت دارایی خۆی دابین بکات، کاتێکیش ئەم پلانە مانگێك پێش ئێســتا بۆ پەرلەمانی کوردســتان خرایەڕوو، دەستڕۆیشتوویەکی زۆری دایە سیاسەتمەدارانی کوردستان کاتێك دەستیان بە گفتوگۆ کــرد لەگەڵ بەغــدا، چونکە دەقــاودەق ئەوەیان روون کردەوە کە چی دەکەن، ئەگەر هاتوو بەغدا نەگەیشــتە ڕێککەوتن لەگەڵیاندا، هەروەها پشتیوانییەکی سیاسی باش کران لەلایەن پارتەکانەوە، ئەوە بەڕاســتی هاوکار بوو. لەبەر ئەوە پێموایە گۆڕانێك لە ئابووری کوردستاندا روویداوە و دوو بژاردەیان هەیە، یەکەمیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوت هەناردە بکەن و دووەمیان داهات لەگەڵ بەغدا دابەش بکەن، رەنگە دابەشکردنی داهات لە ساڵی ٢٠١٥دا کارێکــی لۆجیکی بێت، بــەڵام رەنگە کاری لۆجیکــی لە ســاڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا بریتی بێت لە هەناردەکردنی نەوت بە شــێوەیەکی سەربەخۆ. بەڵام لە ئێستادا کوردستان بژاردەی دووەمی لەبەردەمدایە.

*** چــۆن لە چەکدارکردنی میلیشــیاکان دەڕوانیت لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، کە پێشتریش حکومەتەکەی مالیکی ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ چەکدارکردنی هەر هێزیکی تایەفەگەری کە بیەوێت شەڕی داعش بکات و ئێستاش باس لە دروستکردنی هێزی چەکداری کاکەیی و ئێزیدی و مەســیحی دەکرێت، ئەمەش خۆپیشاندانی لە کەرکوك لێکەوتەوە کە داوایان کرد لە سایەی هێزی پێشــمەرگەدا بن، تا چەند ئەمە وەڵامێکی دروست بۆ بڕیارێکی نادروست بوو؟**

- ئاشکرایە ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە، من دەڵێم میلیشیای باش و میلیشیای خراپ هەن، رەنگە ئەمە سادەپیشاندانی مەسەلەکە بێت، بەڵام ئەمە ڕێگەیەکە ئومێد دەکرێت بە هۆیەوە تێبگەین کە چی دەگوزەرێت. من دەڵێم هەندێ لەو میلیشیا شیعانەی لە باشــوورەوە دێن لە مەودای دووردا مەترسین بۆ سەر ســنووری کوردستان، هێزی بەدر کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییەکی بەهێزی دەکرێت، مایەی نیگەرانــی دەبێت بۆ کورد ئەگــەر هاتوو لە دەوروبەری کەرکووك جێگیر بکرێن، وەك لە دوزخورماتوو، قەرەتەپــە و جەلەولا و هەموو ئەو شــوێنانە، ئەمە لە دواییدا دەبێتە کێشــە. لەلایەکی دیکەوە پێموایە گرنگە بیرۆکەی پاسەوانی نیشتمانی جێبەجێ بکرێت، کە هەر پارێزگایەك پۆلیس و پاسەوانی نیشتمانی خۆی هەبێت لە عێراقــدا و و پارێزگاری لە خاکەکەی بکات کاتێك داعش دوور دەخرێتەوە. من بیرۆکەی سەحوەشم پێ باش بوو، ئەگەر حکومەتی عێــراق جێبەجێ بکردایە، ئەوا رەنگە لە ئێســتادا داعش نەهاتایەتە ئاراوە، کە ئەوەش چەکدارکردنی خێڵە ســوننەکان و کەمینەکان دەگرێتەوە لە ناوچەکانی خۆیاندا، بــەڵام دەبێت بە وریاییەوە ئەم کارە بکرێت، وەك مەســیحییەکان لە دەشــتی نەینەوا، کاکەییەکان و شــەبەك و ئێزیدییــەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا کە ئەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر وابووە کە پۆلیسی مەحەلی بەم شــێوەیە بــووە و نوێنەرایەتی خەڵکەکەی کردووە، ئەوەش لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیشدا راستە کە کورد و سوننەکان و ئەوانی دیکە -تورکمان- کاریان کردووە بۆ ئەوەی هاوســەنگییەك لە نێو هێزی پۆلیسدا دروســت بکەن. من دەزانم مایەی نارەحەتی دەبێت بۆ کورد کە گرووپی چەکداری نوێ لە سنوورەکانیدا هەبن، بەڵام لە راســتیدا پێشمەرگە بەتواناترین هێزی چەکدار دەبێت لە ناوچەکەدا، ئەگــەر رەفتارەکانی گرووپێکی چەکداریان پێ بــاش نەبوو، ئەوا ئەگەری زۆرە بتوانن ڕێگری لە رەفتاری خراپــی ئەو گرووپە بکەن. دەبێت کورد متمانەیان بە خۆیان هەبێت کە لە ماوەی ساڵانی داهاتــوودا ئەوان کاراکتەری ســەرەکین دەبن لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا.

*** ئایــا ئەولەوییاتی ئەمریکا چین لە شــەڕی دژ بە داعشــدا بەتایبەتی کە ١٥٠٠ کەسی رەوانە کردووە بۆ هاوکاریکردنی ســوپای عێراق و هێزی پێشــمەرگە؟**

**ئێستا مانگانە ١٠٠ ملیۆن دۆلار لە مووچەی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە دەدرێت، کە ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی گەورەیە**

**لە ماوەی سێ مانگی داهاتووش ٣٠ هەزار پێشمەرگە تەواوی چەک و تفاقیان بۆ دابین دەکرێت لەلایەن هەردوو حکومەتی ئەڵمانیا و ئەمریکاوە**



**هەروەها خوێندنەوەتان بۆ سـەردانەکەی چاك هاگل بۆ عێراق چییە؟**

- ئەمریکا وردە وردە هاوکارییە سەربازییەکانی خۆی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، ئێستا ئێمە لە دۆخێکداین کە حکومەتی ئەمریکا داوای دارایی دەکات بۆ مەشقپێکردن و دابینکردنی کەل و پەلی نۆ فیرقەی عێراقی، یەك فیرقە بۆ خێڵەکان لە ئەنبار و سێ فیرقە پێشمەرگە، کە هەموو ئەمانە شەش ملیار دۆلاری دەوێت بۆ دابینکردنی کەل و پەل و مەشقپێکردن، ئەمەش بەرنامەیەکی زۆر گەورەیە، هەروەها ئەڵمانییەکانیش بەلای کەمەوە کەل و پەل و مەشق بۆ دوو فیرقەی پێشمەرگە دابین دەکەن، کەواتە ئەمە بەرنامەیەکی زۆر گەورەی دابینکردنی کەل و پەل و مەشقپێکردنە. هەروەها رەوتی هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش خێراتر بووە، رەنگە لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا هێرشی سەر موسڵ و تکریت و فەللوجە دەست پێبکات و ئەو کاتە دووبارە ئەمریکا هاوکارییە سەربازییەکانی چڕ دەکاتەوە کە هێزی تایبەتی ئەمریکا لە خۆبگرێت و کار لەگەڵ پێشمەرگە و سوپای عێراقدا بکەن کە هێرشی ئاسمانی بکەن و هاوکاری بکەن لە پلاندانان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان و پێدانی زانیاری هەواڵگری، پێموایە ئەوە لە چارەکی یەکەمی ٢٠١٥دا دەبینین. خاڵی سەرەکیی نێوان کوردستان و ئەمریکا ئەوەیە کە لە رووی سەربازیەوە ئێستا کوردستان هاوپەیمانێکی نزیکتری ئەمریکایە بە بەراورد بە هەر کاتێکی دیکە لە رابردوودا، ئەمریکا بەنیازە بنکەیەکی نوێ لە باستورمە، نزیك لە حەریر دروست بکات کە پێموایە بنکەیەکی درێژخایەن دەبێت، پێموایە سەرەتا مەشق و کەل و پەل بۆ سێ فیرقەی پێشمەرگە دابین دەکات، بەڵام بەدەر لەوەش من دڵنیام بەردەوام دەبێت لە رووی هێزی ئاسمانییەوە کە لە بنکەکەدا جێگیر دەبێت، هەروەها لە رووی مەشق و راهێنانەوە و پشتیوانیکردنی هێزی پێشمەرگەوە، ئەمریکا پشتیوانی دوورمەودا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دابین دەکات، ئەمەش شتێکی باشە، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەمریکا لە رووی عەمەلییەوە هیچ مامەڵەیەکی لەگەڵ پێشمەرگەدا نەبووە، بەڵام ئەم شەڕە دەبێتەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە یەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە جددی بێت و دەبێتەهۆی ئەوەش ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیکردنی سەربازیی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا جددی بێت، ئەوەش شتێکی زۆر باشە.

*** بۆچوونت چییە لەبارەی رەوانەکردنی هێزی پێشمەرگەوە بۆ کۆبانێ و گەڕانەوەیان و رەوانەکردنی هێزێکی نوێ لە جێیان؟ کە سەرۆك بارزانی بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی کردن؟**

- شتێکی مەزنە کە دەبینین سەرۆك بارزانی وەك فەرماندەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگە پێشوازی لە پاڵەوانەکانی کۆبانێ بکات، هەروەها گرنگە کە دەبینین تورکیاش پشتیوانی ئەو پرۆسەی رەوانەکردنەی کرد، ئێمە دەزانین کە تورکیا هۆکاری خۆی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە کە پەیوەندی بە کێشەی کوردی —وڵاتەکەیەوە-هەیە و پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تا رادەیەك کۆنترۆڵی ئەوە بکات کە لە کوردستانی سووریادا روودەدات، بەڵام گرنگیشە کە ببینین تورکیا ئاسانکاری ئەو رۆیشتنەی پێشمەرگە بکات. پێموایە ئەمە کارێکی باشە بۆ کوردی عێراق و تورکیا و سووریاش و هیوادارام بە ئاراستەی راست و دروستدا

**رەنگە لە کۆتاییدا و لە دوای ئەم شەڕەوە یەکەکانی پێشمەرگە لە سایەی وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکبخرێن، ئەوەش شتێکی باش دەبێت، بە مانای ئەوە دێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەتوانێت هاوکاری بنێرێت بۆ پێشمەرگە**



سەرۆك بارزانی پێشوازی لە پێشمەرگە پاڵەوانەکانی کۆبانێ دەکات

بڕوات.

*** بەرپرسانی کورد نیگەران بوون لە هەڵوێستی تورکیا کە هاوکاری کوردستانی نەکرد کاتێك داعش نزیکی هەولێر بۆوە، بەڵام دواتر سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی کوردستانی کرد، هەروەها تورکیا رازی بوو مەشق بە هێزی پێشمەرگە بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تورکیا تیڕوانینی خۆی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستاندا دادەڕێژێتەوە؟**

- تورکیا هەوڵدەدات هەڵوێستی خۆی بگەڕێنێتەوە لە ئاست کوردی عێراقدا، مانگی ئاب و مانگی ئەیلول دوو مانگی خراپ بوون، تورکیاش وردە وردە گەیشتە چارەسەرێك، چارەسەرەکەش بریتی بوو لە رێگەدان بە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، هەروەها رەوانەکردنی راستەوخۆی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بوو، لە رێی ئەم دوو کارەوە تورکیا جارێکی دیکە پیشانی دا کە دەکرێت ببێتەوە بە دۆست و ئەمەش هەندێ لە زیانەکە چاك بکاتەوە. ئێستاش پێدەچێت تورکیا رۆڵێکی سوودبەخشی هەبێت بەوەی هاوکاری عێراق و هەرێمی کوردستان بکات کە نەوتی کەرکووك و هەرێمی کوردستان هەنارده بکەن. دەبینین لە تشرینی دووەمدا ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە کوردستانەوە- دوای رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی- رەوانەی تورکیا کرا، راستەوخۆ لەلایەن پاڵاوگەی پوتراشی تورکییەوە کڕدرا، ئەمەش کارەکەی بۆ حکومەتی عێراقی ئاسان کرد کە نەوتەکە هات و تورکیاش راستەوخۆ نەوتەکەی کڕی. دەرکەوت ئەو رێککەوتنە زۆر بە خێرایی جێبەجێ دەکرێت. داود ئۆغلۆی سەرۆك وەزیران و تەنەر یەڵدز، وەزیری وزەی تورکیا- رۆڵی زۆر ئیجابیان بینی لە گەیشتن بەو رێککەوتنە،من هیوادارم کە تورکیا رۆڵی ئیجابی زیاتر ببینێت، لە نێویاندا لە دەوروبەری موسڵدا کە پێدەچێت دەستی کردبێت بە هەندێ هاوکاری لە شەڕی دژ بە داعش لەو ناوچەیەدا، لە رووی مەشقپێکردنەوە بۆ هێزەکانی دژ بە داعش و تورکیا پەیوەندی باشی هەیە لە ناوچەی موسڵدا کە دەکرێت بەکار بهێندرێت بۆ هاوکاریکردن لە رزگارکردنی موسڵدا لە ساڵی داهاتوو.

*** وا پێدەچێت ئەم جارە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر گەشبین بن؟**

- بەڵی من لە ئێستادا تەواو گەشبینم، من خۆشحاڵم کە حکومەتی عێراق نیازپاکییەکی جدی پیشان داوە لە گفتوگۆکاندا، خۆشحاڵیشم کە پێشمەرگە خاك بەدەست دەهێنێتەوە، ئێمە دەمانزانی ئەمە روودەدات و پێشمەرگە بە توندی بەرپەرچیان دەداتەوە، شتێکی باشە ئەمە ببینین، هەروەها شتێکی باشە کە کاردانەوەی تورکیا لە ئاست نائومێدبوونی کوردی عێراق دەبینین بەوەی بەشداری لە پرسی ئەمنی و پرسی نەوتدا دەکەنەوە. کەواتە مەسەلەکان بە ئاڕاستەیەکی ئیجابیدا دەڕۆن، لەم رۆژانەدا قوباد تاڵەبانی دەبینین لێرە لە واشنتۆن دی سی، من بە پەرۆشەوەم بۆ ئەوەی گوێم لەو گفتوگۆیە بێت، لەبەر ئەوەی شتگەلێکی ئیجابی زۆر روودەدەن لە ئێستادا.


*** پەیامت بۆ خەڵکی کوردستان چییە ؟**

- من پیرۆزبایی خۆڕاگرییان لێدەکەم و خەڵکی کوردستان ساڵێکی سەختیان تێپەڕاند لە ٢٠١٤دا و هیوای خۆشبەختییان بۆ دەخوازم لە ساڵی ٢٠١٥دا و پێموایە ساڵێکی زۆر باشتر دەبێت.

**پیرۆزبایی خۆڕاگرییان لێدەکەم و خەڵکی کوردستان ساڵێکی سەختیان تێپەڕاند لە ٢٠١٤دا و هیوای خۆشبەختییان بۆ دەخوازم لە ساڵی ٢٠١٥دا و پێموایە ساڵێکی زۆر باشتر دەبێت**



# ڕێگەچارەی کێشەکانی بەغدا و هەولێر پێویستی بە ویست و نیازپاکییە



عەدنان حوسێن
تایبەت بۆ گوڵان دینووسێت

بە ڕۆژێك دوای ئەوەی لە بەغدا ڕاگەیەندرا کە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك بۆ دانانی چارەسەری هەنووکەیی بۆ ئەو کێشانەی چەندین ساڵ بوو لە نێوانیاندا مابۆوە، لەوانە: (بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە)، هەروەها ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ گەیشتن بە چارەسەری هەمیشەیی و چەسپاوی سەرجەم کێشەکان، پەیامنێرێکی کەناڵی ئاسمانی (العرب) کە بارەگاکەی لە بەحرەینە، پرسیاری لێکردم سەبارەت بە ڕاو بۆچوونم لە هەمبەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێکەوتنە.

هەرگیز دوودڵ نەبووم لەوەی کە گوزارشت لە هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی خۆم بکەم بە ڕازیبوون و پشتیوانیکردن لەو ڕێککەوتنە، هەروەها هەستی بەختەوەریم دەربڕم لە ئاست کۆتایی ئەرکی شاندی حکومەتی هەرێم کە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەغدای کرد، ئەویش بەوەی کە لە میانی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، پێموا نییە کە عێراقییەك هەبێت، (جا نەتەوە، یان مەزهەبەکەی هەر چییەك بێت)، لاوازترین هەستی نیشتمانپەروەری و کەمترین نیگەرانی هەبێت لە ئاست چارەنووسی وڵات و گەلەکەی، ئەگەر بەم هەواڵە دڵخۆش نەبووبێت. کاتێ ئەم هەواڵە خۆشانەی پێ دەگات سەبارەت بەو ڕێککەوتنەی کە ماوەیەکی زۆر بوو لە چاوەڕوانیدا بووین، کە ماوەکەیشی زیاد لە پێویست درێژەی کێشا، بەهۆی پێداگیریی و کەللەڕەقیی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی هەردوو کابینەی پێشووی حکومەتی عێراق، کە لە کۆتاییدا نەك هەر بووە هۆی گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵکو بووە هۆی بەزین و شکستهێنانی سوپای فیدڕاڵ و سەرجەم هێزە ئەمنییەکان لەبەردەم ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە سێیەکی ڕووبەری وڵاتی کۆنترۆڵ کرد، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێرەکەدا گوتم: لەپاڵ چارەسەرکردنی هەردوو کێشەی نەوت و مووچەی پێشمەرگە، ئەو ڕێککەوتنە گرنگییەکی مەعنەویی گەورەی هەیە کە بریتییە لە دووپاتکردنەوەی بیرۆکەیەك بەوەی کە هیچ کێشەیەك نییە کە چارەسەری نەبێت، ئەم بیرۆکەیەش حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای حکومەتی فیدڕاڵ بەم دواییە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا بە ڕاشکاوی

گوزارشتی لێکردووە. گرنگیی ئەو بیرۆکەیەش لەوەدایە کە رەنگدانەوەی ویستپاکیی چارەسەری کێشەکانە، دیارە کە ویستپاکیی بەڕێز عەبادی رێگەی لەبەردەم شاندی هەرێمی کوردستان کردەوە، تاکو بێتە بەغدا و بە رێککەوتنێکیش بگەڕێتەوە هەولێر کە هەردوو لا پێی قایل بن، نەبوونی ئەم ویستەش بە درێژایی چوار ساڵی رابردوو ئاستەنگێك بوو بۆ گەیشتن بە رێککەوتن. لە راستیدا دەکرا لەهەر رۆژێکی ئەو چوار ساڵە بگەیشتنایە ئەم رێککەوتنە ئەگەر ویستێکی پاك لای حکومەتی بەغدا هەبووایە. ویستپاکیی لەخۆیەوە لەناو دڵ و ویژدان لەدایك نابێت، زۆر جار لە ئەنجامی ئەزموونێك لەدایك دەبێت، ئەزموونەکانی عێراقیش تا رادەیەکی زۆر دەوڵەمەندن، دەبووایە بەرهەمەکانی ئەم ئەزموونە ویستپاکانە تا رادەیەکی زۆر دەوڵەمەند بوونایە.

بە درێژایی سێ چارەگە سەدە دەوڵەتی عێراق رووبەڕووی کێشەی پەیوەندیی لەگەڵ دووەم نەتەوەی ئەم وڵاتە بۆتەوە، بە بەردەوامیش ئەو سیاسەتانەی پەیڕەوکراون رەنگدانەوەی ویستپاکیی نەبوون بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکە کە لەگەڵ سەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بگونجێت کە دوای لەناوچوونی نازییەت و فاشیزم لە ئەوروپا دەستی پێکرد، نازیەت و فاشیزم تەنیا بەرجەستەی خولیایەکی توندڕۆی (شۆڤینیزم) بوو، کە مەبەستی سڕینەوەی ئەوی دی بوو. زۆربەی حکومەتەکانی عێراق سیاسەتییێکی شۆڤینییان بەرامبەر بە کورد و سەرجەم نەتەوەکانی غەیرە عەرەب پەیڕەو کرد، هەوڵیشیان دا بزاڤی مافەکانی کورد و دواتر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد ناچاربکەن کە پەنا بەرنە بەر هێزی چەکدار، زۆر جار ئەو حکومەتانە پەنایان نەبردۆتە بەر گفتوگۆکردن، تەنیا لە حاڵەتی لاوازیدا نەبێت و بۆ ئەوەی پشوویەك بدەن و سەر لەنوێ بتوانن هێز بەکار بهێننەوە.

هەموو مێژووی وڵاتمان گەواهیدەرە لەسەر نەزۆکیی ئەو سیاسەتانە، بەڵکو دەکرێ زۆر بە ئاسانی بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو ئەو کاولکارییەی کە لە ئێستادا عێراق بەخۆیەوە دەیبینێت، لە بنەڕەتدا بۆ سیاسەتی هەڵەو دوژمنکارییانە دەگەڕێتەوە کە دژی کورد پەیڕەو دەکرا. زەعیم عەبدولکەریم قاسم پەندی لە شکستەکانی حکومەتە پاشاییەکان وەرنەگرت لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی کورد و هێزی بەکارهێنا و باجەکەشی دا، بەڵکو هەموو عێراق و بزووتنەوە نیشتمانییەکەش باجێکی زۆریان دا، کاتێ کودەتاکەی بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ مێژووی خوێناوی وڵاتی دەستپێکرد. هەروەها سەدام حوسێنیش نە پەندی لە ئەزموونەکانی پێشوو وەرگرت و نە لە ئەزموونی رژێمەکەی کە بە درێژایی چەند ساڵێك بە زەبری هێز شکستی هێنا بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، تەنانەت دوای مۆرکردنی رێککەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ شای ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ کە بەم پێیە وازی لە نیوەی شەتولعەرەب و ناوچەگەلێکی دیکەی کوردی هێنا لەبەرامبەر داخستنی سنوور و گەمارۆدانی شۆڕشەکەی کورد، ئەوە بوو وڵاتی بۆ کارەسات و مەینەتیی زۆرتر پەلکێش کرد، لەوانە شەڕی جینۆسایدی ناوخۆ دژ بە کورد و هێزە نیشتمانپەروەرەکان، هەروەها شەڕی هەشت ساڵەی (١٩٨٠ - ١٩٨٨)ی دژ بە ئێران، ئەوجا پەلاماردانی کوێت و شەڕی ١٩٩١ و دواتریش شەڕی ٢٠٠٣ کە کاریگەری و لێکەوتە وێرانکارییەکانی تا ئەمرۆش بەردەوامە.

لەسەردەمی حکومەتی پێشوو نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکات هەروەکو ئەوەی کە لە رابردوودا روویدەدا، هەروەها وەك ئەوەی کە عێراق ئەو هەموو ئەزموونە کارەساتبارەی نەدیبێت، دیسان سەردەمی تازەی لە ٢٠٠٣ یان بەلایەنی کەم لەوەتەی ٢٠٠٥ بەخۆیەوە نەدیبێت، کاتێ کە زۆرینەی گەلی عێراق بڕیاری لە دەستوورێك دا کە سیستەمی دیموکراسیی پەرلەمانی و فۆڕمی فیدراڵیزمی دەوڵەتی چەسپاند، ئەمەش مانای کۆتایی ئەو سەردەمانەیە کە دەسەڵات بەزۆرداری و زۆرەملێیی لەلایەن تاکە کەسێك، یان حزبێکەوە بەسەر خەڵکدا دەسەپێندرا، هاتنی سەردەمێکی تازە کە مافی هەمووانی تێدا یەکسانە و کێشەکانیش بە دانوستان و گفتوگۆ و لە رێی دەستەی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراوەوە چارەسەردەکرێن، نەك بە هێز، ئەوەش مانای وایە هەر کەسێك کە دەوڵەت بەڕێوە ببات، پێویستە ئیرادەیەکی پاکی هەبێت، چونکە پێچەوانەی ئەم ئیرادەیە دەرچوونە لە دەستوور و بنەماکانی سیستەمی دیموکراسیی فیدراڵی، ئەمەش بە تەواوی لە سەردەمی حکومەتی پێشوو رووی دا، نەك بەتەنیا لەسەر ئاستی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە هەموو بوارێکدا، ئەمەش بە ئاشکرا دوای گۆڕینی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی تازە بۆ هەموو لایەك روون بووەوە کە ئێستا هەموو کاتێك سەرقاڵە بە ئەنجامدانی چاکسازیی لەوەی کە حکومەتی مالیکی تێکیدابوو.


زۆر گرنگە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر ئاسایی ببێتەوە، چونکە لە بەرژەوەندیی گەلی عێراقدا نییە بە هەموو نەتەوە جیاوازیەکانیەوە ئەو پەیوەندییانە گرژ و ئاڵۆز بن، بەتایبەتیش کە لە ئێستادا وڵات رووبەڕووی مەترسییەکی گەورەی چارەنووسساز دەبێتەوە، ئەویش مەترسیی (داعش)ـە کە هەڕەشەیە بۆ سەرجەم قەوارەی دەوڵەتی عێراق، هەروەها واقیعەکە ئاشکرا بووە کە حکومەتی مالیکی تەنیا گەنجینەیەکی بەتاڵی بۆ حکومەتی تازە بەجێ هێشتووە، پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە زامنکردنی وەبەرهێنانی سامانی وڵاتدایە، کە ئەویش نەوتە و ٩٥٪ی سەرچاوەکانی ژیانی گەل و دەوڵەتی عێراق پێکدەهێنێت. راستە کە رێککەوتنی ئەم دواییەی بەغدا-هەولێر رێگەچارەی بۆ هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان دانەنا، بەڵام بناغەیەکی پتەوە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئەو چارەسەرانە کە دەکرێ ئەنجام بدرێن، هەتا دوای ماوەیەکیش بێت، ئەگەر هاتوو بە هەموو توانایەکەوە پارێزگاری لە ئیرادە و نیاز پاکی کرا.

**پێموا نییە کە عێراقییەک هەبێت، جا نەتەوە، یان مەزهەبەکەی هەر چییەک بێت، نیگەرانی چارەنووسی وڵات و گەلەکەی نەبێت، بە هەواڵی رێکەوتنەکە دڵخۆش نەبووبێت**

**عەبدولکەریم قاسم پەندی لە شکستەکانی حکومەتە پاشاییەکان وەرنەگرت لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی کورد و هێزی بەکارهێنا و باجەکەشی دا**

**زۆر گرنگە پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر ئاسایی ببێتەوە، چونکە لە بەرژەوەندیی گەلی عێراقدا نییە بە هەموو نەتەوە جیاوازیەکانییەوە ئەو پەیوەندییانە گرژ و ئاڵۆز بن**

# ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان: خەتەری هەنوکەیی و خەتەری ئایندەیی



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئاسایشـــی نەتەوەیی باشووری کوردستان راستەڕێ و بێ مەترسـیی نییە. بە مەزەندەی من، دوو خەتەری دەرەکیـی بینراوی لەسـەرە (بێ لـە ئەگەرەکانی خەتەری ناوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی): خەتەری هەوڵ و لەپێشـینە خەتەری داعش و خەتەری دووەم بەریەککەوتنە لەگەڵ حکوومەتی ئیتیحادیدا لەسـەر ناسـنامەی کەرکوك و ناوچەو دەڤەرەکانی ماددەی ١٤٠. ئـەو دوو خەتـەرە، بێ رەهەندو پشـتەوانەی هەرێمایەتی (بەتایبەتی تورکیا و ئێران) نین.

تا ئێستە بە پۆزەتیڤ باس لە ڕێککەوتنەکەی ٢٠١٤/١٢/١ی نێوان هەولێر و بەغدا دەکرێ و بە سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی ڕێ بەڕێی کێشەکانی دیکە دادەنرێت. بە قسان ئەم ڕێککەوتنە لە ساڵی نوێوە کاری پێ دەکرێ. ئەو ڕێککەوتنە لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کراوە، لێ گرنگ ئەوە کە «بڕگە ڕێککەوتن لەسەرکراوەکان» لە پڕۆژە قانوونی «موازنە»ی گشتیی ساڵی ٢٠١٥ی عێراقدا جێگیر بکرێن و دواتر لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەنگیان پێ بدرێ و بە کردەوەش بهێنە جێبەجێکردن. ڕاستە هیوا لەسەر ئەو ڕێککەوتنە هەڵچنراوە، لێ دڕدۆنگی لەناو ڕای گشتیی کوردستاندا نەڕەویوەتەوە.

دیارە ئەو بڕگانەی ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە، تەنێ پێوەندییان بە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان «١٧٪» و مووچەی پێشمەرگەوە هەیە وەکو مافێکی خەڵکی کوردستان. هیچ مافێك بێ ئیلتیزامی بەرانبەر نییە. ئیلتیزامیش خراوەتە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە ڕۆژانە «٢٥٠» هەزار بەرمیل نەوت بۆ حیسابی حکوومەتی ئیتیحادی لە ڕێگەی «سۆمۆ»وە بنێرێتە دەرێ، هەروا ڕۆژانە «٣٠٠» هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووك-یش لە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی هەرێمەوە بەڕێ بکرێ.

بەو مانایە، ئەم ڕێککەوتنە کاتەکییە و تەنێ پێوەندیی بە بەشە بوجەی ئەمساڵەوە هەیەو لە باشترین باردا ئەگەر بێتە جێبەجێکردن، ڕەنگە بۆ ماوەی ساڵێك درێژە بکێشێ و بە قازانجی بەغداو هەولێریشە ئەم ڕێککەوتنە وەکو خۆی بێتەجێبەجێکردن، چونکە یارمەتیدەر دەبێ لە سووککردنی باری گرانیی ئەو قەیرانە داراییەی کە نزیکەی ساڵێکە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوەو لە حکومەتی ئیتیحادیشدا نیشانەکانی ئەو تەنگژەیە دەرکەوتوون. ڕاستە لەتەك ئەو «ناچارییە» یان «پێویستییە» داراییەدا، خەتەری داعش بەکردەوە هەردوو لای خستۆتە یەك بەرەوە، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکاش هەر ئەوەی لە هەولێر و بەغدا خواستووە، لێ ئاریشە و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، زۆر لەم ڕێککەوتنە و بڕگەکانی، ڕەگئاژۆ و بەرفرەو لەمێژینەترن، بەتایبەتی پرسی کەرکووك و ئەو ناوچانەی کە لەنێوان هەولێرو بەغدادا کێشەیان لەسەرەو متمانە لەنێوان پێکهاتەکاندا لەق بووەو دەرفەتی بەیەکەوەژیان کەم بۆتەوە، جادەی عێراقی دەزانێ کورد دەستبەرداری مافی چارەی خۆنووسین «بەدەوڵەتبوون» نابێ و چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار دەکات پرسی کوردستانیبوون و عێراقیبوونی خۆی یەکلا بکاتەوەو لەو دووفاقیی ئینتیمایە دەربازی ببێ. لێ ڕەنگە ئەو ساتی یەکلاکردنەوەیە، بەرفەرمانی هەلومەرج بێت.

سەغڵەتییەکی دیکەی گەلی کوردستان ئەوەیە لەگەڵ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە عەرەبنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و کەمبوونەوەی خەتەری داعش بەتایبەتی لە سنووری (کەرکوك و دوز)دا، گرژی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میلیشاکان و حکومەتی ئیتیحادیدا ڕووبدات. بە ڕای زۆر لە چاودێران، کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە عەرەبنشینەکان لەلایەن «سوپای عێراق»ـەوە بەتایبەتی لە هەردوو پارێزگای موسڵ و کەرکوك بەبێ هەماهەنگی و بەشداریی پێشمەرگەو عەرەبی سوننە، کارێکی کردەنی نییە. کەواتە کارتێك بەدەست کوردەوەیە. هێشتا هێزێکی سوننە پێکنەهێنراوەو پێکیشبهێنرێ ماوەیەکی دەوێ تا مەشق و ڕاهێنانی پێ دەکرێ و سازو ئامادە دەبێ. لە سەرێکی دیکەوە گومان لەوەدا نییە چەند ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بمێننەوە، قەبارەی کارەسات و کاولکاری و قوربانییەکان زۆرترو هەڵکەندنی داعش لەو شوێنانە زەحمەتتر دەبێت و خەتەرێکی جددی لە بناگوێی کورددا دەمێنێتەوەو ڕۆژانە زیان و زەرەرمان پێ دەگەیەنێ. لەم سۆنگەیەوە هەقە بەشداریی کورد لەتەك سوپای عێراق و بەناو «حەشدی شەعبی» و «هێزە چاوەڕوانکراوەکەی سوننان»دا، بە ڕێککەوتنی پێشوەختە لەسەر پرسی ماددەی ١٤٠ ببەسترێتەوە. چونکە ڕێکنەکەوتن لەسەر ساغکردنەوەی پرسی ماددە ١٤٠ و ئیدارەدانی ئەو ناوچانە تا سازدانی ریفراندۆم، وەکو بۆمبێکی میقاتکراو وایە.

**هەقە بەشداریی کورد لەتەک سوپای عێراق و بەناو «حەشدی شەعبی» و «هێزە چاوەڕوانکراوەکەی سوننان»دا، بە ڕێککەوتنی پێشوەختە لەسەر پرسی ماددەی ١٤٠ ببەسترێتەوە**

**ڕێکنەکەوتن لەسەر ساغکردنەوەی پرسی ماددە ١٤٠ و ئیدارەدانی ئەو ناوچانە تا سازدانی ریفراندۆم، وەکو بۆمبێکی میقاتکراو وایە**

خاڵێکی تری گرنگ، کە لەوانەیە بۆچوونی جیا و ناتەبای لەنێوان هەولێر و بەغدا لێبکەوێتەوە، ئەوەیە کە داخوا بێ لەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەی کە قەولە ڕۆژنە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە ڕەوانەی دەرێی بکا، ئایا هەرێمی کوردستان بێ لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت بۆ بەکاربردنی ناوخۆ، مافی هەناردەکردنی هیچ بڕێکی دیکەی نەوتی هەیە، یان نا؟ کێ هەقی کۆمپانیاکانی نەوت دەدا، ئایا قانوونی «موازنە»ی ساڵی ٢٠١٥ چارەسەری ئەو پرسە دەکات؟ ئەرێ دواکەوتنی ناردنی پڕۆژە بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران و دواتر پەسندکردنی، شك و گومانی دیکە لەگەڵ

**هێشتا فاکتەرەکانی هێز زێتر بەدەست حزبەکانەوەیە نەک دامەزراوە سەروەرەکان. دواکەوتنی دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی زێتر لە ٧ مانگ دەربڕی ئەو هەقیقەتە تاڵەیە**

**بەرخۆدانی کۆبانێ ئەو دەرسەی بەر گوێ خستینەوە کە میللەتێک هەرچەندە توانا ماددی و مرۆییەکانی کەم بن، ئەگەر بڕوای بە عەدالەتی دۆزەکەی هەبێ و رۆح و ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی تێدا بێت، ئەگەر سەرکردایەتی و بنکردایەتی یەکبوون و بۆشاییان لەنێواندا نەبێت، مەحاڵە ببەزێت**

خۆیدا دەهێنێ یان نا؟ یان رەوتاری هەردوو تەرەفی رێککەوتنەکە لە دوای ٢٠١٥/١/١ەوە مەحەك دەبێت؟ ئەگەر کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە کوردنشینەکانی وەك شەنگاڵ، یان ئەو ناوچانەی کە لە باری جیوگرافی و مێژووییەوە بە بەشێکی کوردستان دەزانرێن وەك باشیك و بەرتلەو...وێڕای قوربانیی زۆرو زەوەند، ئەرکێکی رزگاریخوازیی نەتەوەیی بێت و پاساو بەدەست کوردەوە بێت، داخوا بەشداریکردنی پێشمەرگە لە ئەستاندنەوەی ناوچەکانی وەك شاری موسڵ و حەویجە چ ناوێکی لێ دەنرێت ئەگەر پێشوەختە رێککەوتنمان لەگەڵ بەغدا لەسەر ماددەی ١٤٠ نەبڕاندبێتەوە؟ بمانەوێ و نەمانەوێ ئەگەر ئەو پرسە نەبڕێندرێتەوە، گرژی و بەریەککەوتن روودەدا!

کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی باشووری کوردستان راستەڕێ و بێ مەترسیی نییە. بە مەزەندەی من، دوو خەتەری دەرەکیی بینراوی لەسەرە (بێ لە ئەگەرەکانی خەتەری ناوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی): خەتەری هەوەڵ و لەپێشینە خەتەری داعش و خەتەری دووەم بەریەککەوتنە لەگەڵ حکوومەتی ئیتیحادیدا لەسەر ناسنامەی کەرکووك و ناوچەو دەڤەرەکانی ماددەی ١٤٠. ئەو دوو خەتەرە، بێ رەهەندو پشتەوانەی هەرێمایەتی (بەتایبەتی تورکیا و ئێران) نین.

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو خەتەرە کە یەکەمیان هەنووکەییەو لە ئارادایەو بەرۆکی پێ گرتووین پلان و نەخشەی خۆی گەرەکە و خەتەری دووەمیان ئەگەرەو ئایندەییە. کەواتە ئەوەی دواییان خوێندنەوەی وردو زانستانەی دەوێ بە پلان و نەخشەیەکی دیکە.

گەلی کوردستان چەندە لەناوە خۆیدا کۆك و تەییارو سازەو شیان و توانی بەرگەگرتنی ئەو دوو خەتەرەی هەیە. بەرەی ناوخۆ و ئیرادەی بەرەنگاربوونەوە و توانا ماددی و مرۆییەکانی کوردستان چەندە تێری ئەوە دەکەن؟ لە بەرەنگاربوونەوەی خەتەری یەکەمدا (داعش)، هەرێمی کوردستان راستە زەرەرو زیانی زۆری پێکەوتووە، قوربانیی زۆری داوەو دەدا، بەڵام لەناوەخۆیدا تا رادەیەکی ئێکجار باش کۆك بووەو بەرگەی گرتووەو خۆی گرتەوەو وردە-وردەش ناوچەکانی خۆی وەردەگرێتەوە. لەم بەرەنگارییەدا، باشووری کوردستان سوودی لە رەهەندی نەتەوەیی (کوردی بە مانا بەرفراوانەکەی) وەرگرتووەو لە بواری نێودەوڵەتیشیدا، لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە پشتگیری کراوە و لەگەڵ حکوومەتی ئیتیحادیشدا هەماهەنگی و جۆرێ لە هاوکاری هەبووەو هەیە. قسە ئەوەیە داخوا دەرەنجامەکانی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە (پاش تێکشکاندنی داعش) چ لە سەر ئاستی کوردستانی باشوور و کوردستانی رۆژئاوا، پۆزەتیڤ و کارا دەبن لە بەرەوپێشبردنی کێشەی کوردو بەچ ئاقارێك؟ چونکە وێڕای پێشکەوتنەکانی بەرەی شەڕ لە رەبیعەو زومارەوە تا جەلەولا، بەرخۆدانی کۆبانێ ئەو دەرسەی بەر گوێ خستینەوە کە میللەتێك هەرچەندە توانا ماددی و مرۆییەکانی کەم بن، ئەگەر بڕوای بە عەدالەتی دۆزەکەی هەبێ و رۆح و ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی تێدا بێت، ئەگەر سەرکردایەتی و بنکردایەتی یەکبوون و بۆشاییان لەنێواندا نەبێت، مەحاڵە ببەزێت. ئەوە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە کە کوردی کردووە بە (بکەر) نەك خۆ بە هەقخوراوزان و قوربانیی نیشاندان. چونکە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر باس لە ئێستەو ئایندە دەکات و خۆبەقوربانیی نیشاندان-یش باس لە رابردوو. کورد لەو قۆناخە راگوزەرەدایە و بە تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە ئایا نەتەوە (بەمانای بەدەوڵەتبوون) دروست دەبێت؟

بەگشتی کوردی باشوور لەوە گەیشتوون، هیچ ئەلتەرناتیڤێك جێگەی خۆبەڕێوەبردن self-governance ناگرێتەوە، تا رادەیەکی باشیش رۆح و ئیرادەی بەرەنگاری و دیفاع لەو خۆبەڕێوەبەرییەی خۆی هەیە. توانا ماددی و مرۆییەکانیش کەم نین ئەگەر باش ساز بدرێنەوە. تا رادەیەکیش کورد هاوسۆزی و پشتەوانیی دەرەکی هەیەو خەریکە پێداویستییەکانی بەرەنگاربوونەوە کامڵ و ساز دەبن. ئەی چ کەلێن و تەگەرەیەك هەن کە رێگر بن ئەو ئیرادەیە تەواو بەرجەستە ببێ؟

وەك دەزانرێ هەردوو فاکتەری ناوخۆ و دەرەکی لە هەر بزاڤێکدا رۆڵ دەبینن. وەك لە بەرەنگاربوونەوەی خەتری داعشدا دەرکەوت، فاکتەری ناوخۆ لە مەیداندا رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ. ئەوە ساغ بۆتەوە کە دەبێت خۆت هەبیت، تا دۆستان و هاوبەرژەوەندان بتبینن و هاوسۆزت بن و پشتەوانیت لێ بکەن.

١. لە کوردستاندا، زێتر لە ٤٠ حزب و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی پەرلەمانی و غەیرە پەرلەمانی هەن. گرفت لەو فرەحزبییەدا نییە. گرفت «روئیا»ی حزبە باڵادەستەکانە بۆ خەتەرەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی! گرفت «روئیا»یە بۆ ئێستەو ئایندەی پەرەسەندنی رووداوەکان! گرفت ئەوە نییە کام حزب ئیدارەی دهۆك دەکات، یان هەولێر بە دەست کێوەیەو لە سلێمانی چۆنە، ئەگەر ئەو ئیدارە خۆجێیانە چوارچێوەیەك هەبێ کۆیان بکاتەوەو هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەست

بە دڵنیایی بکەن!

٢. راســتە چەند لیوایەکی هاوبەشمان هەیە و لەلایەن سەرۆکی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگەوە سەرپەرشتی دەکرێن، لێ لەو لیوایانە زێتر پێشمەرگەی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠مان هەس و چەکێکی کەم بەدەست ئەم حزب و ئەو حزبەوە نییە.

٣. راستە دەزگای ئاسایشــی هەرێمی کوردستانمان هەیە، لێ لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەو دەزگایە یەکگرتوو نیــن و بەرچاوترین نموونەش لــە کەرکووک دا خۆی دەنوێنێ.

٤. بمانــەوێ و نەمانەوێ تەوەربەندێکی هەرێمایەتی لەسەر بنەمای تایەفی (شیعەگەری و سوننەگەری) لە ناوچەکــەدا هەیە، لایەن و حزبە باڵادەســتەکانی کوردستان خۆیان لە کوێی ئەو تەوەربەندییە دەبیننەوە، راستە خەتەری داعش، کەمێك کوردی لەتێوگلان لەو تەوەربەندییە بەخەبەر هێناوەتــەوە لێ گرنگ ئەوەیە کورد بەشێك نەبێ لەو تەوەربەندییەو لە ململانێیەکانی، لێ مخابن تارمایی ئەو تەوەربەندییە لە کوردســتاندا دەبیندرێ!

بەداخەوە من هەست ناکەم ئەو چوارچێوەیە یەکگرتووەمان هەبێــت: رەنگە یەکێ وەڵام بداتەوە و بێژێ ئەی ئەوە نییە دامەزراوەی شــەرعیمان هەس: ســەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، حکوومەت و بە قانوون رێکخراون و کاری خۆیان دەکەن. بەڵام ئەوە هەقیقەتێکە کە هێشتا لەم هەرێمەی ئێمەدا قانوون تەواو سەروەر نییە. ئەگەر دەســتوورێکمان هەبایەو هەمووان پێی رازی بوونایە، رەنگە فەرقێکی دەکرد. راســتە لە دوای ٢٠٠٥-ەوە ئەو دامەزراوە یەکگرتووانەمان هەن، ئەگەر ئێمە وڵات و سیســتمێکی حوکمڕانیی دیموکــرات و جێگیرمان هەبوایە، ئەوا ئەو دامەزراوانە هەمەکارەو ســەروەر و مەرجەع دەبــوون و ئیرادەی نەتەوەیان دەردەخســت و وەڵامی تەحەدییاتــە دەرەکییەکان باشــتر دەدرایەوە یــان دەدرێتەوە. مخابن تا ئێســتە پارســەنگیی هێز لــە هەرێمدا تەحەکوم بە زۆر شــتەوە دەکات، چونکە هێشــتا فاکتەرەکانی هێز زێتر بەدەست حزبەکانەوەیە نەك دامەزراوە ســەروەرەکان. دواکەوتنی دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی زێتر لە ٧ مانگ دەربڕی ئەو هەقیقەتە تاڵەی سەرەوەیە. چۆن ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنین و بەهەق دامەزراوە رەسمییەکان دەبنە خاوەن بڕیار؟ دەڵێین: چارەســەر چاکسازییە! لە کوێــوە و چۆن و کەی، ئەوانە پێویســتیان بە باس و خواسێکی سەربەخۆ هەیە.

## موسەنا ئەمین

لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەم رێککەوتنە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی ئەمساڵ بودجە زوو پەسەند بکرێت



**ســەبارەت بە رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرســی نەوت موســەنا ئەمین پەرلەمانتاری لیستی یەکگرتوو لە ئەنجومەنــی نوێنەرانی عێراق بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو:**

«ئەم رێککەوتنە رێککەوتنێکی زۆر باشــە و هەم لە بەرژەوەندیی بەغدایە و هەمیش لە بەرژەوەندیی هەولێرە، خاڵی یەکەم بۆ بەغــدا لەبەر ئەوەی کە حکومەتێکی تازەیە و ئەم رێککەوتنە وادەکات حکومەتەکە سەرکەوتوو بێت، ئەوجا ئەم شەڕە نێودەوڵەتییەی داعیش هاتەئاراوە کە شــەڕێکی هاوبەشــە بــۆ عێراق و بــۆ هەرێمی کوردســتانیش، لەمەش زیاتر بــاری دارایی هەردوو حکومەتەکەش خراپ بوو، بۆیە هەردوولا پێویســتیان بــە رێککەوتن بوو، بەتایبەتی کە بەغــدا نەیدەتوانی نەوتــی کەرکــووك هەناردە بکات، تەنهــا لە رێگەی کوردســتانەوە نەبێت، ئەمەش گوشارێکی دروستکرد بۆ ئەوەی حکومەتی بەغدا ســازش لەگەڵ کوردستان بکات، ئــەم رێککەوتنە دەکرا ســاڵی پاریش بکرایە، کــە نەکرا و هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردســتان و حکومەتی بەغدا زیانێکی زۆریان کرد، بەڵام ئێســتا کە ئەم رێککەوتنە کراوە، دەتوانێت بەشــێکی گرنگ لــە داخوازییەکانی هەردوولا جێبەجــێ بکات، دەبێتە بنەمایەکیش بۆ ئەوەی بە زوویی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ لە پەرلەمان پەســەند بکرێت، بەمەش پشکی هەرێمی کوردستان دێت و ژیان و بازاڕ دەبووژێتەوە. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەمە رێککەوتنێکی باشە».

### ئەردەڵان نورەدین لە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# بەپێی ئەم ڕێککەوتنە چیدی بەغدا ناتوانێت بە تەنها بڕیار لەسەر نەوتی کەرکووک بدات



**پرسی پێشمەرگە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە دەخرێتە سەر بودجەی سەروەری عێراق، ئەمەش مانای داننانە بە ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان، هەروەها هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بە ڕێگەی بۆڕییە نەوتەکانی کوردستان لایەنیکی دیکەی ئەم ڕێککەوتنەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنانە ئەردەڵان نورەدین پەرلەمانتاری لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان ختسەڕوو:**

«ئەو ڕێککەوتننامەیەی نێوان هەرێم و بەغدا لە چەندین لایەنەوە سوودی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، یەکەمیان: لەو لایەنەوە کە چیتر بەغدا ناتوانێت بە تاك لایەنە و بە پێی بڕیاری کەسی، بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە هەر خۆیەتی نەوتی کەرکوك دەردێنێت و دەیفرۆشێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئیعترافێك بوو بە مافی کورد لە نەوتی کەرکووکدا، دووەمیان: ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتەکەی خۆی دیاری دەکات، واتە هیچ لایەنێکی دی ناتوانێت فشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان بەوەی کە هەموو نەوتەکەی یان ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل بە عێراق بدات کە لە پڕۆژەکانی ساڵانی ٢٠١٣و ٢٠١٤هاتبوو، بە ناوی پڕۆژەی سۆمۆ، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بڕیار دەدات کە تەندەر بێت، نەوەك حکومەتی بەغدا بڕیار بدات .سێیەمین خاڵ لە سوودەکانی ڕێککەوتنەکە ئەوەبوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فیعلی لە ناو سیستمی هێزی بەرگری عێراقی دانرا و مووچەکانیان بە سیستمێك خەرج دەکرێت و دەخرێتە سەر بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لەمەش زامنکردنی ڕێژەی ١٧٪ کە بوو بۆ بودجەی ساڵی ٢٠١٥، گرنگترین خاڵیش لەم ڕێککەوتنەدا ئەوەیە کە ئێمە نەبووینەتە ڕێگرێك لە بەردەم ڕواندنی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراقی فیدراڵ و ئەو پڕۆژەیاسایەی بودجە لە کات و ساتی خۆیدا دەگاتە پەرلەمان و پەرلەمانیش بڕیاری لەسەر دەدات.

---

### ئاریز عەبدوڵڵا لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەم ڕێککەوتنە دوولایەنەیە و لەبەرژەوەندیی حکومەتی هەولێر و بەغدایە



**ڕێککەوتنی هاوسەنگ ئەرکی جێبەجێکردنی دوولایەنەیە و ئەوەی لە ڕێککەوتنی ئەمجارە نێوان هەولێر و بەغدا هەستی پێدەکرێت، هاوسەنگییەکە کە ئەو ڕێککەوتنەی پێ ئیمزا کراوە، سەبارەت بەم لایەنە ئاریز عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تایبەت بۆ گوڵان گوتی:**

«ڕێکەوتنەکە دوو لایەنەیە، یەکەم: هەم لە بەرژەوەندیی عێراقی فیدراڵە و هەمیش لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، دووەم: هەنگاوێکی باش بوو لە کردنەوەی ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و هاتنە سەر سکەی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان بوو، ئەگەر گفتوگۆی بەدوادا بێ، بێگومان لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا دەبێت، ئومێدەوارین کە ئەمە ببێتە هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی دیکە». ئەو پەرلەمانتارە خاڵێکی دیکەی ڕێککەوتنەکەی بە لێك تێگەیشتن و لەیەکدی نزیك بوونەوە ناوبرد و گوتیشی: «ئەوەی گرنگ بوو داننان بوو بە مافی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت، ڕاستە ٢٥٠ هەزار بەرمیلە لە سەرەتای ساڵی نوێوە بە ڕێگەی سۆمۆوە دەفرۆشرێت، بەڵام ئەوی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی ئیداری دەکات. هێمای بۆ ئەوەش کرد کە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ دووچاری بڕینی بەشە بودجەی خۆی لە عێراق بوو، بەڵام دواتر عێراقیش تووشی ئەم قەیرانە بووەوە، ئەویش بە هۆکاری شەڕ و بە هۆی کەم ناردنە دەرەوەی نەوت، هەروەها بە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت، گوتیشی: «باشترین ڕێگەچارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش، هاوکات باشترین ڕێگە چارە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە داراییە ڕێککەوتن بوو لە نێوان هەولێر و بەغدا.

**کاوه محەمەد** لە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گوڵان:

# ئەم ڕێککەوتنە سەرەتایەکی باشە بۆ دروستبوونەوەی متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا

**ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا لەسەر میراتی ئەو سیاسەتە هەڵەی کە حکومەتی نوری مالیکی بۆ حکومەتی تازەی عێراقی جێهێشتووە، کارێکی ئاسان نەبوو، بۆیە دوای گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر پرسی نەوت و پێشمەرگە زۆر لە چاودێران پێیانوایە ئەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی دیکەش زەمینە خۆش دەکات، سەبارەت بەم لایەنە کاوە محەمەد پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:**

«ئەم ڕێککەوتنەی نێوان هەولێر و بەغدا بە ئاراستەیەکی ئیجابیدا دەڕوات، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنەکە بۆ هەردوولا (بەغدا و هەولێر) زۆر پێویست بوو، هەروەها لە بەرژەوەندی هەردوولاشدایە، ئەم ڕێککەوتنە لە کاتێکدا ئیمزای لەسەر کراوە، کە حکومەتی مالیکی زەمینەیەکی زۆر خراپی بۆ ئەم حکومەتە تازەیە بەجێهێشتبوو، لە حکومەتی مالیکی سیاسەتێکی زۆر خراپ بەرامبەر هەرێمی کوردستان پیادەکرا، هەروەها سیاسەتێکی خراپ بەرامبەر کۆی کێشەکانی عێراق پەیڕەو کرا، بۆیە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ ئەوەی دووبارە متمانە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەت عێراق دروست ببێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین لەسەر کێشەکانی دیکە و وردەکاری جێبەجێکردنیان قسە بکەین و، هەوڵبدەین بگەینە چارەسەر بۆ هەموو کێشەکانی دیکەی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا. ڕێککەوتنی ئەمجارە کە لە پڕۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ دەنووسرێتەوە، جیاوازە لە ساڵانی پێشوو، لەبەر ئەوەی پڕۆژەی بودجەی ساڵی رابردوو کە دواتر لە پەرلەمان پەسەند نەکرا، هەندێ بڕگەی سزایی واتە وەك سزادان بۆ هەرێمی کوردستان تێدا بوو، بەڵام ئەمجارەیان ئەم ڕێککەوتنە ڕێکەوتنێکی هاوسەنگ و هاوتایە، هەردوولا دەبێت پابەند بن بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەوە کە هەرێم دەبێت رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بدات بە عێراق و ڕێگەش بدات رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووك بە بۆڕییەکانی کوردستان هەنارده بکات، لەبەرامبەردا دەبێت حکومەتی عێراق ١٧٪ی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق بۆ کوردستان بنێرێت، هەروەها دەبێت بڕی تریلیۆنێك و دووسەد ملیار دیناریش وەك سولفە بۆ پێشمەرگە خەرج بکات، ئەوجا هەر لایەك ئەم ڕێککەوتنە پێشێل بکات، لایەکەی دیکەش بۆی هەیە پابەند نەبێت بە ڕێککەوتنەکەوە.



**ئەحمەد حاجی ڕەشید** لە کۆمەڵی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# ئەم ڕێککەوتنە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کێشەی خاکیش لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین

**حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان جیا لەوەی هەردوولایان قەیرانی ئابوورییان هەبووە و پێکەوە نەبوایە راستکردنەوەی ئاسان نەبوو، لە هەمانکاتدا دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە کە ئەویش تیرۆریستانی داعشە،، لەمبارەوە پەرلەمانتار ئەحمەد حاجی رەشید لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستە روو:**

«ئەو ڕێککەوتنەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ڕێککەوتنێکە لەسەر پرسی ئابوورییە و ئەم ڕێککەوتنە لەسەر ئاراستەیەکی دروست کراوە، لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە قەیرانی دارایی رزگاریان دەبێت و بەرەو کەناری ئارامیان دەبات، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کە هەردوولامان ڕووبەڕووی شەڕێکی سەخت بووین لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، هەر بۆیە ئەگەر هەوڵنەدرابایە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، ئەوا بوونی کێشە لە نێوان هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی تیرۆریستانی داعش دەشکایەوە.خۆتان دەزانن ماوەی ١١ مانگە مووچەی فەرمانبەران قورساییەکی زۆری خستبووە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێکی زۆری پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان راوەستابوون، بەڵام دوای ئەم ڕێککەوتنە هەم قورسایی مووچە چارەسەر دەبێت و هەمیش پرۆژەکان دەستپێدەکەنەوە، واتە بووژانەوەیەکی ئابووری لە کوردستان دەست پێدەکاتەوە، گرنگترین سەرچاوەی داهاتی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە هەناردەکردنی نەوت، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە و کەمی بەرهەمهێنان لە ئێستا نەیدەتوانی تەواوی داهاتی کوردستان دابین بکات، بەڵام لەم ڕێککەوتنەدا داهاتی تەواو دابین دەکات و تەنها رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیلیش نەوت دەداتە عێراق، لەبەرامبەریشدا حکومەتی عێراق دووچاری قەیرانێکی گەورەی ئابووری بووبوو، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی نەوتی کەرکووك هەنارده بکات، بۆیە لە کاتێکدا هەرێم هاوکاری بەغدا دەکات بۆ فرۆشتنی ئەو نەوتە، ئەمە بۆ بەغداش دەرگایەکی گرنگ و گەورەیە بۆ ئەوەی کورتهێنانی بودجەی کەم ببێتەوە، لە هەمووی گرنگتر ئەم ڕێککەوتنە ئاماژەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەش، ئێمە سێ کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە، کێشەی هەرە گرنگ کێشەی خاکە، کێشەی هاوبەشیکردن و شەراکەتمان هەیە لە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، هەروەها کێشەی ئابووریمان هەبووە، لەم ڕێککەوتنەی دوایی توانراوە کێشەی ئابووری چارەسەر بکەین، ئەم ڕێککەوتنەش بە دڵنیاییەوە سەرەتایەك دەبێت بۆ ڕێککەوتنەکانی دیکەش».





گوڵان – بەغدا

وا دیارە گەلی عێراق بەردەوام لەگەڵ کێشەو قەیراندا دەژی، کە زیاتر لە سەرۆکایەتی وەزیران، یان سەرۆکایەتی کۆمارەوە سەرچاوە دەگرن، ئەویش لە سایەی نوری مالیکی جێگری ئێستای سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی جاران کە بەردەوام سیاسەتی نەیار دروستکردن و قەیرانی پەیڕەو کردووە، عێراق بە درێژایی هەشت ساڵی رابردوودا بە چەندین قەیراندا رەت بووە، کە هەموو خواست و ئامانجەکانی هاووڵاتیانی عێراقی لەبەین بردووە، بەڵام مالیکی کە ئەمڕۆش جێگری سەرۆك کۆمارە هەمان سیاسـەت پەیڕەو دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەسەڵاتی تەشـریفاتی نییە، سوور بووە لەسەر ئەوەی دواتر دایبنێت و ئەمڕۆش دەبینین کە چۆن تێوەی گلاوە.

زرغام عەزیز کە شـرۆڤەکارێکی سیاسـییە لە بەغدا، لەو بارەیەوە بۆ گـوڵان گوتی: «نوری مالیکی کاتێك خۆی سەرۆك وەزیران بوو، هەمیشە سـوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی تەشریفاتی بە سەرۆکایەتی کۆمار بدرێت، کاتێ کـە بەتەنیا حوکمی عێراقی دەکرد، دوای ئەوەی کە بوو بە جێگری سـەرۆکی کۆمار یەکسەر دەسـتی کرد بە گەڕان بـەدوای هاوڕێکانی بـۆ بەرزکردنەوەی ئەو دەسـەڵاتانە، ئاماژەشـی بەوە کرد کە مالیکی رۆڵی سـەرۆك وەزیران دەبینێت دوای ئەوەی هەمان ئەو دەسـەڵاتانەی پێ درایەوە بـە مووچەی مانگانـە و زرێپۆش و گارد و دەسـەڵاتی دامەزراندنی خەڵك». گوتیشی: «مالیکی دەیان کەسی لە خزم و نزیکەکانی خۆی لە سەرۆکایەتیی کۆمار دامەزراندووە تاکو ببێتە دەروازەیەکیی شـەرعی بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتی یاسا».

رۆژنامەکانـی لوبنان بـەر لە چەند مانگێـك لە لاپەڕە فەرمییەکانـی خۆیاندا بڵاویان کردەوە کـە ئەحمەد نوری مالیکی بە تۆمەتی شووشتنەوەو بەقاچاخ بردنی پارە کە بە ١٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا، دەستگیر کراوە. تا ئەمڕۆش حکومەتی لوبنان ناوبراوی دەسـتگیر کـردووە و مالیکی نەیتوانیوە لەو قەیرانە رزگاری بکات.

عێراق بە درێژایی هەشـت سـاڵەی سـەردەمی حوکمی

**عێراق بە درێژایی هەشت ساڵی رابردوو بە چەندین قەیراندا رەت بووە و هەموو خواست و ئامانجەکانی هاووڵاتیانی عێراقی لەبەین بردووە**

مالیکی کە سـەرۆك وەزیران بوو، دووچاری دەیان کێشەی سیاسـی و ئابووری و ئەمنی بوو، وێڕای شکستهێنانی لە پەیوەندییەکانـی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، بەتایبەتیش ئەوانـەی دەوروبـەری بێجگە لـە ئێران، سـەرباری ئەو سیاسـەتەی مالیکی کە عێراقی خسـتە نێو گێژاوێك کە ناوی داعشـە، ئەمە بێجگە لە سەدان دۆسێی گەندەڵی و دادوەری و پەراوێزخستنی رکابەرەکانی خۆی و بەرزبوونەوەی ژمارەی نەیارانی سیاسـی کە لە سەردەمی حوکمی بەعس لە عێراق هاوڕێ و دۆستی بوون.

**● بـە فیڕۆدانی ملیارها دۆلار و دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار ٧٠ دۆلار**

جەلیل خوراسـان کە توێژەرێکی سیاسییە، لە ئاخافتنێکیا بۆ گوڵان، جەختی لەوە کردەوە کە «مالیکی لە کێشەکانی گەندەڵییەوە گلاوە» گوتیشـی: «بەر لـە چەند رۆژێك حکومەتـی تازەی عێراق بە شـێوەیەکی نهێنی لە میانی کۆبوونەوەیەکدا کە خۆی و ئەندامانی هەر سێ سەرۆکایەتی لە کۆشـکی (السـلام) ئامادەی بوون، ئاشکرای کرد کە حکومەتی پێشوو بە ملیارها دۆلاری لەو سندووقە راکێشاوە، کە داهاتی نەوتی تێدا هەڵگیراوە واتا ( سندووقی پەرەپێدانی عێراقی- دی ئێف ئای ) کە تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە، کێشـانەوەی ئەو پارە زۆرەش بە فەرمانی خودی مالیکی بووە، ئاماژەشـی بەوە کرد کە سندووقەکە ٦ ملیار دۆلاری تێدا بووە، لای عێراقییەکانیش شـاردراوە نییە کە کێشـەی گەندەڵی لە کڕین و بەبازاڕکردنی خورما لە سەردەمی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشوو کە راستەوخۆ رۆڵی هەبووە لە دەسـتێوەردان و رەفتارو هەڵسـوکەوت کردن لەم دۆسێیە و بەمـەش زیانی پتر لە ١٥٦ ملیـار دیناری بە درێژایی چوارسـاڵ لە بودجەی عێراق داوە. بڕی ئەو خورمایەی کە حکومـەت وەری گرتبوو بریتی بـوو لە ٢٢٤ هەزار تەن و بە بەهای ١٤٠ ملیار دینار کە بە شـێوەیەکی هەڕەمەکی فرۆشراوە».

لە بەرامبەردا میشێل ئەیوب توێژەری ستراتیژی بە گوڵانی

# مالیکی جێگری سەرۆک کۆمارە و دەیەوێت رۆڵی سەرۆک وەزیران ببینێت

## لە سەردەمی مالیکیدا.. ملیارەها دۆلار دیار نییە و کورەکەشی بەشووشتنەوەی پارەی عێراقی تۆمەتبارە

راگەیاند، کە پشتبەستنی عێراق بە نەوت و بێ ئەوەی پشت بە هێزی کار ببەستێت، دووچاری گێژاوی هەژارییەکی ریشەیی و واقیعی دەکاتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە سیاسەتی نەوتیی عێراق و هەرەسهێنانی بارودۆخی ئەمنی بە یەکجاری ئابووریی عێراق پەکخستووەو تووشی کاولی و وێرانبوونی کردووە، بۆیە ناکرێ متمانە بە نرخی نەوت بکرێت کە نرخی یەك بەرمیل ١١٠ دۆلار بوو لە ئێستاشدا لەدابەزیندایە و گەیشتە خوار ٧٠ دۆلار، بۆیە دەبینین کە دوای ٥٠ساڵ نرخی بەرمیلێك ئاوی پاکی خواردنەوە دەبێتە بەرامبەر نرخی بەرمیلێك نەوت».

**• مالیکی دەست بەسەر باشووری عێراقدا دەگرێت**

کەسێکی پێشووی نزیك لە مالیکی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە گوڵانی راگەیاند: بەغدای پایتەخت و پارێزگای بەسرە لە ئێستادا لە دەستی حزبی دەعوە و دەوڵەتی یاسادان، مالیکیش رۆڵی سەرەکیی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی سەرجەم دۆسییەکان، ئاماژەشی بەوە کرد کە پرسی فەزائییەکان (بندیوارەکان) لە سوپای عێراق کە بەم دواییە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران ئاشکرای کردن، زۆر مالیکی تووڕە کردووە، بەڵام ئەوەشی روون کردەوە کە ئەو دەسەڵاتانەی مالیکی هەیەتی وەك ئەو دەسەڵاتانەیە کە بەر لە چەند ساڵێك ئیبراهیم جەعفەری هەیبوو کاتێ کە سەرۆکایەتی وەزیرانی بەجێ هێشت، تەنیا لە بەرامبەر رازیکردنی کەسایەتی و دەسەڵاتداران.

**• مالیکی لە پێگەی هاشمیدا**

نووری مالیکی کە چەندین دۆسیێ گەندەڵی و تاوانی پەیوەست بە تیرۆری دەرحەق تاریق هاشمی جێگری پێشووی سەرۆك کۆمار ئاشکراکرد، ئەمرۆ خۆی و کوڕەکەی کە بەڕێوەبەری نووسینگەکەی بوو لە شوێنی ئەودا دەبینێتەوە لەو تۆمەتانەی تێوە گلاوە، بە تایبەتیش دۆسیێ ئەمنی، لە ئێستاشدا مالیکی وەك هەنگاوێك بۆ تۆڵەسەندنەوە، سەرۆکایەتیی کۆمار دەکاتە سێدارە بۆ لەبەین بردنی ئەوانەی کە دادگا بە تۆمەتی تیرۆر حوکمی داون و بە تەنیا و بێ ویژدانانە ئیمزاش لەسەر لەسێدارەدان دەکات، بە تایبەتیش کە ئەزموونی گەلی عێراق لەگەڵ ئەم دۆسیێیە زۆر مایەی خەم و ئازارە لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتیی کۆمار بە جددی و رشتییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکردووە.

مالیکی بەڵێنی دا کە هەوڵبدات لە میانی ئەو پۆستە تازەیەی وەك جێگری سەرۆك کۆمار، نجێفی و هەموو ئەوانەی دژی کاندیدکردنی وەستابوونەوە ئەوانە بخاتە خانەیەکەوە کە کەس بەغیلییان پێ نەبات، دیارە بەو هەیبەت و دەسەڵاتەی کە مالیکی هەیەتی، دەکارێ چالاکییەکانی سەرۆکایەتی وەزیران سنووردار بکات و رۆڵێکی باشتر بە سەرۆکایەتیی کۆمار بدات، تاکو پشکی شێری هەبێت، بەتایبەتیش کە فوئاد مەعسوم (جێگرەوەی تاڵەبانی و کاندیدی کورد بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار) پیاوێکی بەتەمەنە و توانای راپەڕاندنی زۆر کاری نییە، بۆیە ئەگەر ئەو ئەرکە بە مالیکی بدرێ، ئەوا دۆسیێ لەسێدارەدان دەگرێتە دەست، بەمەشرا دەردەکەوێت کە گەلی عێراق بەردەوام دووچاری گرفت و قەیران دەبێتەوە.

**• سەرۆکی هەرێم مالیکی ئاگادارکردەوە، بەڵام گوێی پێ نەدا**

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە پەیمانی داوە بە هەموو توانایەکی هێزی پێشمەرگەوە بەرگری لە هەرێم و عێراق بکات، مالیکی ئاگادارکردەوە کاتێ کە سەرۆك وەزیران بوو، کە مەترسیی داعش لە موسڵەوە نزیکە، بەڵام مالیکی گوێی بەو مەسەلەیە نەدا، ئەوە بوو دوای پێنج رۆژ موسڵ بەدەستی داعش داگیرکرا و لە ئاکامدا بە هەزاران هاووڵاتی کوژران، یان بریندار بوون، یاخود رفێندران و زۆریشیان ئاوارەبوون.

مالیکی کە بە پشتگوێخستنی مەترسیی موسڵ تۆمەتبارە، بە دۆسیێ ئەمنیش تاوانبار کراوە، بۆیە لە ئێستادا پەرلەمانی عێراق بە دوای رێگەیەکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت: ئەم کارە پێویستی بە رێوشوێنی دەستووری هەیە.

**مالیکی بە پشتگوێخستنی مەترسیی موسڵ تۆمەتبارە و بە دۆسیێ ئەمنیش تاوانبار کراوە**


**کەسێکی نزیک لە مالیکی دەڵێت: بەغدای پایتەخت و پارێزگای بەسرە لە ئێستادا لە دەستی حزبی دەعوە و دەوڵەتی یاسادان و لە ئێستاشدا مالیکی وەک هەنگاوێک بۆ تۆڵەسەندنەوە، سەرۆکایەتیی کۆمار دەکاتە سێدارە بۆ لەبەین بردنی ئەوانەی کە دادگا بە تۆمەتی تیرۆر حوکمی داون**



پرۆفیسۆر تەمەر مایەر بەڕێوەبەری سەنتەری رۆهاتین بۆ گوڵان:

# شەڕی پێشمەرگە لەدژی داعش شەڕێکی سەرسوڕهێنەرەو دەبێت جیهان ئەم هەڵوێستەی کوردستان لەبەرچاو بگرێت





**پرۆفیسۆر تەمەر مایەر، بەڕێوەبەری (سەنتەری ڕۆهاتین) بۆ کاروباری جیهانی و تۆێژەرە لەسەر پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیرۆریزم، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی مەترسییەکانی تیرۆیستانی داعش و گۆڕینی دیاردەی تیرۆریزم لە دیاردەیەکی نادەوڵەتییەوە بۆ بکەرێکی دەوڵەتی و دوودڵی هەندێك لە دەوڵەتانەی لە ناو هاوپەیمانی دژی داعشدان سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداریکردنیان لەم شەڕە و هەروەها ڕۆڵ و کاریگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەو خاتوونە ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە.**

*** پێش ئەوەی ناوی خۆیان بگۆڕن بۆ داعش، پێشتر تەنها کاراکتەرێکی تیرۆریستی غەیرە دەوڵەتی بوون، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤دا داعش خۆی وەك خەلافەت ڕاگەیاند، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت جیهان ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی تیرۆریستی ببێتەوە، یان شەڕی لەگەڵدا بکات، کە ئەوە کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی خاکێکی بەربڵاویان لەبەردەستە و هەروەها هێزی مرۆیی و ئابوورییان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك داعش پێناسەی تیرۆری گۆڕیوە؟**

- بە دڵنیاییەوە، داعش بە دوو شێوە ئەم کارەیان کردووە و گۆڕانکارییان بەسەر چەمکی تیرۆردا هێناوە. ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی لە ڕابردودا بینیومانن، قەوارەیەکی بچووکتر و هەروەها مەیلێکی لۆکاڵییان هەبوو، کە بە زۆری -لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە- گرێدەدرانەوە بە ئیتنۆناسیۆنالیزمەوە، بە گرووپە ئیتنۆناسیۆنالیستییەکانەوە، کاتێکیش گرووپە ئیتنۆناسیۆنالیستییەکان دەوڵەتیان نەبوو، هەروەها ئامرازێکیان نەبوو، ڕوویان کردە تیرۆریزم و تیرۆریزمیش وەك چەکی کەسە بێ دەوڵەتەکان سەیر کرا. داعش جیاوازی لەم پرسەدا دروستکرد، بەوەی ئەوان پابەند نین بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەیانەوێت خەلافەت لە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکەن، لەوێشەوە بۆ سەرتاسەری جیهان، بەرەو زەریای ئەتڵەسی، بەرەو باکووری ئەفریقیا و نەیجیریا و هەموو ئەو شوێنانە. پێموایە داعش یەکەم شت گۆڕیبێتی ئەوە نییە کە تیرۆریزم چۆنە و چ جۆرە تیرۆریزمێکە، بەڵکو ئەوەی گۆڕی کە پەیوەست نییە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە و دەیەوێ هەموو جیهان بگرێت. کاری دووەم کە کردبێتیان ئەوەیە تیرۆریزمیان بەرەو ئاستێکی دیکەی دڕندانەتر و دڵڕەقانەتر برد. ئەوان دەست لە هیچ ناپارێزن و لە هەر گرووپێکی تیرۆریستی خراپترن کە لە ڕابردوودا بەدیمان کردبێت.

**دادگا قەرەبوو نادات، جیهان قەرەبوو ناداتەوە، بەڵکو دەبێت ئەنجامدەرانی تاوان قەرەبوو بدەنەوە**

*** جیهان بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە ناکرێت تەنیا لە ڕێی هێزی سەربازییەوە داعش لە ناوببردرێت، بەڵکو پێویستە بە بەشداریکردنی هێزەکانی دیکەش دەکات، بۆ نموونە: دەوڵەتە ئیسلامییەکان، کە لە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە لایەن داعشەوە، نەیانتوانیوە کۆنفرانسێك بگرن، بۆ یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان لە ئاست داعش دەربڕن، یاخود ئیدانەی کارەکانی بکەن، ئایا تا چ ڕادەیەك گرنگە دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە هاوپەیمانێتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی بەشدار بن؟**

**بیرۆکەی پشت داعش ئەوەیە بە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بڵاو ببێتەوە و یەک خەلافەتی ئیسلامی ڕابگەیەنێت، لە خەلافەتیشدا چیتر سیستمی دەوڵەتان بوونی نامێنێت**

- سەرەتا با پێناسەی ئەوە بکەین، دەوڵەتە ئیسلامییەکان

**پێویستە ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لەو تاوانەکان لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە لاهای دادگایی بکرێن**

**ئەگەر دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکانی جیهانی عەرەبی و هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان لەگەڵ سیستمی دەوڵەتدا بن، دەبێت شەڕی داعش بکەن، چونکە ئەگەر ئەمە شەڕە نەکەن، ئەوا دەوڵەتیان نامێنێت**

**داعش یەکەم شت گۆڕیبێتی ئەوە نییە کە تیرۆریزم چۆنە و چ جۆرە تیرۆریزمێکە، بەڵکو ئەوەی گۆڕی کە پەیوەست نییە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە**

کێن، یەکەم شت کە پێویستە ئەنجامی بدەین ئەوەیە بزانین ئایا دەوڵەتە ئیسلامییەکان کێن؟ ئایا ئێمە باسی پاکستان دەکەین، یان باسی سعودیە، یان وڵاتانی دیکەی موسڵمان کە دەچنە خانەی پێناسەکەی ئێوەوە؟ بەڵام ئایا لە هەمان خانەی بۆ نموونە: (میسر، یان ئەردەن) دان؟ لەبەر ئەوە دەبێت وریا بن لە پێناسەکردنی ئەوەی کامانە وڵاتی ئیسلامین. دروستکردنی پاکستان بۆ ئەوە بوو ببێتە وڵاتی سەرجەم موسڵمانان لە جیهاندا، بەڵام ئەمە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەمە ئەرکی وڵاتی میسر و ئەرکی وڵاتی ئەردەن نییە، ئەمە ئەرکی وڵاتی سووریا نییە، ئەمە ئەرکی وڵاتی لوبنان نییە. لەبەر ئەوە دەبێت وریا بن لە پێناسەکردنی ئەوەی کامە دەوڵەتی ئیسلامییە. بەلای منەوە پێویستە پرسیارەکە ئەوە بێت، ئایا دەبێت تێڕوانینی دەوڵەتە عەرەبییەکان، نەك تەنها موسڵمانەکان، لە ئاستی داعشدا چی بێت؟ پێموایە ئەوە پرسیارێکی راستەقینەیە.

*** لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند وڵاتێکی کەمی موسڵمان چوونەتە نێو هاوپەیمانی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی، زۆربەی ئەندامانی دیکەی هاوپەیمانێتییەکە وڵاتی مەسیحی و سەر بە رۆژئاوان، تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی شەڕەکە بۆ شەڕی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، پێموایە ئەگەر دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەیانەوێت وەك دەوڵەتی خاوەن سەروەری بمێننەوە، ئەوا دەبێت شەڕی داعش بکەن، چونکە بیرۆکەی پشت داعش ئەوەیە بە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بڵاو ببێتەوە و یەك خەلافەتی ئیسلامی رابگەیەنێت، لە خەلافەتیشدا چیتر سیستمی دەوڵەتان بوونی نامێنێت. پێموا نییە پێویست بەوە بکات دابەشبوونێك لە نێوان جیهانی مەسیحی و جیهانی ئیسلامیدا بکرێت. ئەگەر دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکانی جیهانی عەرەبی و پاکستان و ئازەربایجان و کازاخستان و قیرغستان و هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان لەگەڵ سیستمی دەوڵەتدا بن، ئەوا شەڕی داعش دەکەن و دەبێت شەڕی داعش بکەن، چونکە ئەگەر ئەمە شەڕە نەکەن، ئەوا دەوڵەتیان نامێنێت.

*** چۆن رێگری لەو وڵاتانە دەکرێت کە بە شێوەیەکی پەنهانی هاوکاری دارایی داعش، یان پشتیوانی دەکەن؟**

- پێموایە بە دوو رێگە ئەم کارە دەکەن، لە قەتەر بڕوانن، من دڵنیا نیم، بەڵام خوێندوومەتەوە کە قەتەر پشتیوانی دەکات و هاوکاری دەکات، لە هەمان کاتدا زۆر گرنگە کە قەتەر بەردەوام وەك ئەندامێکی سیستمی دەوڵەت بمێنێتەوە. من نازانم، بەڵام رەنگە ئومێدی ئەوە بکەن کە لە ئاستێکدا کۆنترۆڵی هەندێ چالاکیی داعش بکەن لە رێگەی دابینکردنی دارایی بۆ هەندێ لە چالاکییەکانیان، کە من بەڕاستی نازانم، بەڵام پێموایە دابەشبوونی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت کارێکی بەڕاستی مەترسیدارە و پێموا نییە ئەمەش راست بێت.

***کورد بەڕاستی و بوێرانە توانیویانە شەڕی داعش بکەن و داینامیکیەتی شەڕەکە بگۆڕن و هێرشەکانی رابگرن، ئایا تا چ رادەیەك گرنگە کە جیهانی ئازاد ئەم هەڵوێستەی کورد لەبەرچاو بگرن؟**

- بەدڵنیاییەوە، دەبێت ئەو هەڵویستەی کورد لەبەرچاو بگیرێت و ئەو کارەش بکرێت، من بۆ چەندینساڵ چاودێری نەهامەتی کوردەکانم کردووە، بەڕاستی پێموایە لە ئێستادا خەڵکی تێدەگەن. یەکەم، خەڵکی لە کاتی هێرشکردنە سەر هەڵەبجەدا لە هەشتاکاندا تێگەیشتن و کوردەکان بایەخێکی زۆریان پێدراوە، شایستەی ئەوەشن کە بایەخێکی تەفزیلکراویان پێدراوە لەلایەن جیهانەوە و باوەڕم وایە ئەوەش بەردەوام دەبێت. پێموایە کوردەکان کارێکی زۆر باش دەکەن و پێشمەرگە کارێکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەکەن، من پشتیوانییان دەکەم، نەك هەر من، بەڵکو زۆر کەسی تریش. بارودۆخی کورد جیاوازە و شتێکی دیکەیە و ئێوە کارێکی زۆر باش دەکەن.

*** کوردانی ئێزیدی رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە و دەستدرێژی کرایە سەر ئافرەتەکانیان و فرۆشران، وەك مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرا، کە ئەمەش بە بەر چاوی جیهانەوە روویدا، هەموو ئەمانە لە سەدەی بیست و یەکدا روویداوە و هەر شتێك رووبدات ئەوا راستەوخۆ جیهان لە چەند خولەکێکی کەمدا لێی ئاگادار دەبێتەوە، ئایا تا چەند پێویستە جیهان ئیدانەی ئەم کارە بکات و ئەم تاوانانە بە جینۆساید بناسرێ، چونکە تەنها بوونی نییەتێك بۆ لە ناوبردنی نەتەوەیەك بەسە بۆ ئەوەی بە جینۆساید بناسرێت؟**

- من هاوڕام و باوەڕم وایە تاوانەکانی داعش لە شنگال جینۆساید و پاکتاوی نەژادی و بە دڵنیاییەوە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بوون. دەکرێت ئەم گفتوگۆیە بەرینە ئاستێکی دیکەوە و بڵێن پێویستە ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە لاهای دادگایی بکرێن.

*** قوربانییانی شنگال تا چ رادەیەك دەتوانن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دادگای نێودەوڵەتی داوای قەرەبوو بکەن؟**

- دادگای نێودەوڵەتی قەرەبوو نادات، هیچ کاتێك دادگاکان قەرەبوو نادەنەوە، بەڵکو دەتوانن حوکم بدەن



بەوەی کە دەبێت ئەم گرووپە قەرەبوو بدات، بەڵام ئەم گرووپە دەوڵەت نییە، میکانیزمێکی نییە بۆ ناچارکردنی بە قەرەبووکردنەوە، دادگا ئەمە ناکات و ئەمە کاری دادگا نییە، دادگا رایدەگەیەنێت کە تۆ تاوانباریت و ئەمە سزاکەتە و دەبێت زیندانی بکرێت و سەرەڕای ئەوەش دەبێت قەرەبوو بدەیتەوە بەو کەسانە. بەڵام میکانیزمێك نییە بۆ ئەوەی بیگرینەبەر بۆ ئەوەی قەرەبووکە بدرێتەوە. دادگا قەرەبوو نادات، جیهان قەرەبوو ناداتەوە، بەڵکو دەبێت ئەنجامدەرانی تاوان قەرەبوو بدەنەوە، ئەوەش کارێکی سەختە. پێموایە دەبێت ئەو کارە بکرێت. من بیر لەوە دەکەمەوە کە لە رواندا روویدا، یان ئەوەی لە چیللی روویدا، یاخود ئەوەی لە بەلقان کە ئەو خەڵکانە هێندرانە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی بۆ ئەو بەرپرسیارێتییەی هەیانبوو لە کوشتنی بە کۆمەڵدا، بەڵام رانەگەیەندرا کە جیهان دەبێت قەرەبوو بکاتەوە، یان کێ ئەو قەرەبووە بداتەوە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ژمارەی دانیشتووانەکەی پێنج ملیۆن کەسن، ئێستا نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی سووریا و عێراق و ئێزیدی و مەسیحی رووی تێکردووە، هەروەها بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی لەلایەن بەغداوە خراوەتە سەری، ئیمکانیەتی ماددیشی زۆر سنووردارە، هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانیش لە ئاستێکی نزمدا بوون، سەرەڕای نزیکبوونەوەی وەزری زستان کە کۆمەڵێك کێشەی دیکە دروستدەکات، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رۆژئاوا نایانەوێت جارێکی دیکە سەربازەکانیان بنێرنەوە بۆ ئەم ناوچەیە، خۆ دەتوانن هاوکاری مرۆیی رەوانە بکەن و رێگە لە کارەساتێکی مرۆیی بگرن، بۆچی لەو بوارەدا کەمتەرخەمی دەکەن؟**

- کێشەیەکی مرۆیی زۆر گەورە هەیە لە پەیوەندی بە ئاوارەکانەوە لە ئەردەن و جیهانیش بەڕاستی هاوکار نییە، پێموایە ئەوە هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی داوای بکرێت، بەڵام دەبێت واقیعی بین، ئاوارەیەکی زۆر هەن لە جیهاندا لە ئێستا ئاوارەکانی سووریا لە ئەردەن زیاتر لە ملیۆنێك کەس دەبن و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەوە دەکات کە لە توانایدایە و ئەوەش هەموو شتێکە و وڵاتان کارێکی زۆر ناکەن، کارێکی راستە ئەگەر بیکەن، بەڵام گومانم هەیە لەوەی جیهان بەو ئاراستەیەدا بڕوات.

*** دەبینین هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بە تایبەتی تورکیا و وڵاتانی کەنداو هاوکاریەکی زۆری ئەمەریکا لە شەڕی دژ بە داعشدا ناکەن، یاخود هاوکاری بەرەی ئەلنوسرە دەکەن کە بەشێکە لە ئەلقاعیدە، ئایا ئەگەر هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا جیددی نەبن لە شەڕی داعش ئەوا ئەمە چی دەگەیەنێت؟**

- نەخێر، پێم وانیە ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە، پێم وایە ئەمەریکا دەیەوێت شەڕی داعش بکات، بەڵام ئەمەریکا لە دۆخێکی ئاڵۆزدایە، چونکە ئەگەر شەڕی داعش بکەن ئەوا دەکرێت ئەمە وەك پشتیوانیکردنی ئەسەد لێکبدرێتەوە. کەواتە مەسەلەکە سادە نیە، مەسەلەکە رەش و سپی نیە، ئەگەر شەڕی داعش بکەن مانای وایە پشتیوانی ئەسەد دەکەن، بەڵام چۆن پشتیوانی ئەسەد دەکەن؟ چونکە ئەسەدیش خەڵکەکەی خۆی دەکوژێت. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمەریکا لە دۆخێکی دژواردایە، چونکە ئەگەر چالاکانە شەڕی داعش نەکات، بە مانای ئەوە نایەت کە نایەوێت شەڕی داعش بکات.

*** بەڵام تورکیا مەرجی ئەوەی هەیە کە دەبێت کار بۆ لە ناوبردنی رژێمەکەی ئەسەد بکرێت؟**

- پێم وایە هەمو کەس هۆشیارە بە داعش و مەترسی هەیە لە داعش، ئەمەریکا مەترسی هەیە و ئەردەن و تورکیا مەترسیان هەیە و هەمو کەس مەترسی هەیە. هەمویان هەڵوێستی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەگەر شەڕی داعش بکەن، ئایا لەم شەڕەدا هاوکاری کێ دەکەن؟ پێم وایە ئەوە پرسیارێکی ئاڵۆزە و من نامەوێت لێرەدا بەرگری لە کەس بکەم بەڵام لەوە تێدەگەم کە بۆچی ئەمە دۆخێکی دژوارە.

*** دوا پەیامت چیە؟**

بە بەهێزی بمێننەوە، ئێوە راستن لە شەڕەکەتاندا، بەردەوام بن لە شەڕەکەتاندا، بە بەهێزی بمێننەوە.

**تاوانەکانی داعش لە شنگال جینۆساید و پاکتاوی نەژادی و بە دڵنیاییەوە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بوون**



# تیرۆر لە نێوان پێناسە و بەرەنگاربوونەوەیدا



د. کاوە محمود*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

لە سەدەی رابووردوودا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە چەندین رێکەوتننامەی نێودەوڵەتیدا ئاماژەی بۆ دەستەواژەی تیرۆر ودژایەتیکردنی کاری تیرۆریستانە کردووە، لەوانە رێکەوتننامەی جنێف سەبارەت بە قەدەغەکردنی کاری تیرۆریستانە، کە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٧دا مۆرکراوە.

بەپێی پەرەگرافی دووەم لە یەکەمین بەندی ئەم رێکەوتننامەیە چەمکی تیرۆر ئەو کارانە دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی ترساندن وتۆقاندنی کۆمەڵە کەسێك یان تەواوی گەلێك، لە رێگای ئەنجامدانی توندوتیژییەوە، لە ئاکامیدا ژیانی خەڵك یان ئەوانەی بە کاری فەرمی لە وڵاتەکەدا کار دەکەن، دەخاتە بەر مەترسییەوە.

هەروەها رێکەوتننامەی ئەوروپا بۆ دژایەتی تیرۆر کە لە ساڵی ١٩٧٧دا مۆرکراوە تاوانی تیرۆر بە تاوانێکی سیاسی دانانێت، ویەکەمین بەندی ئەم رێکەوتننامەیە دەستنیشانی تاوانی تیرۆریستانە بەم جۆرە دەکات:

- تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر فڕۆکەی مەدەنی.
- رفاندن وبە بارمتەگرتن ودەست بەسەراگرتنی خەڵك.
- تاوانی فڕۆکە رفاندن.

- تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر کەسایەتییە سیاسییەکان.
- هەرکارێك توندوتیژی نارەوای تیادا دژ بە کەسێکی مەدەنی بەکاربهێنرێ، ژیان و سەلامەتییان بخاتە بەر مەترسییەوە.

بە پێی راگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە٢٦٢٥ی ساڵی ١٩٧٠دا دژ بە تیرۆر، کاروکردەوەی تیرۆریستانە تاوانێکی ئاساییە و ناکرێ بە تاوانێکی سیاسی لە قەڵەم بدرێ.

بەپێی ئەم راگەیاندنە هەموو شێوازەکانی کۆلۆنیالیزم وکاری نەژادپەرستی وپێشێلکردنی مافی مرۆڤ وداگیرکردنی خاکی وڵاتێکی دیکە و مەترسی خستنە سەر ئاشتی جیهان، بە کاری تیرۆریستانە دادەنرێ.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پاش راگەیاندنەکەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە چەندین بریاری جۆراوجۆردا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە نابێ هیچ دەوڵەتێك دژ بە دەوڵەتێکی دیکە کاری تیرۆریستانە ئەنجام بدات، یان، بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستانە، هانی گرووپێکی چەکدار بدات، یارمەتی پێشکەش بکات، زەمینەی بۆ برەخسێنێ.

پاش شاڵاوە تیرۆریستانەکەی یانزەی سێپتەمبەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بریاری ١٣٧٣ی لە ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ وەرگرت.

بەپێی ئەم بریارە شاڵاوەکەی ١١ی سێپتەمبەر بە کارێکی تیرۆریستانە دانرا، چونکە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی خستەبەر مەترسییەوە.

بریارەکە مافی بە هەر دەوڵەتێك کە رووبەرووی تیرۆر دەبێتەوە دەدا، کە کارو کردەوەی گونجاو بگرێتە بەر بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو مەترسییە، شەڕ دژ بە تیرۆر رابگەیەنێ. بریارەکە داوای لە دەوڵەتانی جیهان کرد کە لە ماوەی سێ مانگدا زانیاری پێویست بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەش بکات بۆ هاوکاری کردنی لە پێناوی قەڵاچۆکردنی تیرۆردا.

سەرەڕای گرنگی هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ رووبەرووبوونەوەی تیرۆر، بریارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش گیروگرفتێکی یاسایی وپراکتیکی دروست کرد بە هۆی نەبوونی پێناسەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چەمکی تیرۆر. بریارەکە کە مۆرکێکی نێودەوڵەتی هەیە، دەستنیشان کردنی مەسەلەی تیرۆر بە شێوەیەکی پراکتیکی دەخاتە ژێر رکێفی پێناسەی ناوخۆیی ئەمەریکایی بۆ چەمکی تیرۆر. هەڵبەتە پێناسەی ئەمەریکا بۆ ئەم چەمکە رەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتە دەبێ، هەر لەو روانگەیەوە بریاری ئەوە دەدات کام رێکخراو، کام گرووپ، یان کام دەوڵەت تیرۆریستە.

لە پراکتیکی سیاسیدا، پێش شاڵاوەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بەسەر کوردستاندا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەمکی دژایەتیکردنی تیرۆر، مەسەلەی مافی گەلان بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان کە ئاکامەکەی گۆڕینی سنووری سیاسیی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا بە ئەنجام دەگەیاند لە روانگەی بەرژەوەندییە هەنووکییەکانی خۆیەوە، بە دژایەتی یەکتر تەماشای دەکرد. ئەمەش وای کردووە کە تێکۆشانی هەندێ لایەنی سیاسی لە کوردستانی تورکیا بە کاری تیرۆریستی لە قەڵەم بدات، چەندین رێکخراوی سیاسیی کوردستانیی خرابوونەوە لیستی بزووتنەوە تیرۆریستەکانەوە، لە کاتێکدا کە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان تێکۆشانی گەلان بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووس و رزگاری نیشتمانییان بە مەسەلەیەکی رەوا دادەنێ. بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی شێوازی نوێی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە کە دەوڵەتی خلافەتی ئیسلامی ئەنجامی دەدات، هەڕەشە لە ئاشتی و سەقامگیری جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، حاڵەتێکی نوێ هاتۆتەکایەوە بە شێوازێکی پراکتیکی ئەو دوو فاقە کە جاران بە ناکۆك و دژ بەیەکتر دادەنران لە یەك جەمسەر کۆبۆتەوەو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە لایەکەوە بۆ مافی رەوای نیشتمانیی و سەربەخۆیی تێدەکۆشێت، لە هەمان کاتدا رووبەڕووی تیرۆری نێودەوڵەتی دەبێتەوە، وتەنانەت تاکە هێزی سەرەکییە لە سەر زەمینەی واقیعی جوگرافی مقاوەمەت دەکات. ئەمەش حاڵەتێکی نوێیە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و ئاکامەکەشی فراوانبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی دەبێت بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان.

بەڵام لە هەمان کاتدا بوونی بەرژەوەندی جیاواز لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، وای کردووە کە تائێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو سەبارەت بە چەمکی تیرۆر لە ئارادا نەبێ.

لەوە دەچێ پەرلەمانی کوردستان ئەم حاڵەتەی بە هەند وەرگرتبێ، بۆیە قانونی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ لە پێناسەی چەمکی تیرۆردا ئاماژە بۆ چەندین تاوان دەکات، بە کاری تیرۆریستانە دەستنیشانیان دەکات. لەم روانگەیەوە پێناسەیەك بۆ کاری تیرۆر دەکات کە هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە، یان هەڕەشە پێکردنییەتی، یان هاندانە بۆی، کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات، بۆ ئەنجامدانی پلانێکی تاوانکارانەی تاك تاك، یان کۆمەڵکوژی، کەسێ یان کۆمەڵە کەسانێك، یان گرووپێك دەکاتە ئامانج، یان کوێرانە، ئەنجامی دەدات بە مەبەستی تۆقاندن وترس و دادوفیغان و ئاژاوەنانەوە لە ناو جەماوەردا، یان بیانترسێنێ بە جۆرێ سیستەمی گشتی بشڵەژێنێ، یان ئاسایش وسەلامەتی هەرێم تووشی مەترسی بکات، یان زیان بە ژینگە، بە دامودەزگا، بە موڵکی گشتی یان موڵکی تایبەت بگەیەنێ، یان سەرچاوەی دەستهاتێکی سروشتی بخاتە بەر مەترسییەوە. دوای گفتوگۆ سەبارەت بەم پێناسەیەی کاری تیرۆر، ئامانج و مەبەستی سیاسی کە لە پشت ئەم تاوانەوەیە خراوەتە سەر پێناسەکە. ئەو مەبەستانەش لە هۆکاری سیاسی یان بیروبۆچوون، یان لە بەکافر دانانی بەرامبەر، بەرجەستە دەبێ.

**کاتی ئەوە هاتووە کە دەزگایەکی نیشتمانی بۆ هاووڵاتیبوونی کوردستانی لە نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ وداد وئەوقاف وکاروباری ئاینی و رۆشنبیری وپەروەردە وپێشمەرگە ودارایی ودەستەی گشتی ئاسایشی هەرێم پێک بهێنرێت، بۆ ئەوەی یەکێک لە کارەکانی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەرەنگاربوونەوە ونەهێشتنی تیرۆر بێت**

**رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پێویستی بە نەخشە وپلانێکی نیشتمانی سەرانسەری بۆ قەڵاچۆکردنی هەیە.**

**ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پاش راگەیاندنەکەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە چەندین بڕیاری جۆراوجۆردا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە نابێ هیچ دەوڵەتێک دژ بە دەوڵەتێکی دیکە کاری تیرۆریستانە ئەنجام بدات، یان، بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستانە، هانی گرووپێکی چەکدار بدات، یارمەتی پێشکەش بکات، زەمینەی بۆ بڕەخسێنێ**

لە دارِشتنی ئەم پێناسەیەش ئەوە رەچاو کراوە کە گشتگیر بێ، وتێکرای ئەو حاڵەتانە بگرێتە خۆی کە لە بەندە جۆراو جۆرەکانی یاساکەدا هاتوون.

کاتێك قانونەکە ئاماژە بۆ کاری تیرۆر دەکات، ناچار دەبێ ئەو حاڵەتانە دەستنیشان بکات کە بە کاری تیرۆر دادەنرێ. هەڵبەتە ئەو کردەوانەش لە یەك ئاست دا نین، بۆیە هەر کارێك لەو کاری تیرۆرانە سزای تایبەتی خۆی هەیە هەروەکو لە ماددەکانی ٢، ٣، ٤،٥دا هاتووە.

بە پێی ئەم پێناسەیە کە سوودی لە مەرجەعیەتی نێودەوڵەتی وەرگرتووەو رەچاوی تایبەتمەندی کوردستانیشی کردووە، چالاکییە دەوڵەتی خلافەتی ئیسلامی و کاروکردەوەکانی و شەڕی نارِەوای دژ بە کوردستان و گەلانی ناوچەکە بە تیرۆر دادەنرێت، تەنانەت دەگاتە حاڵەتی ئیبادەی بەکومەڵ.

ئەو مەترسیانەی کە لە جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە کوردستاندا دێتە پێشەوە، لەوەدایە کە نەریت وبەها دیموکراتییەکان لە پەیرەوکردنی دەسەڵات دا سەقامگیر نەبووە. ئەمەش دەبێتە هۆی مەترسی لە دارِشتنی کارێکی نایاسایی لە چوارچێوەی سزاکانەوە. ئەوەی ئەم مەترسییە هێور دەکردەوە بەندی حەڤدە بوو لە قانونەکەدا کە ماوەی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەی بە دوو ساڵ دەست نیشان کردووە، جگە لە بەندی سیانزە وچواردە کە ئاماژە بۆ رچاوکردنی نەریتەکانی مافی مروڤ و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکەدا دەکات. بەڵام بە هۆی بەردەوامبوونی مەترسییەکانی تیرۆر قانونی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ بە قانونی ژمارە ١١ لە ساڵی ٢٠٠٨ دوو ساڵ درێژکرایەوە وپاشانیش بە قانونی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٢/٧/١٦ درێژکرایەوە، و دواتر بە قانونی ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە درێژکرایەوە. لە هەمان کاتدا دەبینین بەردەوام هێزە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان بە تێبینی زۆرەوە دەرِواننە ئەم قانونە، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەوەیە کە مۆرکی تیرۆر لە ناوچەکەماندا سروشتێکی ئیسلامی سیاسیی وەرگرتووە.

بوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کارێکی نائاساییە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا، تەنانەت لە حاڵەتی پێداویستی بوونی ئەم یاسایەش، تیرۆر تەنها لە رێگای بوونی ئەم یاسایەوە دژایەتی ناکرێ. رووبەرِووبوونەوەی تیرۆر لە هەلومەرجی ئەمرِۆدا پێویستی بە نەخشە و پلانێکی نیشتمانی سەرانسەری بۆ قەڵاچۆکردنی هەیە. پێویستە ئەم نەخشەیە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گشتی بگرێتەوە.

**پێویستە ئەم نەخشەیە بواری ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی گشتی بگرێتەوە.**

تیرۆر وەك دیاردەیەك هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. بوونی بارگرژی کۆمەڵایەتی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ وتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان، ئاڵۆزی باری گوزەرانی خەڵك کۆمەڵێك فاکتەرن کە زەمینەیەکی لەبار بۆ چالاکی گرووپە تیرۆریستەکان لە نێو خەڵکدا دورووست دەکات. بەڵام هۆکاری سەرەکی تیرۆری هاوچەرخ و بنەماکانی لە کوردستان و لە ناوچەکەماندا لە ئاکامی بەکارهێنانی ئاینە بۆ شیکردنەوەی و پەیرِەو کردنی کاری سیاسی کە سادەترین ئاکامەکانی تەکفیرکردنی بەرامبەر و قبوڵنەکردنی فرەبوون و هەمەچەشنی و شەڕی ئاینیی یان تایفەگەرییە. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا زاڵبوونی ناسنامە لۆکالییەکان و پەروەردەنەکردن بە چەمکی هاووڵاتی کوردستانی و لاوازی نەریتە مەدەنییەکان و بڵاوبوونەوەی کەلتوری توندوتیژی لە کۆمەڵدا هۆکارن بۆ تەشەنەکردنی دیاردەی تیرۆر. سەرەرِای ئەو هۆکارانەش هێزە هەرێمایەتیەکان و دەستێوەردانی دەرەکی جۆراوجۆر هۆکارن بۆ تەشەنەکردنی دیاردەی تیرۆر.

بوونی قانونی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کارێکی پێویستە، بەڵام ئەوەی لە هاوکێشەکەدا و نە ئەوەیە کە قانونەکە تەنها ئاماژە بۆ کۆمەڵێك رێوشوێنی سزاکارانە دەدا بێ ئەوەی ئاماژەیەکی تێدا بێت بۆ بوونی دەزگایەکی نیشتمانی کوردستانی بۆ دژایەتی تیرۆر کە ئەرکی دانانی رێوشوێن وپلانی گونجاوبێت بۆ کارتێکردنە سەر کۆمەڵگا بە جۆرێك دژایەتی کردنی تیرۆر ئەرکێکی کۆمەڵگایی ژمارە یەك بێت بە جۆرێك کە رەفتاری تاك لە کۆمەڵدا ئاراستەبکرێت بۆ هەڵتەکاندنی سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی تیرۆر و بڵاوکردنەوەی کەلتوری بەیەکەوەژیان و قبوڵکردنی بەرامبەر.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە دەزگایەکی نیشتمانی بۆ هاووڵاتیبوونی کوردستانی لە نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و داد و ئەوقاف و کاروباری ئاینی و رۆشنبیری و پەروەردە و پێشمەرگە و دارایی و دەستەی گشتی ئاسایشی هەرێم پێك بهێنرێت، بۆ ئەوەی یەکێك لە کارەکانی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی تیرۆر بێت.

ئەمرِۆش چوونی کەسانی توندرِەوی ئیسلامی بۆ سوریا و بەشدارییان لەگەڵ گرووپە توندرِەوەکان یان لەگەڵ دەوڵەتی خلافەتی ئیسلامی، لەلایەکەوە ئاکامی زیادبوونی چالاکی ئیسلامی سیاسیی توندرِەوە لە کوردستاندا، کە بێ هیچ بەربەستێکی چالاکی خۆی ئەنجامدەدا، سوود لە فەزای گشتی کوردستان وەردەگرێت وبەشێك لە مزگەوتەکانی کردۆتە مۆڵگای پەروەردەکردن بە فیکری تیرۆریستی، لەلایەکی دیکەوە ئاکامی نەبوونی کاری پلانرێژانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ پەروەردەی مەدەنی و سەقامگیری نەریتی هاووڵاتیبوونی کوردستانی.

لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش بوونی سیستمێکی نێودەوڵەتی نوێی دوور لە تاکە جەمسەری، لە چوارچێوەی رەچاوکردنی تێکرای تایبەتمەندییە کەلتورییە ناوخۆییەکان، نەهێشتنی چاوگەی بارگرژییە هەرێمایەتیەکان، زەمینە خۆشکەری قەڵاچۆکردنی تیرۆرە لە ئاستێکی جیهانیدا.

*** ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان**

## داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە

# مێژووی خەوارج



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

داعش (دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام) لە مانگی چواری ساڵی ٢٠١٣ دامەزرا و ڕووی خۆی نیشانی ئێمەدا. بەڵام پێشتر ئەم ڕێکخراوە لە ڕیکخراوێکیترەوە بەناوی (دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق) سەری دەرهێناوە. مۆرکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێکخراوە، مۆرکێکی سەلەفی جیهادییە، کە داوای گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و لەناوبردنی گشت دیاردە و ڕەفتارێکی نائیسلامی دەکات و گۆڕەپانی کارەکانی لە سنووری عێراق و سوریادا دیاریکردووە. واتە ڕیشەی ئەم ڕێکخراوە لەو ساڵەی (٢٠١٣) کە خۆی تیادا ئاشکرا دەکات کۆنترە، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤، ئەو ساڵەی کە ئەبو موسعەبی زەرقاوی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی جیهاد و تەوحید)ی تێدا دامەزراند. ئەم ڕێکخراوەی زەرقاوی موبایەعەی ئوسامە بن لادنی ڕابەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدەشی کردووە، هەر لەبەرئەوەشە کە ناوەکەی لە کۆمەڵەی جیهاد و تەوحیدەوە بۆ ڕێکخراوی (القاعدة فی بلاد الرافدین) دەگۆڕێت.

**(٦)**

له سەدەی حەوتی زایینییەوە بەرەو سەدەی بیست و یەک واتە لەو سەردەمەوە کە خەوارج تیایدا دەرکەوت، بۆ ئەو سەردەمەی کە داعش تیایدا دەردەکەوێت، دەگەڕێینەوە. داعش وشـــەیەکە دەیبینین، وشەیەك کە توێژێکی سەرەوەیە، بەڵام ناوەڕۆکێکی قووڵی لە خۆیدا هەڵگرتووە. داعش ئێمە ئیمڕۆ دەیبینین، وەلێ دەمێکە بەڕێوەیە، داعش وەک ئەو ئەســـتێرەیە دێتە پێش چاوم کە تیشـــکەکەی تازە دەگاتە لای ئێمە، وەلێ هەزاران ساڵی تیشـــکی بەڕێوەبووە تا گەشـــتۆتە ئێرە، کە ڕەنگە ئەستێرەکە خۆی مردبێت، وەلێ تیشـــکەکەی وای بە ئێمە نیشاندەدات، یان ئێمە وایدەبینین کە ئەوە هەر ئەســـتێرەکە خۆی بێت، نەک تیشکەکەی بێت. نزیکەی سەدەیەکە جارێکیتر بانگەشەکردن بۆ ئیســـلام وەک چۆن لەدەمی سەرهەڵدانی یەکەمییەوە کرا، هەڵەیەکی مەنهەجی مەزن بـــوو لەلایەن بیرمەند و بانگخواز و بزافـــە ئیســـلامییەکانەوە ڕوویدا. ئەو بانگەشـــە کردنە بۆ ئیســـلام لە نیوەی ڕێگـــەدا دوو ئاڕاســـتەی لێکجیا بوویەوە، ئەوانیش ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی جیهادی بوون. پرۆژەی هەردووکیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەرەســـهێناندایە، کە ڕەنگە پاش هەرەســـی تەواو، پاش بە خۆداچوونەوەی قووڵ، ئیتر جیهانی ئیسلامی هۆشیاربوونەوەیەکی قووڵی تێدا بەدیبێت.

کەواتـــە هەندێک بەو مێژووەدا دەچینـــەوە، تا لەوە تێبگەین کـــە چۆن فکری جیهادی و فکری سیاســـی ئیســـلامی لە ســـەرچاوەیەکەوە هاتوون، کە ئەویش ئیســـلام خۆیەتی وەک ئـــەوەی کە لەبەردەســـماندایە هەم وەک تێکســـت و هەمیش وەک مێـــژوو، لەگەڵ ئـــەو خوێندنەوەیەی کـــە دەرەنجامی شـــۆکی ســـەردەمی مۆدێرنە، لە جیهانی ئیسلامی ڕوویدا، کاریگەری هەبووە لەســـەر ئەوەی کـــە ئیمڕۆکە لە جیهانی ئیسلام ڕوودەدا. دەمەوێ خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگادار بکەمەوە کە مەبەســـتی من لێرەدا گەڕانەوە بۆ مێژووی ١٤٠٠ ساڵی ئیســـلام و موســـڵمانان نییە، هەرچەندە ئەو مێژووەش پێوەندی بە داعشـــی هەنووکـــەوە هەیە، وەلێ مەبەســـتمە بگەڕێمەوە بۆ مێژوویەکی ســـەد ســـاڵە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیەو مێژوویەکـــی تایبەتـــە، کە داعشـــی ئیمڕۆکـــەی گەڵاڵە پێکـــردووە. واتە ســـەدەیەک لەمەوبەر ئەوکاتـــەی جیهانی ئیسلامی بەرەوڕووی کۆڵۆنیالیســـم دەبێتەوە، لە هەمان کات خەلافەتی ئیســـلامی کە لە ســـوڵتانەکانی عوسمانیدا خۆی دەبینییەوە، کۆتایی پێدەهێنرێ. خەلافەتی ئیسلامی کە وەک ئایدیۆلۆژیایەك گوزارشت بوو لە یەکێتی جیهانی ئیسلامی و هاتنی بێگانەیەکی وەک ڕۆژئاوا بە هەموو قورســـایی خۆی و گشـــت نوێکارییە فکری، زانســـتی، فەلسەفی، سیاسی و ئەخلاقیەکانییـــەوە، جیهانی ئیســـلامی هەژاند. بێگومان ئەم هەژاندنە حەپەسانیشـــی لەگەڵدا بووە، پرســـیار و گومانیشی لێکەوتۆتەوە، کاردانەوەیەکی تایبەتی و جیاوازیشـــی بە شوێن خۆیدا هێناوەتەوە. جیهانێکی ئیســـلامی کە نزیکەی دە سەدە وەک ژیارێـــک بە هەموو جوانی و ناشـــرینییەکانییەوە باڵا دەســـت بوویێت، نزیکەی چەند سەدەیەکیش لە کۆتاییەکەیدا لـــە چاو گەل و نەتەوە و ژیارییـــە نوێکانی تردا دواکەوتبێت، بێگومـــان ئەم دۆخـــە هەم بارێکی تایبەتـــی کۆمەڵایەتی و سیاســـی و هەمیش دەروونی لە جیهانی ئیسلامدا دەخوڵقێنێت. ئەوەی کە دەیبینم لە کاردانەوەی ئەو شکستە گەورەی ژیاری ئیسلامیدا، چەن ئاڕاستەیەك بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو هەژان و شکستانە خۆیان ئاشکراکرد، ئەوانیش ئاڕاستەی نەتەوەگەری، ئایینگەری و چەپگەری بوون. یەکێک لەو ئاڕاستە سەرەکییانە بۆ هەڵسانەوە و بەرەوڕووبوونەوەی تەوژمی فکری و ئەخلاقی و زانستی ڕۆژئاوا، ئاڕاستەیەکی ئایینگەری (ئیسلامی) بووە و کاریگەرییەکی مەزنی لە وروژاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بووە و تا ئێستەش ئەو کاریگەرییە هەر بەردەوامە. هەرچی وردە ئاڕاستە و باڵ و گرووپە دەتوانین لەو چەند ئاڕاستەیەدا جێگەیان بۆ بکەینەوە، بۆیـــە لێرەدا بە گرنگی نازانم تا ئاماژەیان بۆ بکەین. بۆ ئێمە ئـــەوەی لێرەدا گرنگ بێت، تەنهـــا ئەوەیە کە بیری خۆمان لە ســـەر ئاڕاســـتەی ئایینی چڕ بکەینەوە، چونکـــە دەبێتە ئەو ڕیشەیەی ئیمڕۆکە داعش خۆراکی خۆی لێوەردەگرێت، ئەگەر چی ئەو ئاڕاســـتانەی تریش بە بارێکیتردا و شکستهێنانیان لە چارەســـەرکردنی قەیرانی جیهانی ئیسلامیدا، بۆ دەرکەوتنی داعشی ئیمڕۆکە دەبنە بیانوویەک. لێرەوە هەندێک بە ناخی داعشـــدا دەچینە خوارێ کە مێژوویەکی پێش دەرکەوتنی ئەم داعشە، ئەزموونێکی تایبەت و خەیاڵدانێکی مەترسیداری تێدا ناشـــتووە. ئێستە با لە داعشـــەوە هێدی هێدی بەو پاشخانەدا سەربکەوین کە ئەو کاردانەوە ئایینەی سەدەیەک لەمەوبەری بەرهەمهێناوە و داعش لەســـەر ڕیشـــەکەیدا ڕوواوە. ئەوەش بە گرنـــگ دەزانم بیڵێم کە ئەم بۆچوونـــە مانای ئەوە نییە ئێمە ئەو بیرمەند و بزاڤە ئیســـلامیانە تاوانبار دەکەین، نا مەبەستم ئەوەیـــە کە پێوەندییەکی مێژوویی بدۆزینەوە، چۆن مرۆڤ بە پرۆسەیەکی ســـایکۆلۆژی، خوێندنەوەیەکی تایبەت دەکات و بەرەو ئاڕاســـتەیەک دەڕوات کە ڕەنگە خاوەن فکرەکە خۆی ئەوەی مەبەســـت نەبووبێت. دەڵێن جارێك کارڵ مارکس خۆی لە کۆنفراســـێکی حیزبی شـــیوعی ئەڵمانی ئامادە دەبێت، لە کۆتاییدا بەخۆی دەڵێت ئێســـتە دەزانم کە منی مارکس خۆم مارکســـی نیم. ڕەنگە ئێســـتە پەیامبەر موحەمەد و حەسەن بەننا و سەعید نورسی و ئەبوعەلای مەودودی و زۆرێک لەو بیرمەندانەی پێش ئەمان و پاش ئەمانیش، سەیرێکی ئیمڕۆی جیهانی ئیســـلامی بکەن و لە ڕەفتاری ئیســـلامی سیاسی، سەلەفی و جیهادی ئیمڕۆکە بڕوانن، حاشایان لێبکەن و هەمان وتەکەی مارکس بەخۆیان بڵێنەوە.

ئێمە وتمـــان لەم بابەتەدا تەنها خۆمان بە داعشـــەوە خەریک دەکەیـــن. بەڵام چوونەوە بە مێژووی پێش داعشـــدا، دیاردەی داعش بە ئێمە باشتر دەناســـێنێت. داعش (دەوڵەتی ئیسلام لە عێـــراق و شـــام) لە مانگی چواری ســـاڵی ٢٠١٣ دامەزرا و ڕووی خۆی نیشـــانی ئێمەدا. بەڵام پێشـــتر ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکخراوێکیترەوە بەناوی (دەوڵەتی ئیســـلام لە عێراق) سەری دەرهێناوە. مۆرکی ڕاســـتەقینەی ئەم ڕێکخراوە، مۆرکێکی

**بەغدادی هەر بەتەنها ئەو ستراتیژەی کە لەدەرنجامی ئەزموونی ژیانی خۆی بۆی هاتووە، نەبۆتە پاڵنەر و پاڵپشت، بەڵکو سوود لەو مێژووەش وەردەگرێ کە دەتوانێ هەموو جیهانی ئیسلامی بۆ خۆی کێش بکات**

**بە بۆچوونی بەغدادی خودا هەر نەیوتووە کافر بکوژن، بەڵکو ئەمریشی کردووە کە ملیان بپەڕێندرێت. لەو فیقهەی ئەو بڕوای پێیەتی سەربڕین لای خودا زۆر پەسەندکراوە و زۆریشی پێخۆشە. بۆ گەشتن بەم ئامانجە بە پێویستی دەزانێت کە کوشندەترین چەکی کۆمەڵکوژ و کیماوی و بایەلۆژی بە دەستبهێنن**

سەلەفی جیهادییە، کە داوای گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و لەناوبردنی گشت دیاردە و ڕەفتارێکی نائیسلامی دەکات و گۆڕەپانی کارەکانی لە سنووری عێراق و سوریادا دیاریکردووە. واتە ڕیشەی ئەم ڕێکخراوە لەو ساڵەی (٢٠١٣) کە خۆی تیادا ئاشکرا دەکات کۆنترە، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤، ئەو ساڵەی کە ئەبو موسعەبی زەرقاوی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی جیهاد و تەوحید) ی تێدا دامەزراند. ئەم ڕێکخراوەی زەرقاوی موبایەعەی ئوسامە بن لادنی ڕابەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدەشی کردووە، هەر لەبەرئەوەشە کە ناوەکەی لە کۆمەڵەی جیهاد و تەوحیدەوە بۆ ڕێکخراوی (القاعدة فی بلاد الرافدین) دەگۆڕێت. ئەم ڕێکخراوە بەتایبەتی بۆ بە گژاچوونەوەی ئەمەریکییەکان لە عێراقدا، دامەزرابوو. ئەم ناونانەو ئەم بەرەنگاربوونەوەیەی ئەم ڕێکخراوە، بووە هۆی سەرنجراکێشانی لاوانی جیهانی ئیسلامی. پاش لە ناوچوونی زەرقاوی ساڵی ٢٠٠٦، ئەم ڕێکخراوە ناوی گۆڕا بۆ دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق، بە ڕابەرایەتی ئەبو عومەری بەغدادی. ساڵی ٢٠١٠ ئەبوعومەر دەکوژرێت، ئەبو بەکری بەغدادی دەبێتە ڕابەری ڕێکخراوەکەو هەر بە ڕابەری دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی خەلافەتیش ڕادەگەیەنێت. واتە لە ئەمیری کۆمەڵێکەوە خۆی دەکات بە خەلیفەی هەموو موسڵمانان و بەمەش سەرنجی گشت جیهانی ئیسلامی بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و زۆرێک لە گرووپە سەلەفی و جیهادییەکانی دنیا بەیعەتی دەدەنێ. گرینگە پێوەندییەکی دەروونی و کەلتووری ئەم گرووپە و بەغدادی بدۆزینەوە و بزانین چۆن ئەم کەسە گەیشتە هەم ئەم باوەڕە و هەمیش خۆی گەیاندە ئەم پایەیە و لەهەمانکات ئایدیۆلۆژیایەکی لەو چەشنەی خوڵقاند. زۆر بە کورتی لە کەسێتی بەغدادی خۆیەوە دەستپێدەکەین و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو مێژووی بەر لەم گرووپە توندڕەوانە دەگەڕێینەوە و سەردانێکی کورتی ئەو بزاڤە ئیسلامیانەش دەکەین و لە پاشخانی فکری ئەوانیش دەڕوانین کە دەکرێ وەک هۆکارێ بیخوێنینەوە بۆ گەشەکردنی فکری جیهادی و گێڕانەوە خەلافەت.

## ● ئەبوبەکری بەغدادی کێیە؟

ساڵێ ١٩٧١ لە سامەڕا هاتۆتە دنیاوە، دەرچووی زانکۆی ئیسلامیی بەغدایە و بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرای هەر لەو زانکۆیەدا بەدەستهێناوە. ماوەیەکی باش وەک مامۆستا و بانگخواز کاری کردووە. لە خێزانێکەوە هاتووە کە هەڵگری عەقیدەی سەلەفی تەکفیری بووە و باوکی و مامەکانیشی هەر لەسەر ئەو عەقیدەیە کاریان کردووە. بەغدادی لە هەردوو پارێزگای دیالە و سامەرا، کەسێکی سەلەفی جیهادی دیار و کاریگەر بووە. پێش ئەوەی بگاتە ئەوەی ببێتە ڕابەی داعش، ئەو لەو ناوچەیەی خۆیدا چەند شانەیەکی جیهادی و قتالی دامەزراندووە، چەندین عەمەلیاتی عەسکەری ئەنجام داوەو دوایەمینیان دامەزراندنی ڕێکخراوێک بووە بەناوی (لەشکری ئەهلی سوننە و جەماعە). پاش ئەوەی بەغدادی دەبێتە ڕابەری داعش، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە سنوور لە نێوان سوریا و عێراق نەمێنێت و موسڵمانانی بۆ دەوڵەتی خەلافەت بانگهێشت کرد. بەغدادی دەبێتە هەڵگری ناخێک و گرتنی ئەزموونێک کە لە پێناو گێڕانەوەی خەلافەت و ڕازیکردنی خودا وەک خۆی باوەڕی پێیەتی، دەست لە هیچ شتێک نەپارێزێت. ئەم ئەزموون و پێکهاتە دەروونییە، زەمینەیەک بە ئاسانی توندڕەوی و خوێن ڕشتن و جیهادی تا ئەو پەڕی ڕەقی و پڕ لە ڕق تیایدا بڕوێت. ئەگەر ئەمە زەمینەکەی بێت، ئەی توندڕەوی و خوێن ڕشتن و سەربڕین لە لایەن کێوە تیایدا نێژراوە؟

ئێمە وتمان بەغدادی و زەرقاوی پێوەندییان پێکەوە هەبووە. زەرقاوی جگە لەوەی کە لە ڕووی جیهادییەوە خۆی بە شوێنکەوتووی بن لادن زانیوە، بەڵام کەوتۆتە ژێر کاریگەری شێخێکی ترەوە بەناوی ئەبی عەبدوڵڵای موهاجری میسرییەوە. ئەم شێخە فیقهێکی خوێناوی لە بەرامبەر نەیارەکانیدا هەڵبژاردووە. کتێبێکی بەناوی (مسائل فی فقه الجهاد) کە بە فیقهی خوێن ناسراوە، نووسیوە. ئەم کەسایەتییە یەکێک بووە لە گرنگترین شێخەکانی زەرقاوی و هەر لای ئەویش زەرقاوی خوێندویەتی. زەرقاوی ڕێبازی جیهادی خۆی لەسەر ئەو فیقهە خوێناوییە دامەزراندووە و پاشانیش داعش بەردەوامی بەو ڕێبازە داوە. ئەو کتێبەی کە بە فیقهی خوێناوی ناسراوە، فکری خۆی لەسەر ئەوە دامەزراندووە کە هەموو جیهان و لە پێش هەموویانەوە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، بوونەتە دارولحەرب و هەڵگەڕاوە و کافرن و جیهادکردن دژیان واجبە. هەر لەو کتێبەدا شەرعیەت بە سەربڕینی کافر دەدات، نەك هەر بە زیندوویی بەڵکو بە مردوویش سەربڕینیان شەرعییەت پێدەدا و بۆ ترساندنی کافرەکان بە کارێکی واجبی دەزانێت. بە بۆچوونی ئەوان خودا هەر نەیوتووە کافر بکوژن، بەڵکو ئەمریشی کردووە کە ملیان بپەڕێندرێت. لەو فیقهەی ئەودا سەربڕین لای خودا زۆر پەسەندکراوە و زۆریشی پێخۆشە. بۆ گەشتن بەم ئامانجە بە پێویستی دەزانێت کە کوشندەترین چەکی کۆمەڵکوژ و کیماوی و بایەلۆژی بە دەستبهێنن. بێگومان داعش بەشێوەیەکی کردەکی و زۆر بە جدی ئەوەی کردۆتە پرۆژەیەک و جێبەجێی دەکات.

ئەم پاشخانە فکری و پەروەردەیی و کەلتوورییەی بەغدادی بۆ ئێمە گرینگە، تا لەوە تێبگەین، چۆن ئەم مرۆڤە دەگاتە ئەم ئاستە تێگەشتنەی ئێستەی کە داعشی تێدایە. جگە لەو ناخەی کە ئەو بیروباوەڕەی تێدا چێنراوە و لەم ساتە وەختەدا گەرموگوڕی خۆی بەوو بە زۆر کەسانیتریش دەبەخشێت، مێژوویەکی نزیکی سەدەی بیست و مێژوویەکی دووری ئیسلامیش، خۆراکی ئەوجۆرە بیرکردنەوەیەی داوە. بۆیە بەغدادی هەر بەتەنها ئەو ستراتیژەی کە لەدەرنجامی ئەزموونی ژیانی خۆی بۆی هاتووە، نەبۆتە پاڵنەر و پاڵپشت، بەڵکو سوود لەو مێژووەش وەردەگرێ کە دەتوانێ هەموو جیهانی ئیسلامی بۆ خۆی کێش بکات. لەبەشی داهاتوودا بە مێژووی فکری ئیسلامی سەدەی بیستدا دەچینەوە کە بۆتە ڕێخۆشکارێ بۆ گەشەی لەم جۆرە توندڕەوییەی وەک داعش. تا تێبگەین هەڵگری ئەم جۆرە ناخ و دەروونە، چ سیاسەتێک بەرهەمدەهێنێت.

**بێگومان داعش بەشێوەیەکی کردەکی و زۆر بە جدی ئەوەی کردۆتە پرۆژەیەک و جێبەجێی دەکات چۆن مرۆڤ بە پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی، خوێندنەوەیەکی تایبەت دەکات و بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات کە ڕەنگە خاوەن فکرەکە خۆی ئەوەی مەبەست نەبووبێت.**
**دەڵێن جارێک کارڵ مارکس خۆی لە کۆنفراسێکی حیزبی شیوعی ئەڵمانی ئامادە دەبێت، لە کۆتاییدا بەخۆی دەڵێت ئێستە دەزانم کە منی مارکس خۆم مارکسی نیم**

**ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی جیهادی بوون. پرۆژەی هەردووکیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەرەسهێناندایە، کە ڕەنگە پاش هەرەسی تەواو، پاش بە خۆداچوونەوەی قووڵ، ئیتر جیهانی ئیسلامی هۆشیاربوونەوەیەکی قووڵی تێدا بەدیبێت**



نەجات عەلی بەرپرسی میحوەری مەخموور بۆ گوڵان:

# ئەو پلانە سەربازییەی سەرۆک بارزانی بۆ رزگارکردنی مەخموور دایڕشت ئەفسانەی داعشی بەتاڵ کردەوە

**رزگارکردنی مەخموور بێ هاوکاری هاوپەیمانان بووە**

**خاڵی وەرچەرخان لەشەڕی دژی داعشدا**

**دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان و داگیرکردنی مەخموور لەمانگی ئابی رابردوو، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بڕیاری دا جارێکی دیکە خۆی ببێتەوە بە پێشمەرگە و لە ژێر دروشمی (کوردستان یان نەمان)دا سەرکردایەتی ئەو شەڕە چارەنووسسازە بکات، دوای راگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری لە دژی تیرۆریستانی داعش، دەستی کرد بە دووبارە رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، لە چوارچێوەی ئەو دووبارە رێکخستنەوەیەدا، بەڕێز نەجات عەلی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی ٢٣، کرایە بەرپرسی سەربازیی میحوەری مەخموور و لەماوەی چەند رۆژێکی کەم و لە چوارچێوەی ئەو پلانە سەربازییەی سەرۆک بارزانی دایڕشتبوو، توانرا قەزای مەخموور و چەندین گوند و لوتکەی چیا لە تیرۆریستانی داعش پاک بکرێتەوە، ئەمەش وایکرد ئاراستەی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە بگۆڕێت و ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکرێتەوە کە جیهان لەو بڕوایەدا بوو داعش تێکناشکێندرێت، دیارە لە میحوەری مەخموورەوە نەک تەنها ئەو ناوچانە ئازاد کراون، بەڵکو چەندین گوندی دیکەش لە تیرۆریستانی داعش پاک کراونەتەوە، گوڵان لەبەسەرکردنەوەی میحوەری مەخموور ئەم وتووێژەی لەگەڵ نەجات عەلی بەرپرسی میحوەرەکە ئەنجامداو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن..**

*** لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر مەخموور فەرماندەی سەربازی ئەم میحوەرە نەبوون، چۆن بوو فەرماندەیی سەربازیی ئەم میحوەرەتان پێ سپێردرا؟**

- پێش هەموو شت جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی وەك پێشمەرگە سەرپەرشتی هەموو بەرەکانی شەڕەکە دەکات و فەرماندەیەکی سەربازیی زۆر گەورەیە، دیارە ئەمە یەکەمجاریش نییە کە سەرۆك بارزانی خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی شەڕی گەورە دەکات، بۆیە کاتێك تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر مەخموور، سەرۆك خۆی راستەوخۆ چاودێری شەڕەکەی دەکرد، لەو شەڕەدا ئێمە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش رووبەڕووبووینەوە و رێگەمان نەدا داعش هەموو مەخموور بگرێت، تەنانەت نەمانهێشت چەکدارانی داعش زیاتر لە ٤٠٪-٥٠٪ مەخموور داگیربکەن، بۆیە جەنابی سەرۆك بارزانی کە خۆی سەرپەرشتی دانانی پلانی سەربازی دەکرد، بۆ رزگارکردنی مەخموور منی دەستنیشانکرد کە ببمە فەرماندەی میحوەری مەخموور و بەڕێز سیروان بارزانی بکرێتە سەرپەرشتیاری گشتیی میحوەرەکە، هەر بۆیە بەپێی ئەو پلانە سەربازییە بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆك بۆ ئازادکرنەوەی مەخموور داڕێژرابوو، توانیمان لەماوەی تەنها دوو رۆژدا هێزەکانی خۆمان کۆبکەینەوە و رێکیان بخەینەوە و هێرشی خۆمان لە چوار قۆڵەوە بۆسەر تیرۆریستانی داعش دەست پێبکەین و لەماوەی تەنها دوو کاتژمێردا مەخموور لە تیرۆریستان پاك بکەینەوە، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بەرهەمی ئەو پلانە سەربازییە بوو کە دامانڕشتبوو، ئەم پلانە تایبەت بوو بەو هێزەی من فەرماندەییم دەکرد، بۆیە کە لە کاتژمێری سفر هێرشەکانمان لە چوار قۆڵەوە دەستپێکرد، ئەو هێزە توانی مەخموور رزگار بکات و هێزەکانی دیکە یەك دوو کاتژمێر دوای ئێمە هاتنە ناو مەخموور، لەم قسانە مەبەستم لە گرنگیی پلانە سەربازییەکە بوو کە بەسەرپەرشتی جەنابی سەرۆك داڕێژرابوو، مەبەست ئەوەیە کە پلانی سەربازیی تۆکمە و دروستکردنی تاکتیکی سەربازی نوێ لە مەخموورەوە ئاراستەی شەڕەکەی گۆڕی بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە، ئەمەش بەرهەمی ئەزموونی سەرکردایەتی سەربازیی سەرۆك بارزانی بوو، بۆیە ئێمەش شەرەفمەندین کە توانیمان وەك پێشمەرگەیەك لە ئاستی ئومێدی سەرۆك بارزانی ئەو پلانە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکەین.

*** ئایا سەرۆك بارزانی هێزی زیاتری بۆ ناردن بۆ ئەوەی ببنە هاوکاری ئێوە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، جەنابی سەرۆك خۆی سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد، هەروەها پاسەوانەکانی

**شەڕی داعش تەنها پرۆسەیەکی سەربازی نییە و بە گرتنەوەی تکریت و موسڵ کۆتایی نایەت، بەڵکو بە راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە بەغداوە چارەسەر دەبێت**

**لەوانەیە لە یەک دوو مانگی داهاتوو هیچ شوێنێکی کوردستان لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش نەمێنێت**

**یەکێک لە ڕەهەند و کۆڵەگە گرنگەکانی ئاسایش نیشتمانیی هەر نەتەوە و دەوڵەتێک هێزێکی سەربازی ڕێکخراوە بەشێوازی دامەزراوەیی، هێزی سەربازی ئێمەش لە کوردستان هێزی پێشمەرگەیە**

**لە خاوەن کۆمپانیاکانی هەولێر ماوەی چوار مانگە ڕۆژانە دوو ژەم خواردن بۆ ١٣٠٠ پێشمەرگە ئامادە دەکات، بەڕاستی ئەم دیمەنانە پیشاندانی گیانی نیشتمانپەروەری و هەستێکی نیشتمانی بەرزە**

**ئەو هاووڵاتییە عەرەبانەی ئەم ناوچەیە کە خۆیان تێکەڵاوی تیرۆریستانی داعش نەکردووە، ئێمە وەک هاووڵاتییەک بەبێ جیاوازی ڕێزیان لێدەگرین و دەیانپارێزین**

خۆیشـــی وەك هاریکاری بۆ ناردیـــن، هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاســـەوانەکانی خۆی بـــۆ ناردین، ئەو پێشـــمەرگانە پێشـــمەرگەی بەئەزموون و لێهاتوو بوون، بۆیە ڕۆڵێکی باشـــیان لە ئازادکردنی مەخموور و پاراستنی شارەکەدا گێڕا و پاش ئازادکرنەوەی مەخمووریش جەنابی سەرۆك بارزانی سەردانی کردین و دەستخۆشی لێکردین بۆ ئەو سەرکەتنە گەورەیە.

*** بەشـــداریی شـــەڕی پێشـــمەرگانەت زۆر کردووە و ئەزموونێکی پارتیزانی باشـــت هەیە، ئایا لە شـــەڕی داعش تاکتیکی سەربازیی جیاوازت هەست پێکردووە؟**

- یەکێك لەو هۆکارەی کە وایکرد تیرۆریستانی داعش نیوەی مەخمـــوور بگرن، ئەوە بوو ئـــەوان هەم توانای شەڕکردنی باشیان هەبوو، هەمیش کۆمەڵێك تاکتیکی ســـەربازی نوێیان بەکار دەهێنـــا، وەك بۆمبی چێنراو، شـــەڕێکی ســـایکۆلۆژی بەربەڕی و وەحشییانە، وەك بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و ســـەربڕین و بـــە کۆیلەکردنی ئافرەت، بەڕاســـتی ئێمە وەك پێشمەرگە لە شەڕەکانمان دژی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق ئەو شێوازە هێرشەمان بەو ئاستە دڕندەییەی داعش نەبینبوو، بۆیە ئەم شەڕە لە سەرەتا بۆ پێشمەرگە نوێ بوو، دەبوو وابکەین پێشمەرگە لەگەڵ ئەم شـــەڕە نوێیە رابهێندرێـــت، بۆیە کاتێك لە چوارچێوەی ئەو پلانە ســـەربازییەی بـــۆ ئازادکردنی مەخموور داڕێژرا، توانرا ئاڕاســـتەی شەڕەکە پێچەوانە بکرێتـــەوە و لەناو ئـــەرزی واقیعی بەرەکانی شـــەڕدا ئەفسانەی داعش تێکشـــێندرا و پێشمەرگە بە هەموو جیهانی سەلماند کە تیرۆریستانی داعش ئەو ئەفسانەیە نین کە تێکنەشکێندرێن، ئەفسانەی داعش لە بەرەکانی شـــەڕدا پووچەڵ کراوەتـــەوە و تێکشـــکێندراوە، بەڵام بەداخەوە لە ناو میدیاکاندا هێشتا هەر ئەفسانەیە.

*** وەك فەرماندەیەکی ســـەربازی تـــا چەند زانیاریتان لەسەر پێکهاتەی تیرۆریستانی داعش هەیە و هەیکەلی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە چۆنە؟**

- بەپێی ئـــەو زانیارییانەی لای ئێمە هەن، ڕێکخراوی تیرۆریســـتانی داعش، یـــان ئەوەی پێـــی دەگوترێت دەوڵەتی ئیسلامی لە سێ گرووپی سەرەکی پێکهاتوون کە بریتین لە:

١. گرووپـــی موجاهدیـــن، ئەمانە ئـــەو خەڵکانەن کە لـــە هەموو جیهانەوە هاتوونەتە نـــاو ئەم ڕێکخراوە، کە ژمارەیان کەمە، بەڵام تیرۆریســـتی زۆر دڕندەن و ئەو کەسانەن کە خۆیان دەتەقێننەوە.

٢. گرووپێکی دیکەیان ئەو خەڵکانەن کە پێشتر ڕێکخراوی تیرۆریســـتی داعش وەك ڕێکخستن لەناو عێراق ڕێکی خستوون، ئەم ڕێکخســـتنانە دوای داگیرکردنی موسڵ و تکریـــت، بوونە بەشـــێك لە هێزی داعـــش، ئەوان لە شـــەڕەکانی داعش بەشـــداری دەکەن، بـــەڵام خۆیان ناتەقێننەوە.

٣. گرووپێکی دیکەیان خەڵکانی هەلپەرست و بێئاکارن، ئەمانە بۆ بەرژەوەندی خۆیـــان دوای داعش کەوتوون. بەگشتی چەکدارانی داعش ئەو هێزە تۆکمە و بەهێزە نین وەك ئێوەی ڕۆژنامەنووس لە میدیاکان پیشـــانی دەدەن، لەبەر چاوی ئێمەی پێشـــمەرگە هێزێکی فشۆڵەن و بە کردەوە تێکمانشکاندوون و بەشێکی زۆری ناوچەکەمان لـــێ پاککردۆتـــەوە، تەنانەت هەندێـــك گوندمان لەو تیرۆریســـتانە پاککردۆتەوە، کە پێش شەڕی داعش لە ژێر دەستی پێشمەرگە نەبوون.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین خاڵی وەرچەرخانی شەڕەکە لە ئازادکردنی مەخموورەوە دەستی پێکرد؟**

- ئازادکردنـــی مەخموور پیشـــاندانی ئیـــرادە و ورەی پێشـــمەرگە بوو بە جیهـــان، لە شـــەڕی ئازادکردنی مەخمووردا هێزی ئاســـمانی ئەمریکا بەشـــدار نەبوو، بۆیە بۆ جیهان شـــتێکی تازە بوو کـــە بەبێ هاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکا، یان هاوپەیمانان هێزێك هەبێت بتوانێت لەناو شـــەڕگەکاندا ئەم هاوکێشـــەیە پێچەوانە بکاتەوە، سەبارەت بەم سەرکەوتنە سەرۆك بارزانی پێی وتین: دوای سەرکەوتنەکانی مەخموور سەرۆك ئۆباما تەلەفۆنـــی بۆ کردوم و دەستخۆشـــی لـــە فەرماندە و پێشـــمەرگەکانی میحوەری مەخموور کردووە، هەروەها تەلەفزیۆنی ڕووداو لەســـەر کەشتی جۆرج دەبلیو بوش دیمانەی لەگەڵ فەرماندەی ئەو کەشـــتیە کردبوو کە فڕۆکەکانـــی لێ دەفڕێت بۆ ســـەر بەرەکانی شـــەڕ، ئەویش ڕاشـــکاوانە گوتبووی: سەرســـامم بە ئازایەتی و قارەمانیەتی پێشـــمەرگە، بەڵام زۆر سەرسامیشم بە فەرماندە و پێشمەرگەکانی میحوەری مەخموور. ئەمانە پێمان دەڵێن ئازادکردنی مەخموور پیشـــاندانی پلانێکی نوێ بوو، هەروەها پیشـــاندانی شێوازێکی نوێ بوو بۆ جێبەجێکردنـــی ئەو پلانە نوێیە، هەر بۆیە جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی ئەو ڕۆژەی مەخموور ئازاد کرا، بەدەق ئەو قســـەیەی پێگوتم: ئێوە بەم ســـەرکەوتنە توانیتان ئاراستەی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە بگۆڕن و بە جیهانتان سەلماند داعش ئەو هێزە نییە کە نەتواندرێت تێکبشکێندرێت.

*** ســـنووری ئێوە زۆر فراوانە و لە ئێستادا پێویستتان بەچەکی تـــازە و هاوکاری ئاســـمانی ئەمریکا هەیە، ئایا تاچەند بۆ پاراســـتنی ئەو ناوچانە چەکی تازە و هاوکاری ئاسمانی ئەمریکاتان بۆ دابینکراوە؟**

- با سەرەتا ئەوە روون بکەمەوە، کە دەڵێم هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە ئازادکردنی مەخموور و پاشانیش لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لەم میحورە بەشدار نەبووە، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم پێویستمان بە چەکی تازە، یان هاوکاری ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانان نییە، بە پێچەوانەوە هاریکاری ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان بۆ پێشمەرگە جێگەی رێز و سوپاس و تەقدیرە، بەڵام مەبەستی سەرەکیم لەم قسەیە ئەوەیە ئەم شەڕە لەسەرەتا شەڕێکی نوێ بوو بۆ پێشمەرگە، بۆیە هەندێك پاشەکشەی کرد، بەڵام بۆ ئازادکرنەوەی، سەرۆك بارزانی چاوەڕێی ئەوەی نەکرد چەك بگاتە دەستی پێشمەرگە ئینجا پێشمەرگە هێرش دەست پێبکات، بە کردەوەش لە چوارچێوەی ئەو پلانە سەربازییەی سەرۆك بارزانی توانرا ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕێت، ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی شانازییە و خوا ئەو شەرەفەی پێ بەخشین، ئەوەیە کە ئەم وەرچەرخانە لەبەرەی شەڕی مەخموورەوە دەستی پێکرد، لایەنێکی دیکەش کە لە سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەش هێزی ئاسمانی ئەمریکا هاوکاری پێشمەرگە نەبووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو گوندانەی رزگارمان کردوون، خەڵکی مەدەنی تێدا بووە، تیرۆریستانی داعش تاکتیکی خۆیان گۆڕیوە و خۆیان تێکەڵاوی خەڵکە مەدەنییەکە کردووە، بۆیە ناکرێت فڕۆکەی سەربازی ئەو ناوچانە بۆمباران بکات و خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ ببنە قوربانی، ئەم حاڵەتە کاریگەری لەسەر رای گشتی ئەمریکا و جیهانیش دەبێت، بۆیە نەیانتوانیوە لە ئاسمانەوە ئەو ناوچانە بۆردۆمان بکەن، ئێمە بە دروستکردنی تاکتیکی نوێ بەم دواییە توانیومانە ئەو گوندانە ئازاد بکەین کە لە هەندێکیاندا شەڕی ماڵ بەماڵ و دەستەو یەخەمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش کردووە، سەبارەت بە چەکەکانیش بەشێك لە چەکە تازەکان پێویستییان بە مەشق و راهێنان هەبووە و هەندێکیان پێویستی بە خولی مەشق و راهێنان لە دەرەوەی وڵات هەبووە، بۆیە لە شەڕەکانی ئەم میحورە هەوڵمانداوە وابکەین پێشمەرگە پشت بەتوانای خۆی ببەستێت و لە چوارچێوەی داهێنان و پیادەکردنی تاکتیکی نوێ بە سەر شەڕەکەدا زاڵ بێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بڵێین پێشمەرگە پێویستی بە رێکخستنەوە و مەشق و راهێنان و چەکی نوێ نییە، ئەوا بەدەستی خۆمان مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان دروست دەکەین، دواتر بە وردی لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە دەکەم.

*** بۆچی ئەو هەموو گرنگییە لەسەر ئازادکردنی مەخموور دروست بوو، ئایا گرنگی مەخموور بۆ کوردستان چییە؟**

- مەخموور بۆ هەولێری پایتەختی کوردستان لەبەر چەندین هۆکاری سەربازی و سیاسی و ئابووری ناوچەیەکی ستراتیژی و گرنگە، لە رووی سیاسییەوە مەخموور لە هەولێر وەك پایتەخت زۆر نزیکە، بۆیە هەر کاتێك مەخموور بکەویتە بەردەستی داعش، ئەوە مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر پایتەختی کوردستان دروست دەبێت، لە رووی سەربازییەوە چیاکانی دەوربەری مەخموور وەك قەرەچووخ و چیاکانی دیکە ئەوانە کلیلی سەربازی ناوچەکەن و ئەگەر ئەو چیانە بکەونە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەوا بە تۆپی قورس دەتوانن دەوربەری هەولێر و باشووری هەولێر تۆپباران بکەن، لە رووی ئابورییەوە دیارە ئەم ناوچەیە سەرچاوەیەکی گرنگی نەوتە و خورمەڵە کە گرنگترین کێڵگەی نەوتی کوردستانە لەم ناوچەیە، هەروەها ناوچەی دوبسیش دیسان هەر سەرچاوەی نەوتێکی زۆرە، بۆیە ئەگەر ئێرە بکەوێتە دەستی تیرۆریستانی داعش، سەرچاوەی ئابووریی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە.

*** ئێوە لەم ناوچەیە بەرپرسی لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بون، ئێمە دەمانبینی پەیوەندییەکی پێکەوەژیانی تەندروست لە نێوان کورد و عەرەب هەبوو، ئەوان سەردانی ئێوەیان دەکرد و ئێوەش سەردانتان دەکردن، بەڵام لەگەڵ هاتنی داعش، عەرەبەکان خۆیان لەگەڵ داعش یەکلایی کردەوە، ئایا ئێستا چۆن مامەڵە لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو گوندانە دەکەن؟**

- پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لەم ناوچەیە مێژوویەکی درێژی هەیە، بۆیە ئێمەش وەك کورد پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ عەرەبی ئەم ناوچەیە هەبووە و گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانیش بەهۆی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەم ناوچەیە پتەوتر ببوو، ئێمە بە چاوی هاووڵاتی سەیری کورد و عەرەبی ئەم ناوچەیەمان دەکرد، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ هاتنی داعش بەشێك لەو عەرەبانە دوای داعش کەوتن، بەشێك لەو تیرۆریستانەی داعش کە کوژراون و لاشەکانیان کەوتۆتە بەردەستی ئێمە عەرەبی خەڵکی ئەم ناوچەیەن، لە ئازادکردنی گوندەکانی ئەم دواییەی دەوروبەری مەخموور لاشەی ٤٧ تیرۆریستی داعش کەوتە بەردەستمان هەندێکیان عەرەبی ئەم ناوچەیە بوون، بۆیە بەداخەوە عەرەبی ئەم ناوچەیە یەکەمجار غەدریان لە خۆیان و ئەو مێژووی پێکەوە ژیانە کرد، هەروەها غەدریشیان لە ئێمە وەك کورد کرد، وایانکرد گومان لەو پێکەوەژیانە بکەین، بەهەرحاڵ وێڕای هەموو ئەمانەش ئەو هاووڵاتییە عەرەبانەی ئەم ناوچەیە کە خۆیان تێکەڵاوی

**لە ئازادکردنی گوندەکانی ئەم دواییەی دەوروبەری مەخموور لاشەی ٤٧ تیرۆریستی داعش کەوتە بەردەستمان هەندێکیان عەرەبی ئەم ناوچەیە بوون**

**ئێمە بە دروستکردنی تاکتیکی نوێ بەم دواییە توانیومانە ئەو گوندانە ئازاد بکەین کە لە هەندێکیاندا شەڕی ماڵ بەماڵ و دەستەو یەخەمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش کردووە**

**تیرۆریستانی داعش تاکتیکی خۆیان گۆڕیوە و خۆیان تێکەڵاوی خەڵکە مەدەنییەکە کردووە، بۆیە ناکرێت فڕۆکەی سەربازی ئەو ناوچانە بۆمباران بکات و خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ ببنە قوربانی**



تیرۆریســـتانی داعش نەکردووە، ئێمە وەك هاوولاتیەك بەبێ جیاوازی رێزیـــان لێدەگرین و دەیانپایێزین، بەڵام ئەوانەی بوونە تیرۆریست و بوونە بەشێك لە رێکخراوی تیرۆریســـتی داعش، ئەوا دیـــارە هەرچیمان بەرامبەر تیرۆریستانی داعش پێبکرێت، درێغی ناکەین.

*** ئایا تاچەند هاوشـــانی برا پێشمەرگەکان، خەڵکی کوردســـتان بەتایبەتی سەرمایەدارەکان بەشدارییان لەم شەڕەدا کردووە و ئاســـتی کۆمەکی سەرمایەداران بۆ پێشمەرگە چۆن بووە؟**

- خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی خۆڕاگربووە لـــەم بارودۆخی بێ مووچەیـــی و هاتنی ئەو هەموو ئاوارەیە روویان کردۆتە کوردستان، ئەوە خۆی پیشانی دەدات ئەوانیـــش وەك ئێمە لەم شـــەڕەدا پێشـــمەرگە بـــوون، بەڵام لـــە بەرەیەکی دیکەدا و دیاریشـــە ئەم شـــەڕەی یەخەی کوردستانی گرتووە، یەك بەرە نییە، کۆمەڵێك بەرەی شـــەڕە پێکەوە، ئەوانەشـــی لە هەر بەرەیەکەوە خۆڕاگری دەنوێنن، وەك ئێمە پێشـــمەرگەن لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشدا، سەبارەت بە هاریکاریکردنی پێشمەرگەش، جێگەی سوپاسە لە رێگـــەی لقەکانی (١٦ و ٢٣ و ٢) پارتی دیموکراتی کوردســـتان ژمارەیەك لە دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە هاوکاری پێشـــمەرگەیان کـــردووە و بـــاری ئێمەیان ســـووك کردووە، وەك خۆتان لێرە دەیبینن ئەوەتا یەکێك لە خاوەن کۆمپانیاکانـــی هەولێر ماوەی چوار مانگە رۆژانە دوو ژەم خواردن بۆ ١٣٠٠ پێشـــمەرگە ئامادە دەکات، بەڕاســـتی ئەم دیمەنانە پیشـــاندانی گیانی نیشـــتمانپەروەری و هەستێکی نیشتمانی بەرزە، بەڵام ئـــەوەی جێگەی داخ و نیگەرانییە ئەوەیە کە ئەوانەی هەســـتاون بەو هاوکارییە و ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نابێت، بە بەراورد بەو هەموو ســـەرمایەدارەی ئەمڕۆ لە کوردســـتاندا هەیە، دەبوو ئاســـتی هاریکاریکردنی پێشـــمەرگە و

**پێشمەرگە بە هەموو جیهانی سەلماند کە تیرۆریستانی داعش ئەو ئەفسانەیە نین کە تێکنەشکێندرێن، ئەفسانەی داعش لە بەرەکانی شەڕدا پووچەڵ کراوەتەوە و تێکشکێندراوە، بەڵام بەداخەوە لە ناو میدیاکاندا هێشتا هەر ئەفسانەیە**



دابینکردنی پێداویستییەکان زۆر زیاتر بوایە، ئومێد دەکەم سەرمایەدارانی کوردستان ئاوڕێکی جددی لەم پرسە بدەنەوە.

*** پێشتر لە پرسیارێکدا جەختت لەسەر ئەوە کردەوە دەبێت هێزی پێشمەرگە بگاتە ئەو ئاستەی بتوانێت مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی کوردستان دوور بخاتەوە، دەکرێت لەو بارەیەوە روونکردنەوەی زیاتر بدەیت؟**

- دیارە ئاسایشی نەتەوەیی، یان ئاسایشی نیشتمانی کوردستان، یەك رەهەند و یەك کۆڵەگەی نییە، من تیزی ماستەرنامەکەم لەسەر دیموکراتی و ئاسایشی نیشتمانی نووسیوە و دەزانم رەهەند و کۆڵەگەکانی ئاسایشی نیشتمانی چین، بۆیە دەڵێم یەکێك لە رەهەند و کۆڵەگە گرنگەکانی ئاسایش نیشتمانیی هەر نەتەوە و دەوڵەتێك هێزێکی سەربازی رێکخراوە بەشێوازی دامەزراوەیی، هێزی سەربازی ئێمەش لە کوردستان هێزی پێشمەرگەیە، بۆیە دەبێت ئەم هێزە وەك سوپایەکی نیشتمانی بەشێوەی دامەزراوەیی هەیکەلەکەی رێکبخرێتەوە، ماوەیەك پێش هێرشی داعش بۆ سەر موسڵ وتارێکم لە گوڵان بڵاو بۆوە، لەو وتارەدا چوار خاڵی سەرەکیم بۆ سوپایەکی مۆدێرن دەستنیشان کردبوو، کە بریتی بوون لە:

١. سەرباز بە ژمارەی پێویست بۆ پێکهێنانی سوپا.
٢. بوونی سیستمێکی دامەزراوەیی بۆ هەڵسووڕانی ئەو سوپایە.
٣. مەشق و راهێنانی مۆدێرنی بەردەوام بۆ سەربازانی ئەو سوپایە.
٤. پەروەردەکرنێکی نیشتمانییانە بۆ ئەوەی ئەو سوپایە خاوەنی ورە و ئیرادەیەکی بەرز بێت.

ئەم سوپایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان گرنگە، ئەگەر ئەو سوپایەمان هەبوایە، داعش نەیدەتوانی کەمترین پێشڕەوی بکات کە پاشان بە خوێنی پێشمەرگە ئەو ناوچانە ئازاد بکەینەوە، هەروەها ئەگەر ئەم سوپا بەهێزەمان هەبێت، ئیدی لەوە ناترسین جارێکی دیکە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشمانی کوردستان دروست ببێتەوە.

*** سەبارەت بە کۆتایی هاتنی شەڕی تیرۆریستانی داعش پێشبینیتان چییە و ئایا پێتوایە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم شەڕە کۆتایی بێت؟**

- ئەم شەڕە دوو ئاڕاستەی هەیە، یەکێکیان تێڕوانینە لە ئاڕاستەی کوردستانەوە، بۆ ئەمەیان لەوانەیە لە یەك دوو مانگی داهاتوو هیچ شوێنێکی کوردستان لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش نامێنێت، ئێستا لە بەرەی شەڕ تیرۆریستان لە حاڵەتی بەرگرین و ئێمە هێرش دەکەین، بەڵام ئەگەر بە ئاڕاستە عێراقییەکە سەیری بکەین، ئەوا راشکاوانە دەڵێم شەڕی داعش تەنها پرۆسەیەکی سەربازی نییە و بە گرتنەوەی تکریت و موسڵ کۆتایی نایەت، بەڵکو بە راستکرنەوەی پرۆسەی سیاسی لە بەغداوە چارەسەر دەبێت، هەموو لایەك دەزانن سەرهەڵدانی داعش بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقە، راستە ئێستا حکومەتێکی تازە پێکهاتووە و حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانە، بەڵام ئەگەر ئەم حکومەتەش نەتوانێت ئاڕاستەی پرۆسە سیاسییەکە راست بکاتەوە، هەتا ئەگەر بەهێزی سەربازیش تکریت و موسڵ رزگار بکرێتەوە، ئەوا تیرۆریستان هەردەمێنن و بارودۆخەکەش لە ئێستا خراپتر دەبێت، بۆیە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بین بزانین بەغدا لە راستکردنەوەی پرۆسە سیاسییەکە چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەم هەنگاوە بڕیار لەسەر ئایندەی تیرۆر و تیرۆریستان لە عێراقدا دەدات.

**هەندێک گوندمان لەو تیرۆریستانە پاککردۆتەوە، کە پێش شەڕی داعش لە ژێر دەستی پێشمەرگە نەبوون**

**چەکدارانی داعش ئەو هێزە تۆکمە و بەهێزە نین وەک ئێوەی رۆژنامەنووس لە میدیاکان پیشانی دەدەن**

**ئێمە وەک پێشمەرگە لە شەڕەکانمان دژی رژێمەکانی پێشووی عێراق ئەو شێوازە هێرشەمان بەو ئاستە دڕندەییەی داعش نەبینیبوو**

# هەرێمی کوردستان: هێزێکی نێونەتەوەیی و بکەرێکی نادەوڵەتی



نەوزاد جەمال*

* بۆ گوڵان نووسیویەتی

راستییەکەو شایەنی بیرهێنانەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەچەند مانگی رابردوودا بە ئەندازەی دوو دەیە لە تەمەنی حوکمڕانیی خۆی، ئەگەرچی بکەرێکی نادەوڵەتییە، بەڵام وەك هێزێکی نێونەتەوەیی رۆڵ دەبینێت. جگە لە نەوت کە لە سەر نەخشەی وزەی جیهاندا دەروازەیەکی بەجیهانیبوونیەتی، جەنگ لەگەڵ داعشدا دەرگایەکی دیکەی لەبەردەمدا خستەسەرپشت: رۆڵگێڕێکی کارا و بکەرێکی نادەوڵەتی لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتیش. سەرلەبەری قەیرانی ناوچەك بە هۆی تیرۆر و توندوتیژییەوە، بوونە ئەو پرد و بەندەرەی کە جوگرافیای کوردستان نەیبووە. چیدیکە ئێمە لەم قۆناخەدا ناپرسین بۆ کوردستان بەندەری دەریایی نییە؟ یا دابەشکراوە و دەروازەی گەیشتن بەجیهانی دەرەکی نییە. نەخێر، هەرچەشنە مەترسییەکان خۆیان فرۆکەخانە و کونسڵخانە و پاسپۆرت و بەندەرن.

رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، لەنێو مەیدانێکی نێودەوڵەتی و لەسەر سنوور و هەندێ ناوچەی کوردستاندا، دووخوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێ. هەڵبەت، قۆستنەوەی قەیران و مەترسییەکان ئەنجامی ستراتیژیەت و فەلسەفەیێکی سیاسییە کە هەرچەشە بۆ دەرفەت دەگۆڕێت. چونکی، هەموو هێرشێك چەندە گشتگیر و کوشندەش بێت، دەرفەتی مانەوەو هەڵسانەوەت پێدەدات. هەموو کەوتن و پێکانێك، چەندە بەئازاریش بێت، من بە «گورزی بەئاگاهاتنەوە»ی دەزانم.

ئیدی، شەڕەکان ئەگەر بەدیوێکدا لاوازیی سەربازی ئێمەی نیشاندا، وەلێ وەك چاودێرێکیش کەلێن و کەموکورتییەکانی خستەبەرچاومان. بۆیە دەبێ ئەم دیوە نادیدە نەگیرێت و بە دەرفەتێك بۆ توندوتۆڵکردنەوە و پتەوکردنەوەی هێزی بەرگریی بکەوێتەوە. واتە، هاوکار بێ لە رووی راهێنان بە چەکی نوێ و پێشکەوتوو، هەروەها رێخۆشکەر بێت بۆ رێخکستنەوە و بەدامەزراوەییکردنی هێزی پێشمەرگە.

بەڵام، خوێندنەوەیەکەی دیکە، پرسیارێکە: ئایا هێزی پێشمەرگە تەنها پارێزگارییە، نەك جۆرێك لە ژیان؟ واتە، هەر لەپێناو جەنگدایە، یان بۆ خۆشەویستی مرۆڤ و ژیانە؟ ئەم پرسیارە شیاوە، بۆ ئەوەی نەبادا مرۆڤی ئێمە ببێتە شەڕکەرێکی بەردەوام و هەر جەنگاندن لەپێناو جەنگدا. یەکێك لە ماڵوێرانییەکانی جەنگ ئەوەیە کە مانایەکی دیکەی جگە لەخۆی نییە. ئەگەر ژیانخوازی و سەقامگیری و رێزی گیانی مرۆڤ لە ژێر سایەی شەڕدا شارایەوە، ئیتر جەنگ دەبێتە جۆرێکیتری ژیان، بەڵام لە توندوتیژیی و زەبروزەنگدا. لەبەرئەوە مایەی بیرخستنەوەیە؛ لەوەتەی شەڕ بەرامبەر <داعش> دەکرێ، بەتایبەت لەنێو میدیا و گوتاری سیاسی ئێمەدا، خەریکە پەیامی ژیان لەگەرمەو شریقەی تەقوتۆقەکاندا ون دەبێتەوە.

لەوە هەڵەتر نییە کە وابزانین هەموو شتێك لەجەنگداو بەهێز دەبڕێتەوە و بەکۆتا دەگات. جا بە سەرکەوتن بێ، یا نا! ئەوەی کە دەبێ بمێنێتەوە، خۆشەویستی مرۆڤ و ژیانە. هەڵبەت، ئەگەر شتێك هەبێ ناوی سەرکەوتن بێت. بایەخدانی جیهان بە ئێمە باشە، بەڵام دەبێ روونیش بکرێتەوە ئێمە تەنها شەڕکەر و

مرۆڤێکی چاونەترس نین لەمەرگ، بەڵکو ویستی ئێمە ژیان و سەربەخۆیی و ئاشتییە. دەنا، هیچ لەوەدا جیاواز نابین کە کەسێك خۆی دەتەقێنیتەوە. چونکی، ئەو لە ژیان دەترسێت نەك لە مردن! رکی خۆی لە ژیان، بۆ نەسڵەمینەوە لەمەرگ گۆڕیوە.

بۆیە، گۆڕینی جەنگ و وەیشومەکانی بۆ پەیامی ژیان و مرۆڤدۆستی، گەورەترین سەرکەوتنە کە دەتوانێ سەرنجی هەموو دونیا بۆخۆی رابکێشێ لەپاش جەنگ. ئەگەر بمانەوێ، پاش خامۆشبوونەوەی بەرەکانی جەنگ، پشتیوانی مرۆڤدۆستانی دونیا هەر بەردەوام بێت. ئێمە لە هەموو گەلانی دونیا باشتر دەزانین، جگە لە وێرانەیی و توندوتیژی، جەنگ ناتوانێ مانایەکتیر ببەخشێت بە ژیان. لەبەر ئەوە، پێویستە مانا و هێز و تواناکانی خۆمان لەو دیو ئامراز و میکانیزمەکانی جەنگەوە بدۆزینەوە. وەبەرهێنان لەژیان و ماناو رەهەندەکانیدا بکەین. چیدیکە نەبینەوە بە جەنگاوەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی شاخ کە هەر ئازایەتی و بوێری لە شەڕدا بدۆزێتەوە.

ناکرێ پێمانوا بێ هەر بەهێز دەتوانین تیرۆر و مەترسی و هەڕەشەکانی لەناو ببەین. نەخێر، هێزی کاراو ئازا تەنها لە شەڕی دەستەویەخەدا دەتوانێ نەیارەکان ببەزێنێت، بەڵام ناتوانێ بنەبڕی بکات. ئەوەی ژێرخانی توندوتیژی تەختدەکات، پەروەردەیەکی ژیاندۆست و مرۆڤخوازە، هۆشیاری بەژیانی مەدەنی و کۆمەڵگەی فرەیی و لیبراڵە. واتە، تاقە کۆششێکە کە بۆ کاڵکردنەوەی بیرکردنەوەو پەروەردەیەك کە زەمینەسازی تیرۆر و کوشتبڕ دەکات. ژیانکردن، بەفێربوونی ژیانە، نەك شەڕکردنی دژی. ئیدی، نابێ شەڕ، چەك و سوپا لەپێداویستییە بەرگرییەکەی زیاتر بهێنێت.

کۆکردنەوەی هەموو خەم و ستراتیژیەتەکان، کورتکردنەوەی سیاسەت بۆ هێز، هەمیشە شەڕ و پێکدادان دەخوازێ. لەکاتێکدا سیاسەت پێش هەموو شتێك ژیانە، نەك جەنگان. تەواو پێچەوانەی ئەو دەستەواژەم کە سیاسەت بە هونەری جەنگ، بەڵام ئامرازی جیا، پێناسە دەکات. نەخێر، دەبێت پێناسەی سیاسەت لە ناوەڕا بە هونەری ژیان بگۆڕین. جگە لەوەی دەزانین هێز، توانای سەربازی پێویستییەکی ناچارییە، وەلێ دەکرێ پێش هەمووکەس لەسەرخۆمان هەڕەشە بێت، ئەگەر ئەو دامەزراوەیە و سیاسەتی بەڕێوەبردنی بدەینە دەستخۆی.

هەرگیز جەنگ و شەڕ باش نییە، ئەگەر بە زمانی رەوشتی و مرۆیی هەڵبسەنگێندرێ، بەڵام بەزمانی قازانج و سوود، رەنگە پاساوێکیتر بدرێتەوە. دیارە لەبەر ئەوەشە کە هێزە توندڕەوەکان پاساوی توندوتیژی و دڕندەییان بەدەقی پیرۆز دەدەنەوە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە دژەکانیشانیان بکەونە هەمان هەڵەوە: لەپێناو بەرگری و پاراستنی چاکەی گشتیدا، هەموو رێگەیەك بە رەوا ببینن. ئیدی ئەوە پیشەی ئایدۆلۆجیاو بیروباوەڕە ئایینییەکانە کە بە دیدە ئابووری و سیاسییە دیماگۆجیەکانیان، شەڕ بەسەر باش و خراپدا دابەشدەکەن. لەکاتێکدا ئەوانە بەهۆی نیاز و مەبەستی پشت شەڕەکەوە، کەرەسەو ئامرازە وێرانکارییەکان دەشارنەوە، یا لەبیردەکەن.

لەم سۆنگەوە دەبێ بزانین، ناکرێ مانای «پێشمەرگە بوون» هەر لە شەڕکردنەوەوە هەڵبگۆزین. واتە، بیکەینە ماکینەیەکی زەبەلاحی شەڕکردن. نەخێر، ئەو ناوە سیبمولێکە بۆ ژیانەوە، هەستانەوە لەشکست و رزگاربوون. دیارە، ئەمریکا و هێزە گەورەکانیش گەیشتوونەتە راستیەك: سەردەمی تاکڕەوەیی هێز وەك ئەوەی لە چاخی شانشینی و ئیمپراتۆرە مەزنەکاندا بووە، بەسەرچووە. لەبەرئەوەی دەکرێ بکەرێکی نادەوڵەتی گرفت و سەرئێشەی گەورە بنێتەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی «پارادۆکسی هێزو دەسەڵاتی ئەمریکا ( The Paradox of American Power; Joseph S. Nye JR: Oxford University press 2002)»، سیاسەتناس (جۆزیف نای)، بەباشی پەنجەدەخاتە سەر ئەم لایەنە. تێزی سەرەکی نووسینەکە پرسیارێکە: ئایا رەوشی سیاسی و ئابووریی جیهان، تەنها بەهێز و دەسەڵاتێك دەڕوات بەڕێوە؟ چما لە بارتەقای هێزێکی تاکڕەویی وەك ئەمریکادایە، ئاسایشی و ئاشتی جیهانی مسۆگەر بکات؟

سەرنجڕاکێشترین بیرۆکەی (جۆزیف نای) لێرەدا، زەقکردنەوەی پارادۆکسێکە لەدەسەڵاتی سیاسی ئەمریکیدا: «تا لەسەر هەموو ئاستەکان، دەسەڵات و هێز زیاتربێت، ئەوەندەش مەترسی تیرۆر و پشێوی و نائارامی و پیسبوونی ژینگە زۆرترە»! لێرەوە، پەیوەندییەکی راستەوانە لە نێوان زیادبوونی هێز و پشێوی سیاسی و ئاسایشدا هەیە. جیهانی ئەمڕۆی شۆڕشی زانیاری و جیهانگیری بە تاکە هێزێك کۆنترۆڵ ناکرێت. ئاسایشیش بەتاقە زلهێزێ دابین نابێت. بۆیە، سیاسەتی نێودەوڵەتی پێویستی بە هێزێکی هاوشان و هاوتا هەیە، تا هەمبەریی لە سیاسەتی جیهاندا بێتەدی. پێدەچێ، ئەمریکا لە ناوچەکەدا بۆ ئەو هێزە بگەڕێت و «هاوپەیمانە کلاسیکییەکانی» کە لەگەڵ سەردەم و خواستەکانیدا نایەنەوە، بخاتە پێگەیەکی ترەوە.

بۆیە، هەرێم وەك بکەرێکی نێودەوڵەتی ئەگەر بیەوێ ببێتە ژمارەیەك لە تەرازووی هێزەکاندا، نابێ تەنها پشت بەهێزی سەربازی و چەك و نەوت ببەستێت. لەبەرئەوەی رکابەر و نەیاری تریشی لەسەر ئاستی ئابووری، کشتوکاڵ و ئاو و زانیاری و تەکنەلۆجی و هۆشیاری هەیە. کەواتە، تەنها پشتبەستن بە هێز و «سامانی چەك»، دووچاری پەتای (میرنشینەکانی کەنداو)مان دەکات. چونکی، ئەوسا هەموو سامانی ئێمە دەڕواتە نێو کڕین و بازاڕی چەکەوە، نەك پێشخستنی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەرهەمێنانی سەربازی و بەرگری. هاوکات تەنها پشتبەستن بە نەوت، پەکخستنی کەرت و بوارەکانی دیکەی لێدەکەوێتەوە. جگەلەوەی، زێدەهێزیی، شەڕخوازیی دەوێت. لەکاتێکدا دەبێت جەنگ بۆ ئێمە، مانایەکی دیکەی جگە لەخۆی هەبێت.

***

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

**جیهانی ئەمڕۆی شۆڕشی زانیاری و جیهانگیری بە تاکە هێزێک کۆنترۆڵ ناکرێت. ئاسایشیش بەتاقە زلهێزێ دابین نابێت**

**گۆڕینی جەنگ و وەیشومەکانی بۆ پەیامی ژیان و مرۆڤدۆستی، گەورەترین سەرکەوتنە کە دەتوانێ سەرنجی هەموو دونیا بۆخۆی رابکێشێ لەپاش جەنگ**

**لەوەتەی شەڕ بەرامبەر «داعش» دەکرێ، بەتایبەت لەنێو میدیا و گوتاری سیاسی ئێمەدا، خەریکە پەیامی ژیان لەگەرمەو شریقەی تەقوتۆقەکاندا ون دەبێتەوە**



# تورکیا
# ئەندامە سەرکێشەکەی ناتۆ



پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*
بۆ گوڵان دەینووسێت

لــە نێو ئەندامانی ناتۆدا گلەیی و ســکاڵا لە بارەی هەڵســوکەوتی تورکیاوە بەرەو هەڵکشان دەچن. یەکێك لە سکاڵاکان بریتییە لە داگیرکاریی بەردەوامی تورکیا بۆ قوبرسی باکوور و پێشێلکردنی شوێن و مەزارەکانی ئایینی مەسیحی تێیدا، کە ئەمەش بۆتە سەرچاوەیەکی درێژخایەنی ناڕەحەتی و نائاسوودەیی. هێزەکانی تورکیا لە ســاڵی ١٩٧٤دا قوبرسیان داگیر کرد و نزیکەی لە سەدا ٣٧ی خاکی وڵاتەکەیان دابڕی. لە دەرئەنجامدا تورکیا دەوڵەتێکی پاشــکۆی دروســتکرد، کۆماری تورکیای قوبرســی باکوور، لە راستیدا تاوەکو ئێستاش هیچ دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بەدەست نەهێناوە. دوای ئەوەی قوبرس لە ســاڵی ٢٠٠٤دا چووە نێو یەکێتی

ئەوروپاوە، ئەوا بە شێوەیەکی روو لە زیاد رەوشێکی نالەبار دروست دەبێت بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەم بەشێکن لە رێکخراوە و هەم بەشێکن ناتۆ، لە رووی ئەوەی ئەم داگیرکارییە بەردەوامەی ئەندامێکی هاوەڵی یەکێتی ئەوروپا قبوڵ بکەن.

پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە بوونە هۆی ئەوەی هەڵوێستی تورکیا لە ئاست پرسی قوبرسدا مایەی ئیحراجبوونێکی زیاتر بێت، بەتایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك سەرکردەی ناتۆ. کارێکی دژوارە بۆ واشنتۆن کە ئیدانەی رژێمەکەی ڤلادیمیر پۆتین بکات لەسەر ئەوەی کریمیا دەکاتە بەشێك لە وڵاتەکەی، یاخود دەوڵەتگەلێکی پاشکۆ لە ئەبخازیا و ئۆسیتیای باشوور دادەمەزرێنێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەندامێکی ناتۆ خۆی تاوانبارە بە هەمان هەڵسوکەوت.

ئەو ئەمریکییانەی کە نارازین، بە هەمان شێوە بە گومانێکی روو لە زیادەوە لە رەفتاری تورکیا لە ئاست داعشدا دەڕوانن. نەك هەر تەنها حکومەتەکەی سەرۆك رەجەب تەییب ئەردۆغان سستی دەنوێنێت لە بارەی پشتیوانیکردنی گورزە ئاسمانییەکان لە دژی داعش لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دیکەی ناتۆ، بەڵکو چەند ئاماژەیەکیش هەن کە سەرکردەکانی تورکیا چالاکانە رێگرییان کردووە لە گرتنەبەری رێکارگەلێك بۆ لاوازکردنی رێکخراوە تیرۆریستییەکە. بە دڵنیاییەوە رژێمەکەی ئەردۆغان کارێکی کەمی کردووە بۆ هاوکاریکردنی بەرگریکارە کوردەکان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە پووچەڵکردنەوەی هێرشەکانی هێزەکانی داعش بۆ داگیرکردنی شاری کۆبانێ لەسەر سنووری تورکیا و سووریا.

ئەگەرچی رەفتاری ئەنقەرە لە بەرەی سیاسەتی دەرەوەیدا تەواو مایەی نیگەرانی نییە، بەڵام ئاماژەی خراپ دەبینین لەبارەی هەڵکشانی خۆسەپێنی لە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیادا. ئەردۆغان لە ئاستی باڵادا دادگایی سەرکردە سەربازییەکانی کردووە بە تۆمەتی پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی کودەتا لە دژی حکومەتەکە، ئەگەرچی تەنانەت کاتێك بەڵگەی ئەو تۆمەتانە بێڕادە لاوازیش بووبێتن. رێکخراوە مەدەنییەکان و دەزگاکانی رۆژنامەگەری سەربەخۆ بەردەوام خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە ئابڵوقە دراون. تەنانەت ئەوانەی رۆژانێك پشتیوانی ئەردۆغان و پارتەکەی- پارتی داد و گەشەپێدان- بوون ئێستا وەك دوژمن سەیر دەکرێن. لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بزووتنەوەکەی گوڵەنی بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە قەڵەم دا، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر -ئەو بزووتنەوەیە- بەهێزترین هاوپەیمانی سیاسیی حکومەت بوو. خودی ئەردۆغان خۆی سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد کە ئەو تۆمەتەی تێدا تەبەنی کرا.

ئەم باڵادەستییە نادادپەروەرانەی حکومەتەکە لە لایەنەکانی دیکەشەوە دەردەکەوێت. کاتێك لێکۆڵەران دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو کرد لەبارەی بوونی گەندەڵی- لە حکومەتەدا-، ئەوا ئەمە سەری کێشا بۆ دەست لەکارکێشانەوەی چوار وەزیری حکومەتەکە، وەك کاردانەوەیەکیش حکومەتەکەی ئەردۆغان دەستی بە پاکسازی کرد و سەدان بەرپرسی پۆلیس و داواکاری گشتی دەرکرد. هەروەها چەند یاسایەکی تێپەڕاند کە بوار دەدەن سەرۆك بتوانێت توندتر دەسەڵاتی قەزائی کۆنترۆڵ بکات.

رەوتی هەڵکشاوی خۆسەپێنی ناوخۆیی لە تورکیادا نیگەرانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە. ئەوە راستە کە پێشتر هاوپەیمانێتیەکە چاوپۆشی لەوە دەکرد کە رژێمە نالیبراڵییەکان و تەنانەت دیکتاتۆرەکانیشی وەك ئەندام وەربگرێت. پورتوگال کە ئەندامی دامەزرێنەر بوو، وڵاتێکی نیمچە فاشیستی بوو لە سایەی دەسەڵاتی ئەنتۆنیۆ سالازاردا، لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردووشدا یۆنان لە سایەی دیکتاتۆریەتێکی سەربازی درندانەدا دەیناڵاند و لە ئەندامێتی ناتۆش دوور نەخرایەوە. بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا زۆر زەحمەتترە بۆ هاوپەیمانێتییەکە چاوپۆشی بکات، کاتێك ئەندامێکی ملی ئەو رێگەیە دەگرێتەبەر. لە سەردەمی شەڕی سارددا، تێڕوانینی بەربڵاو ئەوە بوو کە ناتۆ سەرەتا و پێش هەر شتێك رێکخراوێکی بەرگرییە لە دژی یەکێتی سۆڤیەت. ئەگەرچی پابەندبوون بە دیموکراسی لیبراڵییەوە گرنگ بوو، بەڵام مەسەلەیەکی لاوەکی بوو. بەڵام لە رۆژگاری دوای شەڕی سارددا، سەرکردەکانی ناتۆ جار لە دوای جار جەختیان لەسەر پابەندبوونی رێکخراوەکەیان کردۆتەوە بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە. رێگەدان بە سەرهەڵدانی تاکڕەوییەك — لە سەر شێوازەکەی پۆتین- لە نێو ئەندامانی ناتۆدا، سنووری ئیحراجبوون تێدەپەڕێنێت، کە لە ئێستادا ئەمە مەترسییەکی راستەقینەیە لە پەیوەندی بە تورکیاوە.

**رەوتی هەڵکشاوی خۆسەپێنی ناوخۆیی لە تورکیادا نیگەرانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە**

**رێگەدان بە سەرهەڵدانی تاکڕەوییەک — لە سەر شێوازەکەی پۆتین- لە نێو ئەندامانی ناتۆدا، سنووری ئیحراجبوون تێدەپەڕێنێت**

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

# پێشمەرگە لەسەدەی نوێ کوردستانی بەجیهان ناساندەوە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو وێڕای ناخۆشی و هەندێك لە کارەساتەکانی، چەند خاڵێکی گەش و گەورەشی بۆ گەلی کوردستان تۆمار کرد لەچەشنی:

یەکەم: یەکڕیزیی گەل و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان.

دووەم: پتەویی و سەقامگیریی بارودۆخی ناوخۆی کوردستان.

سێیەم: لێبووردەیی و گیانی مرۆڤدۆستانەی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە ئاوارە و پەنابەران.

چوارەم: لێبووردەیی ئایینیی گەلی کوردستان و قبووڵکردنی ئەوانی دیکەی جیاواز لە ئاییندا.

پێنجەم: زیادبوونی پاڵپشتیی سیاسیی نێودەوڵەتیی بۆ ئەزموونی گەلی کورستان.

بەڵام لەمانەش گرنگتر و گەورەتر بریتی بوو لە:

یەکەم: دەرکەوتنی ناوی پێشمەرگە لە سەر ئاستی جیهان.

دووەم: دەرکەوتنی ڕۆڵی پێشمەرگە لە پاراستنی کوردستان.

سێیەم: دەرکەوتنی توانای پێشمەرگە وەك جەنگاوەرێکی مرۆڤدۆست و خاوەن پرەنسیپی نەتەوەیی و نیشتمانی.

چوارەم: دەرکەوتنی ڕۆڵی نەتەوەییانەی پێشمەرگە لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، بەجۆرێك کە پێشمەرگەی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەرگریی لە باشووری کوردستان دەکەن، پێشمەرگەی باشوور و باکوور و ڕۆژئاواش بەرگریی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن .

پێنجەم: ئەمڕۆ هەموو جیهان پێشمەرگە دەناسێت و، دەشزانێت پێشمەرگە هێمای وڵاتپارێزییە.

بۆیە لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە ئەوەیە کە:

یەکەم: پارێزگاریکردن لە وشەی پێشمەرگە لە ئەدەبیات و گشت هەواڵەکانی میدیادا بۆ جیاکردنەوەی لەگەڵ ئەوە دوای هێزەکانی عێراق.

دووەم: بەردەوام ناوهێنانی پێشمەرگە لە دیدار و لێدوان و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپا.

سێیەم: بایەخدانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕووی ژمارە و جۆری هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلێن کردنیان لەسەر بنەمای ئەو کار و فرمانانەی پێیان دەسپێردرێت.

چوارەم: بەردەوامبوون لەسەر پرچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە چەکی نوێ و قورس.

پێنجەم: ناردنی پێشمەرگە بۆ خولی دەرەکیی بۆ وەرگرتنی ئەزموونی نوێ و هێنانی ڕاهێنەرانی بیانی بۆ مەشقپێدان بە پێشمەرگە.

شەشەم: خۆ ئامادەکردن بۆ پێکهێنانی هێزی ئاسمانی – هەر چەندە سەرەتایی و بچووکیش بێت–، بایەخدانیش بە بنیتنانی بەرگریی زەمینی دژ بە ئامانجە هەواییەکان.

حەوتەم: ئەنجامدانی مەشقی قورس و مانۆڕی هاوبەش لەگەڵ هێزە دۆستەکاندا.

هەشتەم: پارێزگاریکردن لە عەقیدەی سەربازیی پێشمەرگە کە بریتییە لە پاراستنی خاك و نەتەوە و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

نۆیەم: بایەخدان بە زاراوەی ئابووریی جەنگ و تەرخانکردنی بوجەی پێویست بۆ پێشمەرگە و پێداویستییەکانیان.

دەیەم: هێشتنەوەی ڕووبەرێکی سنووری وەك زەمینی جەنگ و جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە تیایاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو لە ئاییندەدا.

یازدەهەم: بەردەوامیدان بە ئامادەباشیی ئەو وەزارەت و دەستە و فەرمانگەیانەی کە پەیوەندیی لۆجیستییان لەگەڵ کاری پێشمەرگەدا هەیە.

دوازدەهەم: بەردەوامبون لەسەر مەشق و ئامادەکاریی لە سەردەمی ئاشتیدا، چونکە مەشقی سەردەمی ئاشتی خوێنی سەردەمی جەنگ کەمتر دەکاتەوە.

سێزدەهەم: بایەخدان بە خەستەخانەی سەربازیی بۆ پێشمەرگە و دابینکردنی تازەترین هۆکارەکانی چارەسەر و تەکنەلۆژیای سەردەم بۆیان.

چواردەهەم: گرنگیدانی زیاتر بە هەواڵگریی سەربازی بۆ پێشگیریکردن لەهەر ئەگەرێکی نەخوازراو لە داهاتوودا.

ئەمانەو زۆری دیکە لەو خاڵانەی کە پسپۆڕانی ئەو بوارە باشتر لە وردەکارییەکانی دەگەن، پێویستن بۆ باشتر بیناکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لەم سەدە نوێیەدا جارێکی دی کوردستانیان بە جیهان ناساندەوە.

سڵاو لە پێشمەرگەی کوردستان و سڵاو لە خەباتی نەپساوەی پێشمەرگە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی توانی سنوورە دەستکردەکان کاڵ بکاتەوەو، یەکێتی نەتەوەیی بەهێز بکات و، پێش کۆنگرەی نەتەوەیی بکەوێت و، خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی پێکەوە ئەنجام بدات لە سەر ڕووبەرێکی گەورەی کوردستانی گەورەدا.

# تورکیا و زیندووکردنەوەی زمانی عوسمانلی

لەم ڕۆژگارەدا تورکیا سەرقاڵە بە مەسەلەی زیندووکردنەوەی زمانی عوسمانلی کە نیاز وایە لەمەولا لە خوێندنگەکاندا وەك وانەیەکی فەرمی بخوێندرێ. پڕۆژەکە خۆی لە خۆیدا مایەی مشتومڕێکی زۆرە، چونکە زیادکردنی وانەی زمانێکی دی لە پڕۆگرامی خوێندن قورساییەکی زۆرتر لەسەر خوێندکاران دروست دەکا. بەم پێیە، لەمەولا خوێندکاران شانبەشانی زمانی تورکی ء زمانێکی بیانی، دەبێ زمانی تورکیی عوسمانلیش بخوێنن. جگە لەوە، ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، کورد بەمجۆرە دەڕوانێتە مەسەلەکە کە لەکاتێکدا حکومەت بەپێی یاساکان خوێندنی بە زمانی کوردی قەدەغە کردووە، دوو زمانی تورکی بەسەر خوێندکاراندا دەسەپێنێ، یەکێکیان زمانی تورکیی ئەمڕۆیە و ئەوی دی زمانی تورکیی کۆنە. ئەمەش دەشێ درزی نێوان کورد و تورك گەورەتر بکات.

ئەردۆغان کە خاوەنی پڕۆژەکەیە، بەمجۆرە سەیری مەسەلەکە دەکا کە «گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕەگ ء ریشە دێرینەکان»و بیانووەکەی ئەوەیە کە «زمانی عوسمانلی زمانێکی بیانی نییە، بەڵکو شێوەیەکی زمانی تورکییە و هەرگیز لەناو نەچووە».

پڕۆژەکە شیاوی ئەوەیە کە لەچەند گۆشەنیگاوە تەماشا بکرێ. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە زمانی عوسمانلی بەشێکە لە کەلەپووری تورك ء لانیکەم بە درێژایی ٤٠٠ ساڵ بەکار هێندراوە، بەڵام خوێندنی ئەم زمانە لە خوێندنگەکاندا لە رووی تەکنیکییەوە لانیکەم دوو کێشەی لەبەردەمدایە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم زمانە بە بەراورد لەگەڵ زمانی تورکیی ئەمڕۆ زۆر دواکەوتووە و پڕ وشەی عەرەبی ء کوردی ء فارسی ء تورکییە دێرینە ئاڵۆزەکەی جارانە و فێربوونی سوودێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە. دووەمیشیان ئەوەیە کە فێربونی ئەم زمانە پێویستی بە فێربونی پیتە عەرەبییەکان هەیە، چونکە زمانی عوسمانلی بە پیتی عەرەبی نووسراوە. ئەمەش خۆخەریککردن بە فێربوونی دژوارتر دەکا. لە رووی زانستیشەوە زمانی عوسمانلی زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز لە زمانی تورکی نییە و، لەهەمان کاتدا ناتوانرێ بە زمانی لەناوچووی لاتینی بچوێندرێ، بەڵام هەر وەك چۆن لە ئەورووپا کەس قسە بە زمانی لاتینی ناکا، لە تورکیاش کەس قسە بە زمانی عوسمانلی ناکا، سەرباری ئەوەی کە لە کاتێکدا زمانی لاتینی بە زمانێکی رەسەن دادەندرێ، زمانی عوسمانلی بە زمانێکی رەسەن داناندرێ.

دەکرێ زمانی عوسمانلی بە زمانی کوردیی کۆن بچوێندرێ کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا کەس قسەی پێ ناکا. ئەگەر کتێبە بەناوبانگەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ «خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان» بە نموونەی زمانی کوردیی کۆن دابنێین، دەبینین کوردییە کۆنەکەی ناو ئەم کتێبە بە فۆرمێکی زۆر دواکەوتووی زمانی ئەمڕۆی کوردی دادەندرێ. ئەمەش وایکردووە، نەوەی ئەم سەردەمە، سەرەڕای بابەتە زانستییە بەپێزەکەی کتێبەکە، زۆر ئارەزوی خوێندنەوەی کتێبەکەی نەبێ. کتێبەکە کە ساڵی ١٩٣١ دەرچووە، نموونەی زمانێکی پڕ وشەی عەرەبییە ء لە رووی ڕێنوسەوە پشتی بە هیچ جۆرە ڕێنوسێکی دیاریکراو نەبەستووە. یەکەم پەرەگرافی کتێبەکە کە لە چاپی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ی کتێبخانەی سۆرانی هەولێر لە هەشت دێر پێکدێ، لە کۆی نزیکەی ٧٠ وشە ٣١ وشەی عەرەبی تێدایە. گریمان حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا ئەو زمانە کوردییەی کە محەمەد ئەمین زەکی بەگ کتێبەکەی پێ نووسیوە، بخاتە پڕۆگرامی خوێندنی خوێندنگەکانەوە، ئایا ڕۆشنبیران چ هەڵوێستێکیان لەم بارەیەوە دەبێ؟ بەدڵنیاییەوە ئەوسا ژمارەی لایەنگرانی ئەم پڕۆژەیە بە ژمارەی پەنجەکانی دەست دەژمێردرێ.

ئەوانەی دژی پڕۆژەی زیندووکردنەوەی زمانی عوسمانلین، تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، بەڵام زۆربەیان پێیانوایە تورکیا و کەلتووری تورکی پێویستی بە زیندووکردنەوەی ئەم زمانە نییە و هیچ لێی سوودمەند نابن و بەشێکی زۆریان هۆی بانگەشە بۆ پڕۆژەکە دەبەنەوە سەر ئەجندا ئایدیۆلۆژییەکەی پارتی دادوپەرەپێدان کە پێیانوایە ئەوەندەی چاوی لە رابردووی عوسمانییانەی تورکیایە، ئەوەندە چاوی لە ئایندەیەکی جیاواز نییە.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

## پاتریشیا لویس

بەڕێوەبەری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ئامۆژگای چاتام هاوس بۆ گوڵان:

# نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتۆتە ئەو راستییەی داعش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە نییە

**ئەگەر مەترسییەکانی تیرۆریستان و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن (داعش)ـەوە جارێکی دیکە پێناسەکردنەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە پێویست بزانێت، ئەوا ئەم حاڵەتە گۆڕانکاری بەسەر چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی هەموو ئەو دەوڵەتانەش دەهێنێت کە ئێستا لەناو یەك هاوپەیمانی کۆبوونەتەوە و شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکەن، بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە پەیوەندیمان بە د.پاتریشیا لویس بەڕێوەبەری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ئامۆژگای بەناوبانگی چاتام هاوس کرد و ئەو خاتوونە بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لە بەرامبەر مەترسیی تیرۆریزمدا هەموو دەوڵەتێك بەرنامەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەموار کردۆتەوە، کەواتە خاڵی هاوبەشی نێوان نەتەوەکان بریتییە لە ستراتیژیەتی تیرۆریزم، بەتایبەتی دوای دروستبوونی داعش، پرسیارەکە ئەوەیە بە جیهانی بوونی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەی ئەو هەموو دەوڵەتە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ـەوە، تیرۆریزم بە گەورەترین هەڕەشەی ئەمنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەڵەم درا. هەروەها وڵاتانی دیکەش لە نێویاندا بەریتانیا لە سەرووی لیستی هەڕەشە راستەقینەکانەوە دایدەنێت. لە کاتێکدا ئەمە مایەی تێگەیشتنە، بەڵام جەختکردنەوەی زیاد لە پێویست و کاردانەوەی زیاد لە پێویست لە ئاست تیرۆریزمدا مەترسیدارە. چونکە ڕەنگە لە دەرئەنجامی بایەخی پێویست نەدرابێت بە هەڕەشە گەورەکانی دیکە، وەك شەڕی



نێودەوڵەتیەکان و شـــەڕی نێوان دەوڵەتەکان، هێرشـــەکانی ئەنتەرنێت (cyber attacks) سیستمی چەکەکان و تاوانی ڕێکخراو. هەر بۆیە ئاسایشـــی نێودەوڵەتی پێویســـتی بە ســـتراتیژیەتێکی هەمەلایەنی هاوکاری ئامێزە کە دەبێت لەسەر ئاستی جیهانی، ناوچەیی و نەتەوەیی بایەخی پێ بدرێت، هەروەها لەلایەن ســـەرجەم بەشەکانی حکومەتەوە، کە هەم هێزی نەرم و هێزی زبریش لەو بوارەدا بخرێنە گەڕ. هاوکاری هەمەلایەن لەبارەی چەند تەحەددییەکی ئاڵۆزەوە کە ئێمە ئێستا ڕووبەڕوویان بووینەتەوە، دەبێت هاوکارییەکی گشتگیر و عەمەلی بێت. ئێمە پێویستمان بە چارەسەرکردنی تەحەددییە سیاسی و دامەزراوەیی و سۆسیۆ-ئابوورییەکانی عێراق و سووریا و ئەو وڵاتانەی دیکە هەیە کە ڕووبەڕووی بوونەتـــەوە، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە پێداویســـتیی ئاسایشـــی نەتەوەیی و ئەمنی لەخۆ بگرێت. کۆبوونەوەی ٦٠ دەوڵەت لە بارەگای سەرەکیی ناتۆ دەرفەتێکی خوڵقاند بۆ گەیشـــتن بە کۆدەنگییەك لەبارەی سروشـــتی داعش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە ســـەر ئاستی جیهان. لە کاتێکدا کە ئەو گرووپەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە و کاریان لەسەر ئەلقاعیدە دەکرد، ڕایگەیاند کە باوەڕی وایە داعش بریتییە لە ئەلقاعیدە، بەڵام هێشتا لە نێو دەوڵەتاندا نەگەیشتوونەتە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی لەسەر ئەم خاڵە، بە پێچەوانەی ئەو هەڕەشەیەی کە ئەلقاعیدە خوڵقاندی.

*** لەبەر ئەوەی جیهان هاوڕا نییە لەبارەی پێناســـەکردنی تیرۆریزم، یاخود لەبارەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی داعش یاخـــود ئەلقاعیدە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەگەری ئەوە هەیە نەتەوە یەکگرتووەکان بناغەی نوێ بۆ ئاسایش و ئاشتی دابڕێژێت کە ڕەنگدانەوەی سیاســـەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان بێت؟**

- تا ئێســـتا نەتوانراوە پێناسەیەکی وردی تیرۆریزم بکرێت کە بەلای هەموو وڵاتانەوە مایەی قبووڵکردن بێت، ڕەنگە ئەم کارە دەرئەنجامی پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە، لەو ڕووەوە کە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی مەودای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و بەرپەرچدانەوەی لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتی. نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پرســـێك پەیوەست بە سیاسەتی

**پێویستە هێزە ئیقلیمە مەزنەکان وەک میسر و سعودیە و عێراق و ئێران پێکەوە کاربکەن لەگەڵ ڕۆژئاوادا بۆ زیادکردنی دەرفەتەکانی ئەم گۆڕانکارییانە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی شەرعییانەی دیموکراتییانە بچەسپێنرێن نەک لە ڕێی توندوتیژییەوە**

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پرۆسەی گۆڕاندا تێدەپەڕێت کە بە شێوەیەکی حەتمی، دووبارە داڕشتنەوەی ڕیزبەندییەکان لە هاوپەیمانێتییەکاندا دەسەپێنێت**

**پێویستە ڕۆژئاوا و ئەمریکا هەموو کارێک بکەن لە ئایندەدا بۆ ئەوەی ناکۆکی مێژوویی نێوان سوننە و شیعەکان ئاڵۆزتر نەکەن**

**ئەنجامدانی چاکسازی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا کارێکی دژوارە و لە سایەی ئەو کەشە سیاسییەی ئێستا باڵادەستە کارێکی کردەنی نییە کە دەوڵەتە ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانن ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی کە بناغەی نوێ بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی پێناسە بکەن**

سەرکردایەتی/ لە ئاستی هاوکارییەوە ئیدارەی تیرۆریزم دەکات، ئەویش لە ڕێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە لە ١٣٧٣ و ١٦٢٤ کە ئەویش بە چاودێری کۆمیتەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمە. ئەمانە بڕیارگەلێکن کە هێزی جێبەجێکردنیان هەیە، چونکە بە گوێرەی فەسڵی حەوت دەرچوونە و دەوڵەتە ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش پابەندن بەوەی ملکەچی ئەحکامەکانی بن. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیاتنانی کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە سەرتاسەری جیهاندا، بەتایبەتی لە ڕێی ئەو ڕێککەوتنانەی لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا دێنەئاراوە. ئەنجامدانی چاکسازی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا کارێکی دژوارە و لە سایەی ئەو کەشە سیاسییەی ئێستا باڵادەستە کارێکی کردەنی نییە کە دەوڵەتە ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانن ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی کە بناغەی نوێ بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی پێناسە بکەن. شێوازەکانی ئەم دواییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی و توندوتیژی هەنگاوێکن بە ئاراستەی ڕاستدا، بەڵام دەبێت کاری زیاتر بکرێت.

*** هاوکێشەکان دەگۆڕێن،تەنانەت لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، ئەمریکا و ڕۆژئاوا هاوپەیمانی عەرەبە سوننەکان بوون، بەڵام دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات لەلایەن (ئیخوان موسلمین)ـەوە لە میسر و بردنەوەی حزبی ئیسلامی لە لیبیا و دروستبوونی داعش، دەبینین عەرەبە سوننەکان تەبا نین لەگەڵ ئەمریکا لە ڕووی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە، لەم ڕووەوە ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە؟ ئایا ئەمریکا دەستبەرداری هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوننەدا دەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە هاوپەیمانی شیعەکان؟**

- نەخێر، ئاشکرایە حاڵەتەکە بەم شێوەیە نییە. نە ڕۆژئاوا و نە ئەمریکا لەسەر بنەما ئاستی هاوپەیمانێتی گرێ نادەن، بەڵکو هەوڵی لەم شێوەیە لەسەر بنەمای بەها و بەرژەوەندی هاوبەش دەبێت. بەو پێیە هاوپەیمانێتی ئێستا کە دژ بە داعش پێکهێندراوە، هەم سوننەکان و هەم شیعەکانیش لەخۆ دەگرێت.

*** لە نامەکەیدا بۆ سەرۆکی ئێران، ئۆباما جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ستراتیژیەتی هاوپەیمانێتی دژ بە داعش ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد لەخۆ ناگرێت. بە بۆچوونی ئێوە ئایا ئەمە هاوپەیمانێتیکردن نییە لەگەڵ شیعەدا، بەتایبەتی لەگەڵ ئێراندا کە لە کەنداو و دەریای سپی ناوەڕاست نفوزێکی زۆری هەیە؟**

- لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە دەکرێت ئەوەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات بە شەڕی ئایینی ناو نەبرێت، بەڵکو شەڕی نێوان ئەوانەی خوازیاری مۆدێرنە و حوکمڕانییەکی هەمەلایەنن لەگەڵ ئەوانەی دەیانەوێت



سیستمێکی دیکتاتۆری و تەنانەت فیوداڵی دروست بکەن. بڕیارەکەی باراک ئۆباما و سەرۆکەکانی دیکەی وڵات و حکومەتەکان بەوەی هێزی سەربازی نەکەنە سەر ئەسەد، وەك بەشێك لە ستراتیژیی ئێستای دژ بە داعش بڕیارێکی ئاڵۆزە، میراتی دەستێوەردانی سەربازی لە ڕابردوودا، لە نێویاندا ئەفغانستان و عێراق و لیبیا سەرکەوتوو نەبوون، بەو شێوەیەی کە پشتیوانەکانی ئەو دەستێوەردانانە هیوایان بۆ دەخواست.

*** ئەگەرچی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تورکیاشەوە، لەسەر بنەمای تایەفەگەری و ئایینی دابەش بوون لە نێوان شیعە و سوننەدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر هاوپەیمانێتی دژ بە داعش کردووە، بەڵام لەم ناوچەیەدا کورد کە لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش بوون و لە ڕووی تایەفییەوە زۆربەیان سوننەن، ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە شەڕی دژ بە داعش، واتە تەنها کورد دوودڵ نەبووە لەم شەڕەدا، تا چەند گرنگە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پشتیوانیی کوردەکان و پێشمەرگەن بکەن، بۆ ئەوەی داعش تێکبشکێنین؟**

- دەوڵەتی ئیسلامی هاوپەیمانی ئیسلامییە سەرسەختەکان و تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان و بەعسیە کۆنەکانە، هەروەها



میلیشـــیا میانڕەوەکانی پێشووی سوننەی تێدایە، تەنانەت ئەوانەشـــی کە پێشتر مووچەیان لە ئەمریکا وەردەگرت لە شـــەڕیاندا دژ بە ئەلقاعیدە لە عێراقدا. پێویستە رۆژئاوا و ئەمریکا هەموو کارێك بکەن لە ئاییندەدا بۆ ئەوەی ناکۆکی مێژوویی نێوان ســـوننە و شیعەکان ئاڵۆزتر نەکەن. گرنگە رۆژئاوا پشـــتیوانی لە هەموو ئەو نەتەوە و خەڵکانە بکەن کە شـــەڕی دەوڵەتی ئیســـلامی دەکەن و بە شێوەیەك ئەم کارە دەکەن کە یارمەتیدەر بێت بۆ هێنانەدی ئاشـــتییەکی درێژخایەن لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** دەبینیـــن بەرەی ئەلنوســـرە کە لقێکـــی رێکخراوی تیرۆریســـتی ئەلقاعیدەیە لەلایەن تورکیا و ســـعودیە وەك تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو وەك لایەنێکی موعارەزە، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت شـــەڕی داعـــش بکرێت، لە کاتێکدا بەشـــداربووانی هاوپەیمانێتی دژی دەوڵەتی ئیســـلامی برەو بە رێکخراوێکی ســـەر بە ئەلقاعیدە دەدەن؟**

- هەمـــوو لایەك هاوڕا نین لەســـەر ئەوەی لە ئێســـتادا ئەلقاعیـــدە بەهێز بووە، بەڵام هاوڕا دەبین لەســـەر ئەوەی مەترســـی ئەوە هەیە کە تەرکیزی وڵاتان لەســـەر داعش لەســـەر حیســـابی گرووپە تیرۆریســـتیەکانی دیکە بێت، لەوەش گرنگتر لەســـەر حیسابی ئەو تەحەددیاتانە بێت کە ناوچەکە رووبەڕووی دەبێتەوە، کە دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە. دەبێت هەرچیەکمان لەدەســـت بێت ئەنجامی بدەین بۆ بنیاتنانی ستراتیژیەتێکی نێودەوڵەتی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشە مەترسیدارەکانی سووریا. هەرچۆنێك بێت، هەموو وڵاتان کێشـــەی خۆیان هەیە، کە پێویستی بە چارەسەر هەیە.

*** شـــارەزایان پێیانوایـــە رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بـــە گۆڕانکارییەکی سەرتاسەریدا تێدەپەڕێت، چ پێشبینیەکت هەیە بۆ گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە گۆڕینی سنوورەکانەوە؟**

- ئاشـــکرایە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پرۆسەی گۆڕاندا تێدەپەڕێت کە بە شێوەیەکی حەتمی، دووبارە داڕشتنەوەی ریزبەندییەکان لە هاوپەیمانێتییەکاندا دەســـەپێنێت، لەگەڵ گۆڕانکاری دەســـتووری و رەنگە دووبارە داڕشـــتنەوەی سنوورەکانیش. پێویستە هێزە ئیقلیمە مەزنەکان وەك میسر و سعودیە و عێراق و ئێران پێکەوە کاربکەن لەگەڵ رۆژئاوادا بۆ زیادکردنی دەرفەتەکانی ئەم گۆڕانکارییانە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی شەرعییانەی دیموکراتییانە بچەسپێنرێن نەك لە رێی توندوتیژیەوە.

**دەوڵەتی ئیسلامی هاوپەیمانی ئیسلامییە سەرسەختەکان و تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان و بەعسیە کۆنەکانە، هەروەها میلیشیا میانڕەوەکانی پێشووی سوننەی تێدایە**

**کۆبوونەوەی ٦٠ دەوڵەت لە بارەگای سەرەکیی ناتۆ دەرفەتێکی خوڵقاند بۆ گەیشتن بە کۆدەنگییەک لەبارەی سروشتی داعش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە سەر ئاستی جیهان**



# یەکگرتوویی ناسنامەی کوردستانی وەک سیمای بە دەوڵەت بوون



سۆلاڤ کاکەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

لەبەر ئەوەی ئومێدی کوردستان بە دەوڵەت قەت لە هزردا کاڵنابێتەوە، ئەوا دەبێت دەسپێکی پاراستن و بەدیهێنانی ئەم ئومێدە لەسەر ئەو باسانە بن کە دەبنە هۆکار بۆ یەکگرتنی ناسنامەی کوردستانی بوونمان، لەبەر ئەوەی لە کوردستان فرەیی نەتەوەیی و ئاینی بوونی هەیە، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە فرەیی ئایینی و کەلتوری و نەتەوەییە بکرێتە هۆکارێك بۆ یەکگرتوویی ناسنامەی کوردستانی بوون و دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت ئەگەر بەو ئاڕاستەیە هەنگاو هەڵنەگرین، ئەوا زۆر جار دەوڵەمەندی فرەیی ئایین و نەتەوە و کەلتور دەبێتە هۆکارێك بۆ لاوازبوونی ناسنامەی نیشتمانی و عێراقی بەزۆر دروستکراو نموونەیەکی بەرجەستەو زیندووی ئەو واقیعە تاڵەیە.

لەدوای ساڵی ١٩٩١ و لە ئاکامی راپەرینە شکۆدارەکە و دوای هێرشکردنەوەی رژێمی پێشووی بەعس بۆ کوردستان و پاشان کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بۆ چیاکان، لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ بەبڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش باردۆخێکی تایبەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو، ئەم رووداوە ئەوەی بۆ جیهان خستەڕوو ئەوە چارەنووسی نەتەوەیەکە کە بەزۆر بە دەوڵەتێکەوە دەلکێنرێت بە دەوڵەتێکی دیکەوە، ئەم بارودۆخە تایبەتی کوردستان پێوەندیەکی تازەی دروستکرد لەگەڵ عێراق ئەویش ئەوەیە کوردستان هیچ پێوەندییەکی بە عێراقەوە نەماوە بێجگە لەو نەخشە سیاسیە بەزۆر سەپێنراوەی کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە.

هەربۆیە لەدوای ساڵی ١٩٩١، بارودۆخی کوردستان بارودۆخێکی تێکەڵ بووە لە نێوان سیمایەکی نێودەوڵەتی و سیمایەکی دەستوری، سیما نێودەوڵەتیەکەی لە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش وەرگرتووە، سیما دەستوریەکەشی لە بڕیاری ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٩٢ی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێراوی کوردستان وەرگرتووە کە ئەویش بڕیاری راگەیاندنی کوردستانە وەك هەرێمێکی فیدرالی لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەمە بێجگە لەوەی ١١ی ئابی ساڵی ١٩٩١ بڕیارێکی دیکە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە بەوەی لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢کار بەو بڕیار و یاسایانە لەناو هەرێم ناکرێت کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە لەبەغداوە دەرچوون.

لەگەڵ ئەوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکە هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی دیموکراتی و خۆبەڕێوەبەری سەربەخۆ دەرکەوتووە و بەرووی جیهاندا کراوەتەوە، جیهانیش زیاتر بە کێشەی کورد و کارەساتەکانی و خەبات و قوربانیدانی ئاشنابووە، لەناو هەرێمی کوردستانیشدا

بـــوار بۆ هەموو پارتە سیاســـیەکان و نەتـــەوەو ئایینە جیاوازەکان رەخســـاوە بۆ ئەوەی خۆیان لە چوارچێوەی پارت و رێکخراو سەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رێکبخـــەن، هەروەها هەمووجـــۆرە کەناڵێکی میدیایـــی بوونی هەیـــەو بە ئـــازادی بیروبۆچوونی هەمۆجۆر پەخش دەکەن.

بەڵام ئەم کاروانی بەرەو دیموکراتی و کرانەوە ئاستەنگی گـــەورەی هاتۆتە بـــەردەم، لەبەر ئـــەوەی جیا لەوەی عێراق لەدوای ســـاڵی ١٩٩٠ خۆی ئـــەو دەوڵەتەبوو کـــە لەلایەن کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیـــەوە گەمارۆی نێودەوڵەتـــی خرابووە ســـەر دوای داگیرکردنی کوەیت، دوای ئەوەی کوردســـتان هەڵبژاردنی کردو پەرلەمان و حکومەتی خۆی دامەزراند، حکومەتی ناوەندی عێراق گەمارۆیەکی دیکەشی خستە سەرکوردستان و ئەمەش واتە کوردستان کەوتە ژێر باری دوو گەمارۆی گەورە، لەمەش خراپتر لە ناوەڕاســـتی نەوەدەکان سەرهەڵدانی شـــەڕی ناوخۆ بوو لە کوردستان، بۆیە هەموو ئەمانە بوونە ئاستەنگ لەبەردەم نەتەوەیەکی تازە پێگەیشتوو بۆ پێکهێنانی ناســـنامەیەکی کوردستانی یەکگرتوو، زمانێکی یەکگرتوو، داڕشـــتنی دەستوور وەك یاسای بنەڕەتی بۆ هەرێمی کوردســـتان. خۆ ئەگەر ئەو کات و پێش رووخانی رژێمی بەعس، کوردســـتان بیتوانیایە دەســـتووری خۆی دابڕێژێـــت، ئـــەوا چاوەڕێی ئەوە نەدەبوو ئێســـتا دەستورێك دابڕێژێت، بەمەرجێ لەگەڵ دەستووری عێراق یەکبگرێتەوە.

ئەمە هەنگاوێك بووە کەمتەرخەمی تیاکراوە و ئێســـتا هەر دەســـتورێك دابڕێژرێت دەبێت لەگەڵ دەســـتوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ یەکبگرێتەوە، ئەگەر سەرنج بدەین هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستوری خۆی بوایە، ئەوا ئەگەر لە دەســـتوری هەرێمدا پرسی سامانی نەوت و گاز یان هەر ســـەرچاوەیەکی دیکەی سروشـــتی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دیاری بکرایە، ئەوا بەپێی  ماددەی ٥٣ ئەلف لەیاســـای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناخی ئینتیقالی و هەروەها ماددەی ١١٧ لە دەســـتوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، دەبوو حکومەتی بەغدا خۆی لەگەڵ ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستان بگونجێنێت. هەروەك لە دەستوری عێراقدا هاتووە دەبێت بەغـــدا مامەڵە لەگـــەڵ دەســـەڵاتەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و تەواوی ئەو یاسانە بکات کە لە ساڵی ١٩٩٢ دەکراون.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەوە، ئێســـتا هەرێم دەبێت بەشێك لەنەوتەکەی بداتە بەغدا بیفرۆشێت هەتا لە بەرامبەردا رێژەی ١٧٪ بەشە داهاتی بۆ بنێرێت.

ئاشکرایە هەوڵدانی ناوەند بۆ ئیستغلالکردنی سەرچاوە سروشتیەکان لەسەر حسابی ئەو ناوچانەی کە خاوەنی ســـەرچاوەی سروشـــتین و پاشـــانیش بە یەکســـانی داهاتەکـــەی دابـــەش نەکرێـــت، ئەمە مەســـەلەیەکە مەترسیی زۆر گەورەی لێدەخوێنرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو ناوچانەی نەوتی لێدەردەهێنرێت، بۆ نموونە هەرێمی کوردســـتان دەیەوێت بـــەو داهاتەی هەیەتی ژێرخانێکـــی ئەوتۆی ئابووری بونیاد بنێت کە بتوانێت لەســـەر پێی خۆی رابوەستێت، بۆیە کاتێك حکومەتی بەغدا پرســـی بودجەو مووچە دەکاتە کارتی سیاسی و گەمـــەی پێدەکات ئەوا نیگەرانـــی قووڵ بەرامبەر حکومەتی ناوەندی دروست دەبێت و دروستیش بووە.

ئەمە شێوازی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدایە لەدوای ســـاڵی ٢٠٠٥ەوە، هەمـــوو کات هەرێمی کوردســـتان پێداگیری لەسەر پشـــکی خۆی کردووە و حکومەتی عێراق کێشەی دروست کردووە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوور بووە لەسەر ئەوەی کۆنتراکتی سەربەخۆ لەگـــەڵ کۆمپانیاکانی نەوت ئیمزا بـــکات، ئەمەش بەردەوام لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گرفت و ئاستەنگی زۆر زۆری بۆ دروســـتکراوە، ئەمـــەش مانای ئەوەیە حکومەتی بەغدا ناتوانێت وەك دەوڵەتانی پێشـــکەوتوو دیموکراتی فرە نەتەوە و ئایین ئەم کێشـــانە چارەســـەر بـــکات و ناتوانێت بە هاوشـــێوەی مامەڵەی بەلجیکا لەگەڵ فلامیەکان و بەریتانیا لەگەڵ سکۆتلەندییەکان و ئیسبانیا لەگەڵ باســـك و کەتەلونیا، بەهەمان شێوە بەغدا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات.

لێرەدا گرنگە هەڵوەســـتە لەسەر ئەوە بکەین کە زۆرجار هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی بببێتە هۆکاری ئەوەی زۆر جەخت لەسەر ناسنامەی کەلتووری یان نەتەوەیی نەکرێتەوە، ئەمە بەو مانایەی ئەم رێککەوتنەی دوایی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر دابەشکردنی داهات، ببێتە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی ناوەندی بە مامەڵەکردنی راســـتەوخۆ لەگەڵ نەتەوەو ئایینەکانی کوردســـتان لە دەرەوەی ناســـنامەی کوردســـتانی ببێتە هۆکارێك بۆ یەکگرتوویی ناســـنامەی کوردســـتانی ئەم نیشتمانە، لە ئێستاشـــدا کە لەشـــەڕێکی گەورەی تیرۆریستانی داعشداین یەکگرتوویی ناســـنامەی کوردستانی بوون نەك هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ تەواو ناسنامە لاوەکییەکانی نەتەوە و ئایینەکانی دیکەش زۆر گرنگە، ئەوان لە ناو کوردســـتان ســـەر بەهەر ئایین و نەتەوەیەك بن، دەبێت وەك کوردســـتانی بەرگری لە خۆیان بکەن نەك لە ژێر ناســـنامەی لاوەکیدا، ئەمە ئاراستەیە ئەوان ناپارێزێت بەڵام ناسنامەی کوردستانی بوون لاواز دەکات.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان سوور بووە لەسەر ئەوەی کۆنتراکتی سەربەخۆ لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت ئیمزا بکات، ئەمەش بەردەوام لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گرفت و ئاستەنگی زۆر زۆری بۆ دروستکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی بەغدا ناتوانێت وەک دەوڵەتانی پێشکەوتوو دیموکراتی فرە نەتەوە و ئایین ئەم کێشانە چارەسەر بکات**

**لە ئێستادا کە لەشەڕێکی گەورەی تیرۆریستانی داعشداین یەکگرتوویی ناسنامەی کوردستانی بوون نەک هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ تەواو ناسنامە لاوەکیەکانی نەتەوە و ئایینەکانی دیکەش زۆر گرنگە، ئەوان لە ناو کوردستان سەر بەهەر ئایین و نەتەوەیەک بن، دەبێت وەک کوردستانی بەرگری لە خۆیان بکەن نەک لە ژێر ناسنامەی لاوەکیدا**



### پرۆفیسۆر هۆشیار مەعروف شارەزا لە بواری پلاندانانی ئیقلیمی:

# ڕێککەوتنی ئەمجارەی بەغدا و هەولێر دانپێدانانە بە شەرعییەتی دەستووری و یاسایی ناردنەدەرەوەی نەوتی کوردستان

**پرۆفیسۆر هۆشیار مەعروف شارەزا لە بواری پلاندانانی ئیقلیمی، خاوەنی کتێبێکە لەسەر پلاندانانی ستراتیژی و ماوەیەك وەکو شارەزا لە ناوەندە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە ئابووری و پلاندانان کاری کردووە. بۆ قسەکردن لەبارەی کاریگەریی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر زەمینەخۆشکردن بۆ دووبارە گەڕانەوەی جموجوڵە بازرگانی و ئابوورییەکان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەکاتێکدا هێزەکانی پێشمەرگە لەسەرجەم بەرەکانی جەنگ سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کردووە، ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵیش لەناوخۆ و دەرەوە بووە جێگەی پێشوازییەکی گەورە، وەکو شارەزایەکی بواری ئابووری چۆن سەیری ئەم ڕێککەوتنە دەکەی؟**

- ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە کاتێکدایە کە هەردوولا زۆر پێویستیان بەو لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنە هەبوو، بەغدا وێڕای تەنگ و چەڵەمە سیاسی و سەربازییەکانی، هاوکات لە بەردەم قەیرانێکی سەختی دارایی و ئابووریدایە، بە ڕادەیەك کە بەنیاز بوو قەرزی نێودەوڵەتی بکات، هەرێمی کوردستانیش بۆ زیاتر لە ساڵێکە گەمارۆیەکی ئابووری بەسەردا سەپێندراوە و شوێنەوارەکانی بەسەر ئابووری توند بووە و ڕەوشی بەڕێوەچوونی ژیانی قورس کردووە، کە وایکردبوو ئاسۆی ئابووری لە هەرێمەکەدا تەموموژاویی بێت و زۆربەی هەرە زۆری پڕۆژەکان لەم هەرێمەدا ڕاگیرابوون، بەڵێندەر و بزنسکار و وەبەرهێنەرانیش بەچاوی گومانەوە دەیانڕوانییە ئایندەی ئابووریی کوردستان، ئەمە لە دۆخێکدایە کە هێزەکانی پێشمەرگە گیانفیدایانە بە درێژایی ١٠٤٠ کیلۆمەتر لە شەڕێکی سەختی دژ بە دەوڵەتی بەناو ئیسلامی داعشن، لەلایەکی دیکەوە هەر دوو حکومەتی هەرێم و ناوەند پێویستیان بەوە هەیە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکانی نەوتی خاو دانوستاندن بکەن و لێك نزیك ببنەوە، هەروەها شەڕی داعش و بوونی بۆڕییەکانی ڕاکێشانی نەوت لە کوردستان بووەتە واقیعێکی نوێ و بە بێ هەرێمی کوردستان ناتواندرێت نەوتی کەرکوك ڕەوانەی بەندەرەکانی دەرەوەی وڵات بکرێت، بەپێی ئەم ڕێککەوتنەش ڕۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووك لە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی کوردستان هەناردە دەکرێت، کەواتە گرنگترین خاڵی ئابوورییانە بە ڕای من لەم ڕێککەوتنەدا دانپێدانانی حکومەتی ناوەندە بە شەرعییەتی دەستووری و یاسایی ناردنەدەرەوەی نەوتی کوردستان، دواتر خاڵەکانی ناردنی بەشە بودجەی هەرێم و مووچەی فەرمانبەران و دانپێدانان بە شەرعییەتی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە دێت، هەروەها خاڵێکی دیکەی گرنگی ڕێککەوتنەکە پرسی پێشمەرگە و دابینکردنی کۆمەکی داراییە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە بارگرانیەکی زۆر لەسەر خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سووك دەکات، ئەوەش وادەکات لە دوارۆژ و لە ڕێککەوتنەکانی دیکەدا پرسی پێشمەرگە و دابینکردنی بەشێك لە بودجەی وەزارەتی بەرگری عێراق بۆ پێشمەرگە بێت.

*** باسی پرسی نەوتتان کرد کە چەقی ڕێککەوتنەکە و دانوستاندنەکان لە دەوروبەری ئەم مەسەلەیە دەسووڕێتەوە، ئایا دەستکەوتەکانی هەرێم و ئابووری کوردستان لەمەدا چی بوو؟**

- وەکو باسمکرد ناردنە دەرەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی کوردستان چ نەوتی هەرێم، یا نەوتی کەرکووك بێت، دانپێدانانێکە بە دەستووریبوونی پرسەکە، ئەمەش دوای ئەوەی پێشتر حکومەتەکەی مالیکی و وەزارەتی نەوتی عێراق بە توندی ڕووبەڕووی بوونەوە و گرفت و ئاستەنگی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییان بۆ دروستکردن، ئەمە جگە لەوەی وڵاتی تورکیا لە ئاست چاوەڕوانییەکەی ئێمەدا نەبوو، ئێستا کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووکیش بە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی کوردستان دەنێردرێتە دەرەوە، لە بەرامبەردا بودجەی ١٧٪ بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرن، کەواتە ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی پڕۆژە نەوتییەکان و ناردنە دەرەوەی نەوت و هەنگاونان بەرەو پیشەسازی نەوت بچێتە قۆناغێکی ترەوە و بەکردارەکی بەرەو ئابووری سەربەخۆیی هەنگاو بنێین، لایەنێکی دیکەو گرنگی ڕێککەوتنەکە ئەوەیە کە ڕاستە حکومەتی عێراق ئەو مافەی بە خۆی داوە کە نەوتی کەرکووك بە نەوتی حکومەتی ناوەندی دەزانێت، بەڵام لە بەرامبەردا کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدایە و بە نەوتەکانیشی بە بۆڕییەکانی کوردستاندا دەڕواتە دەرەوە، کە دەکرێت لەدانوستاندنەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری، کورد سوود لەم واقیعە نوێیە وەربگرێت. بەڵام دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕاوبۆچوونە ئابوورییانە کە دەڵێت: «نابێت کورد هەموو هێلکەکان لەناو سەبەتەیەکدا دابنێت»، واتا جگە لە داهاتی نەوت دەبێت بە دوای فرە سەرچاوەی داهاتدا بگەڕێین، بۆ ئەوەی داهاتی نەوت و سەرجەم داهاتەکانی تریش بەرەو کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی ببردرێت و چیتر یەك سەرچاوەی داهاتمان نەبێت، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان یەك مەتر کەناری دەریای نییە بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتەکەی، پشتبەستن بە پێترۆ دۆلار هەڵەیەکی مێژووییە کە عێراق و ئابوورییەکەی تێی کەوتووەو ئەو هەموو نەهامەتی و کەموکوڕییە ئابووری و داراییەی بۆ هێناوین.

*** ئایا دەکرێت ئەم ڕێککەوتنە بە سەرەتایەك بۆ گەڕانەوەی متمانە و ئومێدی وەبەرهێنەران و سەرمایەدارانی ناوخۆ و بیانی بە ئابووری کوردستان دابندرێت؟**

- پێش هەموو شتێك ڕێککەوتنەکە و خێرا جێبەجێکردنی زۆر لە برگەکانی دڵخۆشکەر بوو، تەنانەت ڕێککەوتنەکە وا لە وڵاتانی وەکو تورکیا و ئێرانیش دەکات، هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکانیان لە بەردەم هەرێمی کوردستان

**پێویستە هەوڵبدرێت نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر گرفتی کەمی بودجە دەربازی بێت و داوا لەوڵاتانی دەوڵەمەند بکات بە فریای هەزارەها خێزانی ئاوارەی سووری و دەربەدەری عێراقی بکەون کە ئێستا بارگرانییان لەسەر ئابووری هەرێم و خەڵکەکەی درووستکردووە**

**وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەکاتی شەڕدا تراکتۆریان کردە تانک و پیشەسازی جەنگیان بونیات نا، کە دواتر بووە کۆڵەکەیەکی گرنگی پیشەسازی و مەدەنییەت**

هەڵبگرن، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان دەروازەی عێراقی بەڕوودا کرایەوە، سوودمەندی سەرەکیش لەم رێککەوتنە خەڵکی کوردستان و عێراقە بەگشتی، چونکە لە قەیرانی دارایی هەرێم و خراپبوونی رەوشی ژیانی عێراقییەکان لەناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەوە تەنها هاووڵاتی ئاسایی و خاوەن دەرامەتی کەم و مامناوەندە کە زیانی کاریگەر و راستەوخۆی بەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بیزنسکاران و سەرمایەدارانی ناوخۆ و بیانییەوە هەیە، من پێموایە پێویستی بە چاوخشاندنەوە هەیە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری بازرگان و بیزنسکارانی ئێمە هاوکار و یارمەتیدەری چارەسەرکردنی دۆخەکە نەبوون، بەڵکو هەر زوو ئەو پارە زۆرەی کەڵەکەیان کردبوو لە بازاڕ و بانکەکاندا کشاندیانەوە، بەمەش رووی راستەقینەی نانیشتمانپەروەریی زۆربەی بازرگان و بیزنسکار و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی ئاشکرا بوو، بە رادەیەك گەورە کۆمپانیای وا هەیە، ئامادە نییە باجیش بدات، نەك کۆمەك و هاوکاری حکومەت و ئاوارە و خەڵکی بەش مەینەت بکات. هەربۆیە ئەم قەیرانە داراییە و دۆخە نەخوازراوەی بەسەر هەرێم و ئابوورییەکەیدا هات، ئەوەی بۆ خستینەڕوو کە دەبێت هەنگاوی بوێر بۆ سەربەخۆیی ئابووری و پشتبەستن بە بەرهەمی ناوخۆیی و خودبژێوی ببەستین، مادام کورد خەونێکی هەیە بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، دەبێت لە پاشکەوتەی ئابووری دەربازمان بێت، گەمارۆ ئابوورییەکەی بەغدا ئەوەی سەلماند کە ئابووری هەرێمی کوردستان پاشکەوتەی حکومەتی فاشیلی بەغدایە کە ئابووری ئامرازێکە بە دەست پارتە تائیفییەکانی عێراقەوە، هەربۆیە دەبێت ئێمە سیاسەت بکەینە ئەدایەك بە دەست ئابوورییەوە، داهاتی نەوتیش نەدرێتە کۆمپانیاکانی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی، بەڵکو بخرێتە ژێر خزمەتی کەرتی بەرهەمهێنان کە لە پیشەسازی و کشتوکاڵیدا خۆی دەبینێتەوە .

*** چەند جار باسی سیاسەتی نەوتی و چۆنیەتی سودوەرگرتن لەم سامانە سرووشتیەتان کرد، ئایا رۆڵی ئەم نەوتە لە سەرکەوتنی رێککەوتنەکە و شکاندنی سەهۆڵبەندییەکەی نێوان هەولێر و بەغدا چی بوو؟**

- ئەگەر بەرهەمهێنانی نەوت و ناردنە دەرەوەی نەوت نەبووایە، هاوسەنگی لە سەرکەوتنی رێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق نەدەبوو، هەردوو لا گەیشتوونەتە ئەو دووڕیانەی کە پێویستە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز بکەنەوە، بەڵام نابێت تەنیا پشت بەم سەرچاوە و داهاتەی نەوت ببەسترێت، ئێمە خاوەنی کەناری دەریا نین بۆ سەربەخۆیی فرۆشتنی نەوتەکەمان، لەلایەکی دیکەوە تادێت بەهای بەرمیلێك نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانیەکان روو لە کەمی دەکات و ئەگەر نرخی نەوت لە سنووری ٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بێتەخوارەوە، بودجەی عێراق و کوردستانیش دوچاری کورتهێنانێکی گەورە دەبن، دەبێت لە سیاسەتی نەوتی بیر لە یەدەگی نەوتی بۆ داهاتووش بکرێتەوە، پێویستە فێر بین لە دەرهێنانی بەرمیلێك نەوتی خاو دەتوانین دەیان جار لە بەرهەمهێنانی نەوت و بەنزین و سووتەمەنی و پیشەسازی پێترۆکیمیاوی سوودمەند بین، بۆچی دەبێت بازاڕەکانی کوردستان نغرۆی کەلوپەل و بەنزین و سووتەمەنی وڵاتانی دەوروبەر بێت؟ وڵاتانی تورکیا و ئێران سیاسەتی

**پێشمەرگە ئەو رۆڵە وڵاتپارێزەی کوردستانە کە دەبێت مەشق و راهێنانیان پێ بکرێت و چەکی پێشکەوتوویان بۆ دابین بکرێت و باری بژێوی ژیانی خۆیان و خێزان و منداڵەکانیان باش بکرێت**

**ئێمە پێویستیمان بە پلانی ستراتیژی و بەرنامە و کاری واهەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن ببات**



نغرۆکردنـــی بازاڕەکان بـــەکاڵا و کەلوپەلی خراپ پیادە دەکـــەن. بـــا داهاتی نەوتـــی تەنیا بـــۆ خەرجییەکانی بەکارخستن و مووچە نەڕوات، ئێمە پێویستیمان بە پلانی ســـتراتیژی و بەرنامـــە و کاری واهەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن ببات.

*** تەوەرێکـــی گرنگی رێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان و حکومەتی عێراقـــی فیدراڵ پرســـی پێشمەرگە بوو، بەتایبەت لەکاتێکدا کە هێزەکانی پێشـــمەرگە لە تەواوی بەرەکانی جەنگ و لە (کۆبانێ) یش ســـەروەری گەورەیان تۆمارکرد، ئایا چۆن لەم پرسە دەڕوانیت؟**

- ئاســـایش و ئارامی کۆڵەکەی ئابوورییە و بەتایبەتی لەم سەردەمەدا وەبەرهێنان و بیزنس بە ملیۆنەها دۆلاری لـــەم هەرێمەدا خســـتۆتەگەڕ، بەو پێیەی لـــە ئابووریدا ســـەرمایە بە ترســـنۆك دادەنرێت، هەربۆیە چی بکرێت بۆ پاراســـتنی سنوورەکانی کوردســـتان و سەقامگیری ئارامی و ئاســـایش هێشـــتا کەمە، پێشمەرگە ئەو رۆڵە وڵاتپارێزەی کوردســـتانە کە دەبێت مەشـــق و راهێنانیان پـــێ بکرێت و چەکی پێشـــکەوتوویان بۆ دابین بکرێت و بـــاری بژێوی ژیانی خۆیان و خێزان و منداڵەکانیان باش بکرێت، پێشـــمەرگە ئابووری کوردســـتان و بژێوی ژیانی خەڵکەکەی دەپارێزن، هەربۆیە پێویســـتە لەپاڵ سەرکەوتنەکانی پێشمەگە و لەکاتی ئـــەم شـــەڕەدا ئابوورییەکەمان دابڕێژینەوە و چاکســـازی لەســـەرەوە تا خوارەوە ئەنجام بدرێـــت. وڵاتانـــی ئەوروپا و ئەمریکا لەکاتی شـــەڕدا تراکتۆریـــان کردە تانك و پیشەســـازی جەنگیان بونیات نـــا، کە دواتر بووە کۆڵەکەیەکی گرنگی پیشەســـازی و مەدەنییەت، راستە ئابووری جەنگ پشتی شەڕ دەگرێت، بـــەڵام پشـــتگیری شـــەڕیش تەنیا بە ئابـــووری پێترۆ دۆلار نابێت، جار هەبووە لەکاتی شـــەڕ ئەو ســـەربازەی بە یەدەگ دانراوە، کاتێك بۆ بەرەکانی شـــەڕ پێویستیان پێ نەبـــووە، دەبارنە کێڵگەکانی درووونـــەوەی بەرهەم و یارمەتی جووتیارەکانیان دەدا، ئەمەش بۆ ئەوەی فشـــار و پاڵەپەســـتۆ بەســـەر میللەتدا نەیەت. من تێناگەم ئەو هەموو کوردەمان لـــە دەرەوەی وڵات هەیە، بۆ لە بواری هاوکاری و یارمەتییەکانی دەرەکی ناجووولێندرێن؟ دەبێت سیاسەتی هاوسەنگی هەبێت و پێویستە هەوڵبدرێت نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر گرفتی کەمی بودجە دەربازی بێت و داوا لەوڵاتانی دەوڵەمەند بکات بە فریای هەزارەها خێزانی ئاوارەی ســـووری و دەربـــەدەری عێراقی بکەون کە ئێستا بارگرانییان لەسەر ئابووری هەرێم و خەڵکەکەی درووستکردووە.

**ئەگەر نرخی نەوت لە سنووری ٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بێتەخوارەوە، بودجەی عێراق و کوردستانیش دوچاری کورتهێنانێکی گەورە دەبن**





زەکاری لۆکمان

ئوستادی دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی هارڤارد بۆ گوڵان:

# بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و عێراق زەحمەتە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە تێکشکاندنی داعش سەرکەوتوو بێت

**پرۆفیسۆر زەکاری لۆکمان ئوستادی دیراساتی مێژووی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی هارڤارد و توێژینەوەکانی لە بوارەکانی سیسیۆئیکۆنۆمی، کەلتوور و مێژووی سیاسیی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، بۆ قسەکردن لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی شەڕی تیرۆریستانی داعش و ستراتیژیەتی هاوپەیمان بۆ هیوابڕین و پاشانیش تێکشکانی تیرۆریستانی داعش هەروەها رۆڵی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕە نیودەوڵەتییە، لەکاتێکدا لەنێو هاوپەیمانی دژەتیرۆردا کێشە و بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەم شەڕە و سەبارەت بەم لایەنانە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ستراتیژیەتی لاوازکردن و لە ناوبردنی داعش زۆر کارا نییە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لە ئاست ئەم ئامانجەدا، ئایا چۆن لەم ستراتیژیەتە دەڕوانن؟**

- پێموایە ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما زۆر دژیەکی تێدایە و بەو شێوەیەی کە ئێستا گەڵاڵە کراوە، ئەگەری ئەوەی نییە سەرکەوتوو بێت، بۆ نموونە: دژیەکی هەیە لە نێوان ئەوەی هەوڵدەدات لە عێراقدا بیکات و ئەوەی هەوڵدەدات لە سووریادا ئەنجامی بدات. هەروەها ئەو هێزە جیاوازانەی ئەمریکا کاریان لەگەڵدا دەکات، بە دڵنیاییەوە هەمیشە هاوڕا نابن لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا دەیەوێت. بۆ نموونە: پرسی ئایندەی سووریا لێرە پرسێکی زۆر گرنگە، بەڵام ئەمریکا پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی شەڕی هێزەکانی داعش دەکات لە سووریا، بەڵام دەستێوەردان ناکات لە دژی رژێمەکەی ئەسەد، یاخود بۆ پشتیوانی یاخیبووان، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات برەو بە هێزەکانی دژ بە ئەسەد دەدات، ئەمەش ستراتیژیەتێکە ئەگەری ئەوەی نییە سەرکەوتوو بێت. تا ئەو رادەیەی دەستێوەردانی ئەمریکا لە سووریا رەنگە پشتیوانی بێت بۆ رژێمەکەی ئەسەد، بەڵام رەنگە نەبێتە هۆی تێکشکاندنی، یاخود ئیحتیواکردنی داعش. ئەمریکا لە عێراقدا سەرۆك وەزیرانێکی نوێی داناوە، بەڵام بارودۆخی دەوڵەتی عێراقی و هێزە چەکدارەکانی عێراق زۆر لاوازن، ئەگەر ئەمریکا ببێتە هێزی ئاسمانی بۆ حکومەتی شیعەی تایەفەگەری عێراق، ئەوا ئەگەری ئەوە نییە سەرکەوتوو بێت و ئەگەری ئەوەشی نییە ئامانجی ئاشتەوایی سیاسی بەدی بێنێت، ئەو ئاشتەواییەش بەدی نەیەت، ناتوانێت لە شەڕی دژی داعش سەرکەوتوو بێت، بۆیە ئاشتەوایی سیاسی لە عێراقدا بەڕاستی پێویستە بۆ تێکشکاندنی هێزەکانی داعش، بێگومان کێشەی کوردیش گرنگییەکی سەنتراڵی بۆ ئەم پرسە هەیە. بە دڵنیاییەوە ئەمریکا دەیەوێت، وڵاتێکی وەك تورکیا بە قووڵی بەشداری بکات لەمەدا کە هێزێکی چەکداری بەهێزی هەیە و لە سەر لێواری زۆنی شەڕدایە، تورکیاش گیری خواردووە لە نێوان سەرکوتکردنی هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکانی سنوورەکەی خۆیدا و رزگاربوون لە رژێمەکەی ئەسەد و هاوکات نایەوێت باسکی هێزە کوردییەکانی سووریا ئەستوورتر بێت، کە پێدەچێت هاوپەیمانی دوژمنەکەی (پەکەکە) بن. کەواتە لێرەدا دژیەکییەکی گەورە هەیە و کەیسەکان بە باشی پێکەوە نەگونجاون. پێموایە ئیدارەی ئۆباما هەستی کرد، دەبێت شتێك بکات، دەبێت کاردانەوەی هەبێت لە ئاست سەرکەوتنە سەربازییە سەرسوڕهێنەرەکانی داعش، بەڵام پەرەی بە ستراتیژیەتی سیاسی نەداوە، دەبێت ستراتیژیەتێکی بەرفراوان بدۆزێتەوە، کە بە شێوەیەکی گونجاو ئێران و تورکیا و هێزە کوردییەکانیش لەخۆ بگرێت، هەم لە عێراق و هەم لە شوێنەکانی دیکە، کە پێناچێت ئەمە رووبدات.

*** ئەمریکا جیاوازی کردووە لە نێوان تێکشکاندنی داعش و رووخاندنی دەسەڵاتەکەی ئەسەددا، ئەمە لە کاتێکدا مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیریی ناوچەکە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم جیاکردنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانی دژ بە داعش لە تێکشکاندنی ئەو تیرۆریستانەدا دوودڵ دەبن؟**

- پێموایە کێشەی سووریا گرنگییەکی سەنتراڵی بۆ ئەم پرسە هەیە، ئەمریکاش چەند ساڵێك پێش ئێستا ویستی رژێمەکەی ئەسەد لە دەسەڵات دووربخرێتەوە، هەروەها تورکیاش ئەم دەرئەنجامەی دەوێت. ئێستاش کە داعش و بەرەی ئەلنوسرە و گرووپە جیاوازەکانی دیکە بە شێوەیەکی گشتی هێزگەلێکی سوننەی توندڕەون. بزووتنەوە دیموکراتییە جەماوەرییە گەورەکان

**هێزە کوردییەکان هەم لە عێراق و هەم لە سووریا کارێکی باشیان کردووە لە شەڕی داعشدا و پتر سەرکەوتوو بوون**

**ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما زۆر دژیەکی تێدایە و بەو شێوەیەی کە ئێستا گەڵاڵە کراوە، ئەگەری ئەوەی نییە سەرکەوتوو بێت**

کە لە سەرەتای ڕاپەڕینی سووریادا هاتنەئاراوە، بە ڕادەیەکی زۆر پەراوێز خراون و ئەوەی پێی دەگوترێت سوپای سووری ئازاد لە ئارادایە. کەواتە ئەوە دژیەکییە کە ئەمریکا دووچاری دژوارییەکی زۆر دەبێتەوە لە جیاکردنەوەی لادانی ڕژێمەکەی ئەسەد لە شەڕکردن لە دژی داعش. هەروەها ڕوون نییە کە ئەمریکا لە ڕووی سەربازییەوە دەستێوەردان بکات بۆ لابردنی ڕژێمەکەی ئەسەد، لەبەر ئەوەی نایەوێت ئەو هێزانە بێنەسەر دەسەڵات کە پتر دوژمنن بەرامبەر بە ئەمریکا. کەواتە ئەمانە دژیەکییەکن کە دەبنەهۆی ئەوەی ستراتیژیەتێکی جێگیر پیادە نەکرێت.

*** ئەمریکا لە شەڕ دژی داعش هاوپەیمان و شەریکی ڕاگەیاند، مەبەستی لە هاوپەیمانیی دەوڵەتان بوو، هەروەها مەبەستی لە شەریك هێزی زەمینی بوو، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك گرنگە بۆ ئەمریکا کە هێزی پێشمەرگە چەکدار بکات؟**

- ئەوە ڕوونە کە هێزە کوردییەکان هەم لە عێراق و هەم لە سووریا کارێکی باشیان کردووە لە شەڕی داعشدا و پتر سەرکەوتوو بوون، لێرەدا دژیەکییەکە ئەوەیە کە ئەمریکا هەست ناکات ئەگەری ئەوە پێویستە کە هێزی زیاتر بە هێزە کوردییەکان ببەخشێت، بەتایبەتی کوردەکانی سووریا، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە وا دەردەکەون کە هاوپەیمانی پەکەکەن، بەدڵنیاییەوە حکومەتی تورکیا زۆر خۆشحاڵ نییە بەمە، پێدەچێت ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان پەکەکە و بزووتنەوەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و حکومەتی تورکیادا کرابێت، ڕاوەستابێت. ئەمریکا پێیوایە تورکیا گرنگییەکی سەنتراڵی هەیە لەم پرسەدا و هەست دەکات ناتوانێت تورکیا گۆشەگیر بکات لە ڕێی پشتیوانیکردنی هێزە کوردییەکانەوە، لەلایەکی دیکەوە هێزە کوردییەکانیش ئامادەی شەڕکردنن و توخمێکی سەرەکین لەمەدا. ئەمە یەکێکە لە دژیەکییەکان، ڕەنگە شتەکان بگۆڕێن، بەڵام لەم ساتەوەختەدا تورکیا دژی هەر جوداخوازییەکی کوردییە، ئیتر لە تورکیادا بێت، یاخود لە سنوورەکانیدا و مشت و مڕی ئەوە لە گەڵ ئەمریکا دەکات کە نابێت واشنتۆن چەك، یان هاوکاری بداتە هێزە کوردییەکان.

**بەشە عەرەبییەکەی عێراق دەوڵەتێکی تێکشکاوە و چاککردنەوەشی کاتێکی زۆری دەوێت**

*** شارەزایان موناقەشەی دروستبوونی داعشیان دەکرد لە عێراقدا، وەك ئەوەی دەرئەنجامی هەڵەکانی حکومەتی مالیکی بێت، پرسیار ەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك پێویستە ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی خۆی زیاد بکات بۆ ئەوەی ئەوەندەی دیکە عێراق بەدەست تیرۆریستانەوە هەرەس نەهێنێت؟**

- چەند ساڵێك پێش ئێستا ئەمریکا هاوکار بوو لەوەی مالیکی دەسەڵات بگرێتەدەست و هیچ کارێکی نەکرد، کاتێك دەستنیشانکراوە سیاسییەکانی خۆی لە پێگە سەرەکییەکاندا دادەمەزراند وەك سوپا و هێزە چەکدارەکان کە بە کارەسات کۆتایی هات، وەك ئەوەی لە هاویندا بینیمان لەگەڵ هەرەسهێنانی هێزەکانی سوپای عێراق. ئەمە کارەساتێکی جێ باوەڕپێکردن نەبوو. ئێستاش ئەمریکا گیری خواردووە، لەلایەك جیاوازی هەیە لە نێوان حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی لە ڕووی بابەتییەوە دەبێت هاوپەیمان بن لە دژی داعش کە هەڕەشەیە بۆ سەر هەردوولایان، بەڵام هەندێ جیاوازی زۆر جددییان هەیە، لە لایەکی دیکەوە دەیەوێت زاڵ بێت بەسەر خەسڵەتی شیعەی حکومەتی عێراق، هەروەها هێزی چەکداری نیشتمانی و کارا بنیات بنێتەوە کە تایەفەگەری نەبێت، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە بەغدا لایەنە سوننەکانی لێ دوور خرابۆوە، ئەمەش پرۆسەیەکی دژوار و دوور و درێژ دەبێت، هەروەها ئەمە پرۆسەیەکی سیاسییە بە ئەندازەی ئەوەی پرۆسەیەکی سەربازییە، کاتێك شتەکان تێکدەشکێن، ئەوا پێکەوە لکاندنەوەی قورسە، بەشە عەرەبییەکەی عێراق دەوڵەتێکی تێکشکاوە و چاککردنەوەشی کاتێکی زۆری دەوێت، هەروەها هێزی سەربازی ئەمریکاش هەیە، وەك بۆردومانکردن و ڕاوێژکاری سەربازی، بەڵام پرۆسەی ئاشتەوایی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و کێشەی نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێم زۆر بەرەوپێش نەچووە.

*** ئەگەرچی لە ئێستادا پەکەکە شەڕ لە دژی تیرۆریستان دەکات لە سووریا، هەروەها پەیەدەش لە دژی تیرۆریستانی داعش لە سووریا شەڕ دەکات، بەڵام هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ ئەوەی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێندرێت، تا ئێستاش هیچ لایەنێك داوای لە تورکیا نەکردووە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکە لە زیندان ئازاد بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئازادکردنی ئۆجەلان و دەرهێنانی پەکەکە لە لیستی تیرۆر، بەرەی دژ بە تیرۆریزم بەرفراوان دەکات؟**

- هەروەك دەزانن ئەمریکا بەردەوام پەکەکە وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەناسێنێت، حکومەتی تورکیاش بۆ چەندین دەیە شەڕی لەگەڵ پەکەکەدا کردووە و مافەکانی کوردی سەرکوت کردووە، هەروەها ڕۆژگارێك هەبووە لە قۆناغی جیاوازدا هەوڵ دراوە بۆ جۆرێك لە گفتوگۆ و پێناچێت زۆر بەرەوپێش چووبێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا هەڵوێستێکی

سەرسەختانەی گرتۆتەبەر، ئەگەرچی من گومانم هەیە لەوەی هەندێکیان لە هێزە کوردییەکانی سەر ئەرزی واقیع تێبگەن، بەڵام ئیدارەی ئۆباما پێیوایە هێزە کوردییەکان ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت هێزێکی کارا بن، لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانیکردنی پەکەکە و تەنانەت پشتیوانیکردنی میلیشیا کوردییە هاوپەیمانەکانی پەکەکە لە سووریا بە باشی بەڕێوە ناچێت، لەبەر ئەوەی تورکیا بە توندی بەرهەڵستی ئەوە دەکات. کەواتە بەڵێ ئەوە یەکێکە لە دژیەکییەکان کە ئەمریکا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەبێ چارەسەرکردنی پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی خۆی و کەمینەی کورد لە دەرەوەی تورکیا، هەروەها بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی، ئەوا زەحمەتە بۆ ئیحتیواکردن و تێکشکاندنی داعش هاوپەیمانێتییەکی کارا پێکبهێندرێت، هەروەها ئەمە دیبلۆماسییەتێکی بەحەزەر و گفتوگۆی جددی دەوێت لەگەڵ ئێراندا، کە زۆر دەستڕۆیشتووە و لە دەرەوەی وێنەکە بەجێهێڵدراوە، من دڵنیام گفتوگۆی پشت پەردە هەیە لە نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر ئەم بابەتە. بەڵام ئەمە پێویستە بە چارەسەرکردنی ئەم پرسانە و پێویستی بەوە هەیە تورکیاش هەندێ هەوڵبدات لەم ڕووەوە، کە ئەمەش بە هەمان شێوە پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیاشەوە هەیە. ئەمانەش ئەرکگەلێکی زۆر قورسن، لەبەر ئەوەشە ئەمریکا لە پێگەیەکی دژیەکیدایە و ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە بارودۆخەکە لە ئێستادا باش بەڕێوە ناچێت.

*** دەبینین لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زۆربەی هێرشە تیرۆریستیەکان (نزیکەی ٩٩٪ی) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و وڵاتە ئیسلامییەکان چڕبوونەتەوە، بەرەی ئەلنوسرە و ئەلقاعیدە و هەموو ئەو گرووپانە تەرکیز لەسەر ئەم بەشە و لەسەر وڵاتانی ئیسلامی دەکەنەوە، ئایا ئەم هەوڵی ئیسلامی سیاسییە بۆ دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ڕاستە داعش خۆی وەك خەلافەت ڕاگەیاندووە، لەسەر ئەو بنەمایەش سەرنجی هەندێ لە خەڵك ڕادەکێشێت، لەبەر ئەوەی هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و خەڵکی پەیوەندی بە ڕیزەکانیەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی دەیەوێت خۆی وەك دەوڵەت دابمەزرێنێت، ئەمەش جیاوازە لەوەی ئەلقاعیدە ئەنجامی دەدا لە ئەفغانستان و شوێنەکانی دیکە. داعش هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، سەرکەوتنی سەربازی خێراشی بەدەست هێنا لە عێراق و سووریا و هیچ شتێکیش لەو چوارچێوە هزرییە جیهادییەدا وەك سەرکەوتن سەرنجراکێش نییە، من نازانم چەند درێژە دەکێشێت، ئیدی تێکشکاندنی سەربازی بێت، یاخود پاشەکشە بێت. ئەمە خەباتێکی دوور و درێژ و ئاڵۆزە و دەوڵەتی ئیسلامی داعشیش وەك ئەلقاعیدە دە ساڵ پێش ئێستا توانیویەتی ناوی خۆی لە نێو گرووپە مەحەلییەکانی دیکە بچەسپێنێت کە لە هەلومەرجی جیاوازەوە هاتوون، ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە هاوکارییەکی زۆر و بیرکردنەوەیەکی زۆر دەبێت و تێرامانێکی جددی و زۆری لە کێشە ئیقلمی و مەحەلییەکان دەوێت. هەروەها پرسی سووریاش زۆر هەستیارە کە نەك هەر تەنها هەوڵێکی سەربازی زۆری دەوێت بۆ تێکشکاندنی داعش، بەڵکو هەوڵێکی مرۆیی زۆریشی دەوێت، کە ئەوەش دۆخێکی کارەساتبارە.

*** دەبینین دوای دروستبوونی داعش، جیهادییە سەلەفییەکان لە ڕووی ژمارەوە زیاتر دەبن، بە چەشنێکیش زیاد دەبن کە بوونەتە بەرهەمی ناوخۆیی، لە ڕۆژئاواشدا بەهۆی سوودوەرگرتنیان لە بوونی کۆمەڵگەی ئازاد، ئەوا ئایدیای سەلەفی جیهادی برەو دەستێنێت، ئایا ئەگەر سەلەفییەتی جیهادی بەم شێوەیە گەشە بکات، ئەوا چ مەترسییەك لەسەر جیهان دروست دەکات؟**

- دووبارە ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دوور و درێژە، بە داخەوە لە زۆر ڕووەوە دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ـەوە بارودۆخەکەی خراپتر کردووە، ئێستا کێشەیەکی گەورە هەیە لە عێراقدا، دوای ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، کە زۆر خراپ بوو، ئەوا بارودۆخەکە زۆر خراپتر بووە، بە دڵنیاییەوە لە سووریا زۆر خراپتر بووە. کاتێك یاخیبوونی لەم شێوەیە دەبینین لە هەر بەشێکی ئەم جیهانەدا، هەندێکیان لەگەڵ ئەلقاعیدە، یان ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامین، ئێمە نامانەوێت وەك تیرۆریزم بیر لەمە بکەینەوە، ئەگەرچی ئەوان ئامرازی تیرۆریستییان بەکارهێناوە و چەندین کاری مەترسیداریان ئەنجام داوە، بەڵام ئەمە تەنها کارێکی تیرۆریستی سەربازی نییە، بەڵکو هەوڵێکی سیاسیشە و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەی ئابووریشە و پەیوەستە بە پەرەپێدان و پەروەردە، بەڵام هەموویان یەك نین، نەیجیریا جیاوازە لە مالی و مالی جیاوازە لە سووریا، ئەمەش پێویستی بە هەوڵێکی نێودەوڵەتی دیاریکراو هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی ئەم خەڵکانە بچنە نێو ئەو گرووپانەوە و هەندێ بەدیلی ڕاستەقینە بخەنەڕوو کە ڕەنگە چەند دەیەیەك بخایەنێت و تەنها بۆردومان کردن نییە، بەڵکو شتەکانی دیکەش دەگرێتەوە.

**پرۆسەی ئاشتەوایی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و کێشەی نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێم زۆر بەرەوپێش نەچووە**

**پێدەچێت ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان پەکەکە و بزووتنەوەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و حکومەتی تورکیادا کرابێت، ڕاوەستابێت**



# نووسەر و نووسین



ڤینۆس فایەق

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**(١)**

جۆرەکانی نووسەر زۆرن، بەڵام من تەنها دوو جۆریان جیادەکەمەوە، یەکێکیان بەردەوام نووسینەکانی خۆی بە کەموکورت دەبینێ و لە هەوڵی باشتربووندایە، یان کۆڵدەدات، دووەمیان وادەزانێ هەموو ئەوەی ئەو دەینووسێ، کەس نەینووسیوە و خۆی وادەبینێ کە پێویستی بە بەدواداچوون و فێربوونی زیاتر نییە، ئەمەش یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە لە جێگەی خۆی چەقیوە، بەڵام هێشتا بەخۆی نەزانیوە. ئەم دوو جۆر نووسەرەش ئەو کەشوهەوا هوشیاری و رۆشنبیری و سیاسیەی کۆمەڵگە و خوێنەر دروستیان دەکەن.

کۆمەڵگەی ئێمە کە بە پرنسیپەکانی بەگەورەزانین و بەپیرۆزڕاگرتن بینا بووە، هەمیشە دابەش دەبێت بەسەر باشترین و خراپترین، جوانترین و ناشرینترینندا. ئەوەش ئەنجام و لێکەوتەی قەیرانێکی رۆشنبیری و دنیابینییە کە تەنگی بە نوخبەی نووسەر و خوێنەر و سیاسییەکان هەڵچنیوە. تەواو وەکوو ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە

چینی ناوەڕاستی لەناو بردووە و کۆمەڵگەی لە رووی ئابوورییەوە دابەشی زۆر دەوڵەمەند و زۆر هەژار کردووە.

لە کوردستانی ئێمە بۆ نموونە کەشوهەوای سیاسی و حزبی هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی لە خۆیدا تواندۆتەوە، وەکوو رۆژنامەوانی، ئەدەب، نووسین، جگە لە ئابووری، حکوومی، دینی، هونەری و.. هتد! ئەو کەشوهەوایە بەجۆرێك خراپ بەڕێوە دەچێت، بۆ نموونە کە باوەش بۆ نووسەر، یان شاعیرێك دەکاتەوە، بەدوایدا تەحسیل حاسڵ خوێنەر دابەش دەبێت و پۆلینەکان زەق دەبنەوە، دەبینی کەسێك دەبردرێتە کەشکەلانی فەلەك و لە دوای ئەوەوە دەڵێی ئەو میللەتە ئیتر شاعیر، یان نووسەرێکی دیکەی نەخستۆتەوە.. کە شاعیر، یان نووسەرێك پەراوێز دەخات، بەهەمان شێوە خوێنەر پشتی تێدەکەن، وەکوو بڵێی مەیدانەکە لەو خراپتری تێدا نییە.

لە دانیشتنێکدا لەگەڵ (شاعیرێکی گەورە) دەقێکی شیعری ئێجگار جوانی شاعیرێکی تازەپێگەیشتووم پیشاندا بیخوێنێتەوە، یەکەمجار تاقەتی خوێندنەوەی نەبوو، داوای کرد من بۆی بخوێنمەوە، دووەمجار هەر گوێشی لێنەبوو، گوتی: جا ئەوە کەی شیعرە؟ ئەوانە کەی شاعیرن؟ ئەسڵەن ئەوانە هەر نابن بە شاعیر. لە دانیشتنێکی تردا بەڵام لەگەڵ هەوادارێکی ئەو (شاعیرە گەورە)یەدا، هەمان دەقم بۆ خوێندەوە و ناوی شاعیرە تازە پێگەیشتووەکەم لابرد و گوتم: ئەمە دەقی فڵانە (شاعیری گەورە)یە، بێ ئەوەی هیچی لێ تێگەیشتبێ، بێ یەك و دوو گوتی: ئاخر بۆیە پێی دەڵێن (گەورە)، چونکە دەقی ئاوا مەزن دەنووسێت!

خوێنەر و بەناو رەخنەگرەکانی ئێمە ئاوا دەق دەخوێننەوە، ئەوان زیاتر کاریان بە ناوەکەیە وەك لە ناوەڕۆکی دەقەکە. هەمان شاعیری تازەپێگەیشتوو بە گلەییەوە بۆی گێڕامەوە: دەقێکی جوانی ناردبوو بۆ پاشکۆی ئەدەبی یەکێك لە رۆژنامەکان کە هاوڕێیەکم بەرپرسی بوو، رەتی کردبۆوە و پێی وتبوو: ئێمە دەقی شیعری بڵاوناکەینەوە. هەمان هەفتە، دەقی (شاعیرە گەورەکە)م لەو پاشکۆیەدا بینی. گلەیی شاعیرە تازەهەڵکەوتووەکەم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەیاندێ، لێم پرسی: بۆچی بە خەڵك دەڵێی دەقی شیعری بڵاوناکەینەوە؟ ئەی ئەوە نییە دەقتان بڵاوکردۆتەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: هەر بەڕاستی ئێمە دەقی شیعری بڵاوناکەینەوە، بەڵام تۆ ئەو (شاعیرە گەورە)یە بە کەسی دی بەراورد مەکە، ئەوە هەرگیز دەقی رەت ناکرێتەوە. منیش گوتم: ئەگەر دەقەکەشی ناشیرین بێت؟ وەڵامی دامەوە: ئەو هەرگیز دەقی ناشرینی نییە، من بەبێ ئەوەی بیخوێنمەوە بۆی بڵاودەکەمەوە..

هەڵبەتە ئەمە بیردۆزی دروستکردنی ناوە لەسەر ئەرکی حزب و خوێنەری نوخبە، ئەمەیە دیوەکەی دیکەی بیردۆزی (سەرکردەی تاك و مەزن)، بەهەمان شێوە (تاکە شاعیری گەورە)، (تاکە نووسەری بلیمەت)،(تاکە سیاسەتمەداری لێهاتوو)، ئەمانە ئەگەر گوێزیش بژمێرن بەرهەمە، خوێنەریش وا راهاتووە بە بیردۆزیی (فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ) هەر چەپڵە لێدەن و لە دوایەوە بڕۆن و گەورەتر و گەورەتری بکەن!

لای ئێمە نووسەرمان هەن لە سەرووی خەڵکەوە دادەنیشن و دەنووسن، لە کاتێکدا تۆ ئەگەر بتەوێ لە بارەی کۆمەڵگە بنووسیت، جا هەر بوارێکی بێت، دەبێت لەناو خەڵکدا و لە ئاستی خەڵکدا دانیشیت، بۆ ئەوەی هەموو وشەیەکت راستگۆیانە بگەنە لای خەڵك. بۆیە دەبێت نووسەر بەدوای بابەتدا بگەڕێت و بیخوێنێتەوە، نەك بۆ ناو بگەڕێ، خوێنەریش بەهەمان شێوە دەبێ هەموو شتێك بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی نووسینی چاك و خراپ لە یەك جیابکاتەوە، نەك نووسەری گەورە و بچووك، چونکە لە کۆتاییدا مەسەلەکە ئەوە نییە تۆ شاعیر، یان نووسەرێکی گەورەیت، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە ئایا تۆ شاعیر، یان نووسەریت، یان نا؟ کە شاعیر، یان نووسەر بوویت، دەشێ باش بنووسیت، دەشێ خراپیش بنووسیت، ئیدی ئەوە خۆتی لە نووسینەکەت رازی دەبیت، یان نا، هەروەها حوکمی کۆتایی خوێنەریش دەبێت لەسەر دەق بێت، نەك لەسەر ناو. راستە دەق ناو دروست دەکات، بەڵام کە نووسەرێك شتێکی خراپی نووسی مانای کەوتن و نەمانی ناگەیەنێت، چونکە دواجار نووسینەکان قەناعەت و تێڕوانینی نووسەرە بۆ خۆینەر.

نووسەرەکانی ئێمە، زۆربەیان، ناڵێم هەموویان، لە سەرەوە بۆ خوێنەر دەنووسن، لە زۆر کەسم بیستووە کە دەڵێ: من بۆ هەموو کەس نانووسم، من بۆ نوخبە دەنووسم. منیش دەپرسم: ئەو نوخبەیە کێن؟ کێ بڕیاریدا ئەوانە نوخبەن؟ چۆن بڕیارتدا گشت خەڵك دابەش بکەیت بەسەر نوخبە و نانوخبەدا؟ ئەو نووسەرەی بۆ کۆی خوێنەر نەنووسێت، هەرگیز پەیامەکانی ناگەن. چونکە مومکین نییە لە کاتێکدا باسی کۆمەڵگە دەکرێت، باسی دیاردەیەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی تەنها بۆ نوخبە بکەن. هەرگیز ئەوانەی کە تەنها بۆ نوخبە دەنووسن ناتوانن پرسێك بکەنە پرسی رای گشتی، چونکە بۆ گشت نانووسن.

**ماویەتی....**

**ئەو نووسەرەی بۆ کۆی خوێنەر نەنووسێت، هەرگیز پەیامەکانی ناگەن. چونکە مومکین نییە لە کاتێکدا باسی کۆمەڵگە دەکرێت، باسی دیاردەیەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی تەنها بۆ نوخبە بکەن**

**هەرگیز ئەوانەی کە تەنها بۆ نوخبە دەنووسن ناتوانن پرسێک بکەنە پرسی رای گشتی، چونکە بۆ گشت نانووسن**